# فیمینیزم لەشیعری کوردیدا
## ـ کرمانجی خواروو ـ

د . عەباس ساڵح عەبدوڵا

2707 کوردی 1428کۆچی 2007 زایینی





«فیمینیزم لەشیعری کوردیدا – کرمانجی خواروو»

هەڵەبڕی: ئاڤان فەتاح

دیزاین: ئاراس حسن

سەرپەشتیاری چاپ: ئاڤان فەتاح

چاپ: چاپخانەی بینایی

چاپی یەکەم 2009

تیراژ: (500) دانە

پرۆژەی بەچاپگەیاندنی (30) کتێب

ژمارە(8)

ئەدرەسی ئەلەکترۆنی:
genderkurd@yahoo.com
genderkurd@hotmail.com

ویبسایت
www.genderkurd.net

ئەدرەس: کوردستان– سلێمانی– هاوکاری
Normal: 3288041
Asia cel: 07703522200
Sana tel: 07301092734

(مافی لەچاپدانەوەی پارێزراوە بۆ سەنتەری نیشتمانی بۆ لێکۆڵینەوەی جێندەر)

| بابەتەکان | لاپەڕە |
| --- | --- |
| پێشەکی | 7 |
| **بەشی یەکەم** | |
| پاری یەکەم: ژن لەقۆناغەکانی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتیدا | 11 |
| قۆناغی دایك سالاری | 13 |
| قۆناغی باوك سالاری | 18 |
| ژن لەقۆناغی دەرەبەگایەتیدا | 25 |
| ژن لەقۆناغی سەرمایەداریدا | 27 |
| پاری دووەم: شۆڕشی فەڕەنسی | 31 |
| پاری سێیەم: فمینیزم – چەمكو جۆرەکانی | 45 |
| قوتابخانەی لیبڕاڵ فمینیزم | 58 |
| قوتابخانەی رادیکاڵ فمینیزم | 62 |
| قوتابخانەی مارکسیزم فمینیزم | 65 |
| قوتابخانەی فمینیزم سۆشیالست | 67 |
| تیۆری فمینیزمی هەڵوەشێنەر | 69 |







| | |
| --- | --- |
| تیۆری فمینیزمیوجودی | 72 |
| تیۆری فمینیزمی ڕەش | 73 |
| تیۆری فمینستی هونەری | 74 |
| زیدا | |
| حاجی تۆفیق (پیرەمێرد) | 85 |
| شێخ نوری شێخ سالح | 87 |
| بێکەس | 91 |
| گۆران | 96 |
| هێمن | 103 |
| **بەشی سێیەم** | |
| پاری یەکەم : هەوڵدانی ژنی کورد بۆوەدەستهێنانی داخوازییەکانیان | 109 |
| پاری دووەم: دەرکەوتنی شیعری ژنان لەئەدەبی کوردیدا | 123 |
| پاری سێیەم: چەمکی فیمینیست لەشیعری ژناندا | 143 |
| ئەنجام | 215 |
| سەرچاوەکان | 219 |
| کورتەی لێکۆڵینەوەکەبەزمانی عەرەبی | 231 |
| کورتەی لێکۆڵینەوەکەبەزمانی ئینگلیزی | 235 |

**پێشكەشە بە:-**

- **پێشكەشـە بەڕۆحـی پـیرۆزی دایـكو بـاوكم.**
- **بەهاوسـەری ژیانـمو جگەر گۆشەكانم.**
- **بـەو ڕۆحـە پـاكـانەی بەنـاوی شەڕەفو پـاراستنـی پـیرۆزی ڕەوشتـی بنـەماڵـەوە تـیرۆركـران.**

## پێشەکی :−

لەبزاڤی ڕۆشنبیری کوردیدا، بەتایبەتی لەم ساڵانەی دواییدا، باسی چەمکی فیمینیزمو جۆرەکانی کراوە، بەڵام کەمتر لەبواری شیعرو ژانرەکانی تری ئەدەبدا خراوەتە بەرچاو، لێکۆڵینەوەیەکی زانستی لەبەردەستدا نییە لەبواری ڕەخنەی فیمنستییەوە، بەتایبەتی لەسەر چەمکی شیعر کرابێت. بۆیە ئێمەش بایەخمان بەم باسە داوەو لێکۆڵینەوە لەو بابەتە بەگرنگ دەزانینو دەبێ ئەو ڕاستیەش فەرامۆش نەکەین کەشیعرو ئەدەبیاتی ژنانی کورد نەچۆتە ڕیزی ئەدەبو شیعری شاعیرانیوڵاتانی پێشکەوتووەوە، ئەوەی لەئەدەبی کوردیدا بەرچاو دەکەوێت، دەربارەی فیمنیزم، یان مێگەری، لەساڵانی هەشتاکانی سەدەی بیستەم بەدواوە، لەشیعری چەند شاعیرێکی ژندا ڕەنگی داوەتەوە.

بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، ئێمە بەگشتی باسی سەرهەڵدانی شیعری ژنانمان کردووەو هەوڵمانداوە ڕووی گەشی شیعری ژنان بخەینە بەرچاو. بۆ دەوڵەمەندکردنی باسەکەش سەرەتا لەبەشی یەکەمداو لەپاری یەکەمدا کورتە مێژوویەکی پەرەسەندنی قۆناغەکانی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەی ژنانمان باس کردووەو بایەخمان بەبۆچوونی زاناو مێژوونووسان داوە. لەپاری دووەمدا بایەخمان بەشۆڕشی فەرەنسی داوە، بەو بەڵگەیەی شۆڕشی فەرەنسی سەرەتایوریابوونەوەی کۆمەڵانی خەڵکی فەرەنسا بوو. ئەم شۆڕشە کاریگەریی لەسەر شۆڕشەکانی تری جیهان هەبووەو لەم شۆڕشەدا بزاڤی ژنان سەریهەڵداوەو پەلی بۆوڵاتانی تر ڕاکێشاوە. لەپاری سێهەمدا





بەکورتی باسی شەپۆڵەکانی سەرهەڵدانی فیمینزممان کردووە لەچەمکو جۆرەکانی قوتابخانە فیمنیزمییەکان دواوین. لەبەشی دووەمی باسەکەماندا بایەخمان بەشعری پیاوانی کورد داوە بەتایبەتی لەکرمانجی خواروودا ڕۆڵی چەند شاعیرێکمان دەرخستووە کەلەشیعرەکانیاندا بایەخیان بەدۆزی ژنو سەربەستیو ڕزگاری ژن داوەو ئاماژەیان بەچەوسانەوەو دیلیو ژێردەستەیی ژن کردووەو هەتا ڕادەیەك پەنجەیان خستۆتە سەر زامەکانیانو بەدوای چارەسەرێکی گونجاودا گەڕاوون کەژن لەدواکەوتوویی ناو کۆمەڵگە ڕزگاربکەن. لەبەشی سێهەمداو لەپاری یەکەمدا بایەخمان بەبزاڤی ژنان خۆیان داوە لەڕووی هەوڵەکانیان لەپێناوی خوێندنو ڕۆشنبیریدا هەروەها ئەو هەوڵو چالاکیانەی لەبواری ڕێکخراوەییو بوارەکانی تردا داویانەو لەم بەشەدا هەوڵی ئەو پیاوە نووسەرو تێکۆشەرانەمان باس کردووە کەڕۆڵیان لەپێشخستنی بزاڤی ڕۆشنبیری کوردیدا هەبووە. لەپاری دووەمی باسەکەماندا باسی ژنە شاعیرو مێژوونووسی کورد مەستوورەی ئەردەڵانیمان کردووە هەرچەندە بەر لەمەستوورە بەدیالێکتی گۆرانی چەند شاعیرێکی ژن بەرهەمیان دەبینرێ، بەڵام ئێمە بایەخمان بەمەستوورە داوە، چونکەژنێکی دیاری ناو گۆڕەپانی ڕۆشنبیریی کوردییە بەتایبەتی لەهۆنینەوەی شیعرو نووسینی مێژوودا ڕۆڵێکی دیاری هەیە. لەو ڕووەشەوە زیاتر بایەخمان بەمەستوورە داوە کەمەستوورە سەرنجی شاعیری گەورەی کورد (نالی) ڕاکێشاوەو چامەیەکی (49) بەیتی بۆ نووسیوە، لەدوای مەستوورەش چەند شاعیرێکی ژن ناویان

دێت، بەڵام زۆر بەکەمی شیعریان هەیەو تاکو تەرا بەرهەمیان دەبینرێ. لەنێوانی مەستوورە هەتا ساڵانی پەنجاکانی سەدەی بیستەم لێڵی‌و تاریکیەك بەئەدەب‌و شیعری ژنانی کوردەوە دیارە کەهۆکەیمان ڕوون کردۆتەوە لەو مێژووەش بەدواوە هەتا ساڵانی هەشتاکانی سەدەی بیستەم ناوی چەند شاعیرێکی ژن دەبینرێ ئێمە لەپاری سێیەمدا باسی هەندێ لەو شاعیرە ژنانەمان کردووە کەئەوکاتە شیعریان بڵاوکردۆتەوەو لەدوای ئەو بابەتانەی باسمان کرد بایەخمان بەشاعیرانی ژنی دوای ساڵانی هەشتاکان داوە شیعری ( 10) ژنی شاعیرمان هەڵسەنگاندوەو لەڕووی چەمکی فیمنیزمییەوە لەشیعرەکانیان دواوین. ئەمەش بەو مانایە نییە کەهەر ئەو دەنگانە لەبواری شیعری فیمینیستیدا هەن، بەڵکو ئێمە لەگەڕان‌و پشکنینماندا ئەو دەنگانەمان کەوتۆتە بەرچاوو مامەڵەیەکی فیمینستانەمان لەگەڵ شیعرەکانیاندا کردووە بەو مانایەی فیمنیزم دەرگای لەهەموو هەوڵ‌و تێکۆشانێك کردۆتەوە کەرزگاری ژن لێیەوە دەچێتە ژووری‌و لەئەنجامدا ئەو فاکتەرانەمان دەستنیشان کردووە کەشیعری ژنانی کورد بەدەستیان هێناوە.

## بەشی یەکەم

## پاری یەکەم

## ژن لەقۆناغەکانی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتیدا





بەر لەهەر شتێ دەبێ بەناو گۆڕانکاریەکانی مێژوودا شۆڕببینەوەو هەوڵبدەین بزانین کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی چی بەسەر ژیانی مرۆڤدا هێناوەو ئەو گۆڕانکاریانە چین کەمرۆڤ پیاییدا گووزەری کردوەو بەدرێژایی سەدە بەراییەکان مرۆڤ چۆن لەئەشکەوتو جەنگەڵەکان هاتە دەرێو چۆن ژیانی سەختو دژواریان دەست پێکردو چۆن کەوتە ئەوەی بەرامبەر سروشت بوەستێو خۆی لەزیانەکانی لابداتو هەوڵبدات بەسەریدا زاڵ بێتو ئەوجا بکەوێتە ئەوەی خێزان دروست بکات، کەدیارە مێژوویەکی دوورو درێژیویستووە هەتا گەیشتۆتە دوا گەشەسەندنی قۆناغەکانی ژیان کەهەتا ئێستا درێژەی هەیە. بۆ زانینی ئەو سیستەمەی کۆمەڵگای پێ ئاشنا بووەو خێزانی تیا دروست بووە، بەتایبەتی ئەو گۆڕانکاریانەی بەسەر ژیانی ژندا هاتووە کەبەشێکی گرنگە لەخێزانو کۆمەڵگا پەنا دەبەینە بەر ڕاو بۆچونی هەندێ لەزانایانو بیرمەندانو شارەزایان کەگۆڕانکاریەکانی مێژوویان شیکردۆتەوەو ڕۆڵێکی کاریگەریان لەبواری هزرو ژیانی کۆمەڵایەتیدا گێڕاوە.

**قۆناغی دایك سالاری:ـ**

لەبارەی درووستبوونو گەشەسەندنی کۆمەڵگەوە ئەنگڵز دەڵێ:((دەرکەوتنی ناتەبایی لەنێوان کۆنو نوێدا، لەئەنجامدا دەبێتە هۆی سەرەو ژێربونێکی تەواوی ئەو کۆمەڵگە کۆنەی کەلەسەر زەمینەی فیدراسیۆنی هۆزەکان دروستبووە بەهۆی بەیەکداهەڵپژانی چینە کۆمەڵایەتیە تازە دروستبووەکان دەتەقێتەوەو لەجێگەی ئەودا کۆمەڵگایەکی نوێ دێتە کایەوە))[1] .

بەو پێیەی کەژن لەقۆناغی سەرەتای دروستبوونی شارستانیەتیدا ڕۆڵێکی سەرەکی لەپێکهێنانی ژینگەی خێزانو کۆمەڵگەدا گێڕاوە، سەرەڕای ئەوەی کەبەخێوکەری منداڵ بووەو لەئامادەکردنی خۆراكوماڵیکردنی ئاژەڵو دۆزینەوەی دانەوێڵەو کشتوکاڵدا دەستپێشخەری کردوە، ئەم کاریگەرییەش لەسەر ژیانی کۆمەڵایەتیو ئابوری کۆمەڵگا پلەو پایەکی مەزنی پێبەخشیوەو دیارە گەشەکردنی هێزەکانی بەرهەمهێنانیش هۆیەکی سەرەکی ئەم گۆڕانکاریانە بووە.

لەڕووی گەشەکردنی قۆناغەکانی کۆمەڵگەشدا ئەنگڵز دەڵێ:((مێژووی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی بەچەند قۆناغێکدا تێپەڕیوە، هۆکەشی دەگەڕێتەوە بۆ گەشەکردنی هێزەکانی بەرهەمهێنان، سەرەتایترین قۆناغیش قۆناغی کۆمۆنی سەرەتاییە کەنیشانەکانی بریتییە

[1] ئەنگڵز، بنەچەی خێزانو خاوەندارێتی تایبەتو دەوڵەت، (و) لە ئەڵمانیەوە کەریم مەلا ڕەشید، ل 7.





لەنەبوونی چەوسانەوەی مرۆڤ لەلایەن مرۆڤەوە. کارکردن لەم قۆناغەدا بەگوێرەی توانا دابەشکراوە، مرۆڤایەتیش بەیەکسانی سودیان لەبەروبوومی سروشتوەرگرتووە، لەم قۆناغەدا دایك سەرچاوەی پتەویو بوونی هەر خێڵێك بووەو منداڵ بۆ ئەم گەڕاوەتەوە هەر ئەمەش بووەووای لەژن کردوە ژن پلەی لەپیاو بەرزتر بێت، چونکەبایەخی بەنەوەکانی ئەداو لەمەترسی ئاژەڵی دڕندەو سەرماو سۆلەدەی پاراست))[1] .

لەکۆمەڵگە سەرەتاییەکاندا بەشی زۆری بەدەستهێنانی ئابوری لەلایەن ژنانەوە ئەنجامدراوە نەك لەلایەن پیاوانەوە، چونکەپیاوان بەدرێژای چەندین ساڵ خەریکی ڕاووشکار بوونو ژنانیش خەریکی کشتوکاڵو کاری هونەری بوون لەڕووی ڕۆڵی پەرەسەندنی ژن لەکۆمەڵگە سەرەتاییەکاندا، پ.د. کەمال مەزهەر دەڵێ: ((ئەوسا شتێك نەبوو پێی بوترێ خێزان هیچ پیاوێك منداڵی خۆی نەدەناسیەوە، لەوابوو ژنوەك درەخت بەر دەگرێ پیاویش نەبێ ئەو زاوزێی خۆی هەردەکات. لەبەر ئەوە منداڵ تا لەخەم دەڕەخسا تەنها بەکۆڵی دایکیەوە بوو. بەخێوکردنی بەو جۆرەی منداڵ زۆر ئەرکی ژیانی خستە سەرشانی ژن، ئەمیان بەپێچەوانەی پیاوەوە دەبوو مشوری خۆراكو پۆشاكو پاراستنی خۆیو منداڵەکانی بخوات، ژن زۆر لەپیاو زیاتر عەودالی بەروبوومی دارو درەختو گژوگیا بوو، بۆیەواپێدەچێت

[1] ئەنگڵز، بنەچەی خێزانو خاوەندارێتی تایبەتو دەوڵەت، ل 17 .

کشتوکاڵ – یەکەم بەردی گەورەی بناغەی شارستانیەتی مرۆڤ – بەرهەمی بیری ئەوبێت))[2].

لەو قۆناغەدا کەمێژوو نووسان ناویان ناوە دەسەڵاتی دایك یان دایکسالاری زۆربەی گەلەسەرەتاییەکان نەیان دەزانی رۆڵی باوك لەمنداڵ بووندا چیەو بەبڕوای ئەوان منداڵ لەرۆحی باپیرانیانەوە دێنو دەچنە ناو سکی ژنەوە. دیارە لەقۆناغێکی ئاوادا ژن بۆ منداڵ بوون پێویستە بۆیە یەکەمین دەور بەژن درا منداڵانیش دوای هۆزی دایکیان کەوتنو موڵکایەتی کۆمەڵگە لەژنانەوە دەگوێزرایەوە بگرە ئەو سیستەمەی لەسەر دەسەڵاتی دایك دامەزرابوو ژنی بەزەوی دەچواندو ژنو زەوی بەیەکەوە گرێدەدا چونکەلەرێگای هەردووکیانەوە ژیان بەردەوام دەبێت.

لەرووی ئەو لێکۆڵینانەوە لەسەر خێزان کراوە ئەنگلز دەڵێ:((پێش سەرەتای شەستەکان،واتە پێش ساڵی 1860 باسێك بەناوی مێژووی خێزانەوە لەئارادا نەبوو، چونکەسەرپاکی زانستی مێژوو لەژێر رکێفی هەر پێنج گەشت نامەکەی موسا (تەورات)بوو کەتێیدا شێوەی خێزانی باوکسالاری زیاتر لەهەموو سەرچاوەیەکی دیکەدرێژە بەباسکردنی دراوە))[1]. بەو پێیە بێ لەتەوراتدا خێزان ملی بەهیچ گۆڕانکاریەك نەداوە، ئەوە نەبێ دانیان بەوەدا ناوە کەلەدێرزەماندا پەیوەندیەکی بەربەرەڵایی بێ کۆتو بەندی گەلەکۆمەکی نێرو مێ هەبووە لەلای هەندێ لەگەلانی

[2] دکتۆر کەمال مەزهەر ئەحمەد، ژن لەمێژوودا ل 5، 6 .

[1] ئەنگلز، بنەچەی خێزانو خاوەندارێتی تایبەتو دەوڵەت، ل 21.





سەردەمی کۆندا ڕەچەڵەك لەدایکانەوە ڕەچاو کراون هێڵی مێینە بەتاکەهێڵی ڕاستەقینە دانراوە.

لێکۆڵینەوە لەمێژووی خێزان لەساڵی ( 1861) زاینیەوە دەست پێدەکات کاتێ (مافی دایك) لەلایەن {باخۆفن}[1] بڵاو کرایەوە، باخۆفن مێژووی گەشەسەندنی خێزان لەچەند خاڵێکدا ڕوون دەکاتەوەو دەڵێ:

((مرۆڤ لەسەرەتادا لەپەیوەندیەکی بەر بەرەڵایی بێ لەمپەڕی جووت بوونی نێرو مێ–دا دەژیانو (باخۆفن) ناوێکی نادروستی لەم دیاردەیە نابوو کە(هیتیریزم)ە لەم جۆرە پەیوەندیانەدا هیچ بەڵگەیەك نییە کەباوکی پێ بناسرێتەوە، بۆیە ڕەچەڵەك – بەپێی مافی دایك – تەنها بەرێگای دایکیەوە دەتوانرێت دیاری بکرێت. ژن ڕێزێکی بێ پایانییان لێ دەگیرا بەئەندازەیەك کەبەدیدگای (باخۆفن) گەیشتە ترۆپکی باڵایی دەسەڵاتدارێتی ڕەگەزی مێینە (جینیکۆکراسی) ))[2].

هەروەها ئەنگلز ئەوە ئاشکرا دەکات کەلێکۆڵینەوە لەمێژووی سەرەتایی ڕوناکیمان بۆ دەخاتە سەر بارودۆخێك کەپیاوان لەدۆخی فرەژنیدا دەگوزەران هەر لەو کاتەشدا ژنەکان لەدۆخی فرە مێردیدا بوون لەپای ئەمە ئەو منداڵانە بەهاوبەشی هی هەمووان بوون ئەم دۆخانەش تا لەدۆخی تاکەژنو مێردایەتیدا ئاوێتە بوون، زنجیرە گۆڕانکاریەکی زۆریان بەسەردا

[1] باخۆفن: زانای سویسری بەناوبانگ یوحەنا باخۆفن ( 1815، 1887)ز دانەری بناغەی لێکۆڵینەوەیە لەمێژووی خێزان.

[2] ئەنگلز، بنەچەی خێزانو خاوەندارێتی تایبەتو دەوڵەت، ل 22 .

هات مۆرگانیش کەزانایەکی تری ئەو بوارە بوو لەو سۆسیۆلۆژیستە ناسراوانە بوو کەزانیاریەکی فرەی بەخشی بەپەرەسەندنو سۆسیۆلۆژیا، مۆرگان توانی خۆبەخۆو بەشێوازی تایبەتی ماتریالیزمی مێژووی بدۆزێتەوە دوای (باخۆفن) توانی قۆناغەکانی پەرەسەندنی خێزان دیاری بکاتو لەدوو قۆناغدا ((قۆناغی نزم: بەساوایەتی ڕەگەزی مرۆڤ دادەنرێت کەلانیکەم لەسەر دارو درەختەکان دەژیاو لەدژی گیاندارە دڕندەکان خۆی دەپاراست، قۆناغی ناوەنجی: بەبەکارهێنانی خۆراکی ماسی دەست پێ دەکات لەبواری بەرهەمهێناندا))[1].

دوای ئەوەی کەمرۆڤ بەتەواوەتی شوێنی نیشتەجێ بوونی دابین کردو بەقۆناغی دایك سالاریدا تێپەڕیو بەرهەمهێنانو ئاژەڵداریو کشتوکاڵو زەوی داریو کێڵان گەشەیان کرد لێرەدا یەکەم چەکەرەی چەوسانەوەو موڵکایەتی تایبەتی تێدا سەوز بوو ((دوای ئەوەی میتاڵی برۆنزو ئاسن دۆزرایەوەو ئامێری جەنگی لێ دروستکراو جەنگەکان دەستیان پێکردو سەرچاوەیەك بوون بۆ کۆکردنەوەی سەروەتو سامان لێرەدا نرخی ڕەگەزی نێر پەرەی سەندو دابەشکردنی کار هەڵگەڕایەوە ڕۆڵی ژن بووە لاوەکیو پاشکۆو تەنها کاروباری ناوماڵی بۆ مایەوە، ئیتر پیاو بوو بەخاوەنی ئامێرەکانی جەنگو گاو گۆتاڵو بەندە. منداڵیش کەبەر لەو ڕووداوە هی ژن بوونو بوون بەموڵکی پیاوو میرات لەباوکەوە بۆ کوڕ ئەمایەوە هەرچەندە ژن بەدرێژایی مێژوووییستی ئەو دەسەڵاتەی بدرێتەوە

(1) ئەنگلز، بنەچەی خێزانو خاوەندارێتی تایبەتو دەوڵەت، ل 56 .





بەلام بێ سوود بوو، چونکەلەهەوڵدانێکی بێوچاندا بوو بۆ پتەوکردنی هێزو دەسەڵاتی خۆی بۆ ئەوەی لەگەڵ بارە ئابورییە نوێکەدا خۆی بگونجێنێ))[2].

### قۆناغی باوك سالاری:—

بەو شێوەیە هێزی دایکسالاری بەسەرچوو، میراتگریشی پێنەبڕاو پیاو هەموو مافەکانی بۆ خۆی زەوتکرد لەجیاتی یاسای دایکسالاری سیستەمی شوانکارەیی کەناسرا بەوەی دەسەڵات لەدەستی پیاودا بێتو پیاو خاوەنی منالەکانی بێتو میراتگریش لەباوکەوە بۆ نەوە بمێنێتەوە ئەنگلز لەو بارەیەوە دەڵێ:((ئەوە ئەو زیانە گەورەیە بوو کەلەمێژوودا بەسەر ڕەگەزی ژندا هات.)) [1] ئیتر لەو قۆناغەوە دەسەڵاتی پیاو بەسەر ژندا شوێنی خۆی گرتو ژن تەنهاوەکو ئامێرێکی کارکردن سەیر دەکراو لەجێگەی ئەوەی سەر بەسیستمی خاوەندارێتی باوکایەتی بوو، بوو بەکەسێکی پەیوەست بەمێردەکەیەوەووەکو مەڕو ماڵاتو چەكو کەرەسە ئالوگۆڕی پێ دەکرا.

ئاینو یاسا کۆنەکانیش شتێکیوایان بۆ ژن نەهێشتەوە، ئەوە نەبێ بەکەسێکیان دەزانیوەچەی لێ دەکەوێتەوە. یاساکانی مانەوەیو پەیامەکەی موساش ئامازەیان بەوە دەدا کەپیاو باواز لەژنی نەزۆك بهێنێو

(2) جان فریفیل، الاشتراکیه والمرأه، ص 18 .

(1) سەرچاوەی پێشوو، ص 19 .

کتێبەپیرۆزەکانی هندیش ئازادی ژنیان قەدەغەکردو لەهەموو سەروەت‌و سامانێك بێ بەشیان کرد، ئەغریقیش مامەڵەیەکی باشتریان لەوەی گەلانی رۆژهەلات نەدەکرد، لەتوانای باوك یان بەخێوکەردا هەبوو کەشووکردن فەرز بکات، هەرکاتێ بیەوێ پیاو بۆی هەبوو ژنەکەی بگۆڕێتەوە یان پێشکەشی کەسێکی تری بکات، بەو شێوەیە ژن لەگۆشەگیریدا دەمایەوەو هانای نەدەگەیشتە دنیای دەورووبەری، هاواری هەندێ لەبیرمەندانی ئەغریقیش دژی ژن بەئاشکرا دەبیسترا بۆ نمونە فیزاغۆرس جیاوازی دەکرد لەنێوان ((سەرچاوەی خێر کەیاساو ڕوناکی‌و پیاوی دەخولْقاندو سەرچاوەی شەڕ کەگێرەشێوێنی‌و ناڕێکی‌و ژنی دەخولْقاندو ئەبیقراتیش ئەوەی ئاشکرا کرد کەژن لەخزمەتی‌ورگدایەو ئەرستۆش باوەڕی‌وابوو کەژن هەر ژنە بەهۆی ناتەواوی ئەو سیفەتانەی کەتێیدایەو ئەفلاتونیش داوای کۆمۆنی سەرەتایی دەکرد))[1] .

ئەو هۆکارانە کەژنیان لەدەسەڵاتی دایکسالاری هێنایە خوارەوە، گۆڕانکاری بوو لەهۆکانی بەرهەمهێناندا، چونکەموڵکدارێتی تایبەتی هۆیەکی سەرەکی بوو لەسەرهەڵدانی نایەکسانی نێوان ژن‌و پیاودا لەشێواندنی پەیوەندیە مرۆڤایەتیەکانی نێوانیانداو لەدابەش بوونی چینەکان‌و پەرەسەندنی زیاتری چەوساندنەوەیان.

لەڕووی ئەو گۆڕانکاریانەی کەبەسەر دۆخی ژناندا هات جارێکی دی ئەنگلز ئاماژە بەو گۆڕانکاریانە دەکات‌و دەڵێ: ((لەجیهانی کۆندا ئاژەڵداری

[1] جان فریفیل، الاشترکیه والمرأه، ص 19 .





بوو بەهۆی سەرهەڵدانی سەرچاوەی سامانێکی ئەوتۆ کەپێشتر بەبیری هیچ کەسێکدا نەدەهات، هەروەها بوو بەهۆی دروست بوونی پەیوەندیەکی نوێی تەواوی کۆمەلایەتی لەتێڕوانین بۆ مێژوو ئەوە دەبینین کەگاڕانەکان لەهەموو جێگایەکدا بەموڵکی تایبەتی سەرۆك خێزانەکان دادەنران، لێرەدا کۆیلەدارێتی داهێنرا بۆ چاودێریکردنی گاڕانەکان، دیلەکانی دوژمن بەکاردەهێنران کەبۆیان هەبوو بەئاسانی‌وەکو ئاژەڵەکان زیادبکەن)).[1]

کەواتە ئەو جەنگانەی لەپێناوی دەسەلات‌و گۆڕانی حوکمی کۆمەڵگەداوەرچەرخان‌و ڕوویان داوە بوو بەهۆی هەڵگەڕانەوەی سیستمی دایکسالاری بۆ باوکسالاری ((لەئەنجامی داگیرکردنەکانداو لەئەنجامی شەڕدا، کۆمەڵگە دابەشی سەر چینی جیاواز بوو کۆیلەکردنیش یەکێکەلەدیاردەکانی ئەو جەنگانە کەوا پێ دەچێت یەکەمین کۆیلەی دنیا ژن بووبێت‌و کۆیلەدارکردنی ژن برەوی زیاتری هەبووە، هۆکەش ئەوە بووە کەپیاوان لەجەنگدا کوژراون‌و تەمەنیان هێندە درێژنەبووە، جەنگەکان هاوکێشەی دەسەڵاتیان گۆڕی لەجیاتی پەرەسەندنی خواوەندی ژن‌و دیاردە سروشتیەکان، پاشاکان بوون بەسێبەری خواو حوکمی ژیان‌و مردنیان بەسەر خەڵکیدا ئەدا)[2] .

گواستنەوە بۆ مافی باوکایەتی بەشێوەیەکی هێواش ڕوویدا هیچ ململانێ‌و سەرکەوتن‌و ژێرکەوتنێك لەگۆڕێ نەبوو،واتە بەرەنگار بونەوەیەك

[1] ئەنگلز، بنەچەی خێزان‌و خاوەنداریەتی تایبەت‌و دەوڵەت، ص 101 .
[2] مەهاباد قەرەداغی، ئازادکردنی مێژوو، 34 .

لەناودا نەما هەتاببێت بەبەربەستێكو بەستنی پەیوەندی لەگەڵ توخمەكەی تردا شكلی مەرگەساتێكیوەرگرتو پیاو خودی خۆیوەك قەوارەیەك حساب كرد، چونكەبوونی ئەوی دی هەڕەشەو مەترسیە، بەهاتنە ناوەوەی موڵكایەتی تایبەتی ژن لەتەختی دەسەڵات هاتەخوارەوەو چارەنووسی بەسترایەوە بەموڵكایەتیەوە. مێژووی ژنو مێژووی میراتی تاڕادەیەك تێكەڵاوی یەكترن، بۆیە پیاو نایەوێت ژن ببێتە هاوبەشی لەموڵكو منداڵەكانیدا، لەم قۆناغەداواتە باوكسالاری پیاو هەرچی مافی موڵكدارێتیو گوێزانەوەی موڵكدارێتی هەیە هەمووی لەژن داڕنیواتە بەبێ پلەوپایە مایەوە.

بەگوێزانەوە لەچاخی بەردینەوە بۆ چاخی برۆنزی، پیاو هەڵی بۆ هەڵكەوت خۆی بسەپێنێتو سەر زەوی داگیربكات، كەمرۆڤ كانزای دۆزیەوە، دۆخەكەگۆڕا چونكەتوانی بەهۆی ئامێرەكانەوە زەویش بخاتە ژێر دەسەڵاتی خۆیەوەو بەدەستەمۆكردنی سروشت پیاو هەستی بەدەسەڵاتی خۆی كرد. لەو ڕووەوە سیمۆن دی بۆڤار دەڵێ:((مێژووی ژن دەستكردی پیاوانە، بۆیە هەمیشە مەسەلەی ژن مەسەلەی پیاو بووە، ئەوان چارەنووسی ژنیان لەدەستدا بووە بەپێی بەرژەوەندی ژن بڕیاریان لەسەر نەداوە بەڵكو ئامانجو پێویستیەكانی خۆیان لەپێش چاو گرتووە))[1].

لەلایەكی ترەوە سیمۆن دی بۆڤار چەوساندنەوەی ژن دەباتەوە سەر خەسڵەتە بایۆلوجیەكان كەلەژندا هەیە ((سیستمی باوكسالاری

(1) سیمون دی بۆڤار، الجنس الاخر، ص 45 .





ئەنجامی ڕێكەوتنێك یان شۆڕشێكی بەهێز نییە، چونكەهەر لەسەرەتای نەشونماكردنی مرۆڤایەتیەوە، خەسڵەتە بایۆلوجیەكان ڕێگەیان بەپیاو داوە كەخۆیان وەكو سەردار بسەپێننو قەتیش دەستەبەرداری ئەو خەسڵەتانە نەبوون ئەوەندە نەبێت كەلەسەردەمێكدا وازیان لەبەشێك لەبوونی خۆیان هێناو كردیانە بەری سروشتو دواتر لێیان وەرگرتووە، چونكەژن بەوە مەحكووم بوو كەتوخمە سانەویەكەی تر بێت))[1].

بەو شێوەیە ژن بوو بەكۆیلەیەكو هیچی تر، ئیتر تەرخانكرا بۆ منداڵ بوونو كاروباری ئاسایی. بەتێڕوانین لەنووسینە مێژووییەكان، بەدرێژایی مێژوو چەوساندنەوەو بەبەندەكردنی ژن لەئارادابوو، لەهەر كۆمەڵگایەكدا بەشێوەیەكی جیاواز جێبەجێكراوە هەرچەندە هەوڵیشی دابێت بێ سوود بووە، چونكەململانێی ژیان لەسەر پێشبڕكێ بوو لەسەر هێزی بەرهەمهێنان. ناتوانین دەرفەتێكی لەبارو ڕۆژگارێكی وا بدۆزینەوە كەژن لەقۆناغێكی ئارامو لەباردا بووبێت، چونكە((پیاو نایەوێت لەسەردەمی پیاو سالاریدا ژن ببێتە هاوبەشی لەموڵكو منداڵەكانیدا، بۆیە هەرچی موڵكدارێتی هەیە هەمووی لەژن داڕنیو لەمیراتی بێ بەری كراوە مادام خاوەنی هیچ نییە بۆیە سیفەتی كەس ، وەرناگرێتو دەبێت بەبەشێك لەسامانی پیاو))[2].

(1) سیمون دی بۆڤار، الجنس الاخر، ص 32 .
(2) سەرچاوەی پێشوو، ص 34 .

هۆیەکی سەرەکی بۆ سەر هەڵدانی کۆیلایەتی شەڕو شۆڕو دەستبەسەراگرتنی دیلەکانی جەنگو کردنیان بەکۆیلەکەبەشێك بوون لەهێزەکانی بەرهەمهێنان بوو بەهۆی سەرەتاییترین دابەشبوونی کۆمەڵایەتیو دابەشبوونی کۆمەڵ بۆ دوو چین کەچینی دەسەڵاتدارەکانو خاوەن هێزەکان بوون لەگەڵ چینی کۆیلەکەلێرەدا بەئاسانی نایەکسانی سەریهەڵدا بەتایبەتی لەنێوانی ژنو پیاودا کەئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ کەم بایەخی ئەو شتانەی کەژن بەرهەمی دەهێناو ژنی ناچارکرد لەڕووی ئابوریەوە وابەستە بێت بەپیاوەوە. کۆیلایەتی وەك فۆرماسیۆنی کۆمەڵایەتی دڕندانەترین قۆناغ بووە، مرۆڤی پێدا تێپەڕیوە، مێژوو دڕندایەتی لەم شێوەیەی لەهیچ قۆناغێکی کەبەخۆیەوە نەدیوە، ماوەی هەزاران ساڵی خایاندووەو سەرجەم مرۆڤایەتی لەپانتایی جیهاندا پێوەی تلاوەتەوەو هەموو پێناسەیەکی مرۆڤ بوون لەمرۆڤە کۆیلەکان سەندراوەتەوەو وەکو ئامێرێك مامەڵەی لەتەکدا کراوە. ((کۆیلەکان لەبازاڕدا مامەڵەی کڕینو فرۆشتنیان پێ دەکراو لەگەڵ مردنی خاوەنەکانیان پێکەوە لەیەك گۆڕ دەنرانو دەکرانە قوربانی خواوەندە پیرۆزەکانو لەکاتی پیربوونو نەخۆشکەوتنیاندا لەماڵ دەردەکران. دەخەسێنران تا توخمی نێرینە لەجەستەیاندا نەمێنێو کاری سێکسی ئەنجام نەدەن)) [1].

[1] علی محمود، چەند سەرە قەڵەمێك لەسەر هەندێك بابەتی ئاینی، گۆڤاری بیری نوێ، ژمارە 32، ل 6 .





ئەگەر ئاوڕێك لەکۆمەڵگە کۆنەکان بدەینەوەو بەچاوی سەرنجەوە تێیان بڕوانین دەبینین هەر لەدێر زەمانەوە هەموو کۆمەڵگەکان جیاوازیان لەنێوان کوڕو کچدا کردووە دیارە ئەوەش لەگۆمەڵگەیەکەوە بۆ یەکێکی دی دەگۆڕاو بەپێی پێداویستیەکانی ئەو کۆمەڵگەیە نرخو بەهای ڕەگەزەکانیان زانیوە، بۆ نمونە ((لەهیندستان ئەو پیاوەی کوڕی نەبوایە دەستوبرد کچەکانی دەدا بەشوو، یەکەم کوڕی هەرکامێکیان بوایە دەبووە کوڕی ئەو. لەیۆنانی ڕۆژگاری پێش عیسا ئەو ماڵەی کچیان ببوایە سەرە پەتێکی خوریو بۆ کوڕ تاجە گوڵینەیەکی گەڵا زەیتونی ڕازاوەیان بەبەر قاپی ماڵەکەیاندا هەڵدەواسی. عیبرانییەکان کەباپیرە گەورەی جووەکانی ئیمرۆن، کچیان لەبازاڕ دەفرۆشت یا بەرامبەر پادداشتێکی کەم کچێنییەکەی ببەخشێت بەپارەدارێك)) [1].

دوای ئەوەی کۆمەڵگەی کۆیلایەتی بڕستی لێ بڕاو نەیتوانی هەنگاو بەرەو پێشەوە بنێو هەموو توانایەکی لەبەرەو پێشەوەچوونی کۆمەڵگەدا لەدەستدا، ئەوەش هۆکەی ئەوە بوو هۆکانی بەرهەمهێنان لەسەر پێوەندییەکانی کۆیلایەتی بوو کەدوور بوو لەهۆکانی بەرهەمهێنان لەدەستی هەمواونداو لەئەنجامی گۆڕانکارییەکان لەبەرهەمهێناندا کەوردەوردە هۆکانی بەرهەمهێنان کەوتە دەستی هەندێ کرێکارو چەوساوەوە کەهەتا ڕادەیەك سەربەستیان بەدەستهێناو لەو نێوەندەدا سیستەمی فیودالی سەریهەڵدا کەقۆناغێك بوو لەقۆناغەکانی بەرەوپێشچوونو وەرگەڕان لەزۆربەی ئەو

[1] د. کەمال مەزهەر ئەحمەد، ژن لە مێژوودا، ل 16 .

تەوەرانەی کەمارکس بایەخی بەلێکۆڵینەوەیان داوە لەزۆرینەی نووسینە کۆمەڵایەتیو شیکارییە ئابوریو سیاسیەکاندا جەختی لەسەر کردۆتەوە تەوەرەی چینە کۆمەڵایەتیەکانو ململانێی چینایەتیە، مارکس باس لەوە دەکات کەمێژووی مرۆڤایەتی مێژووی ململانێی چینایەتی کۆمەڵایەتیە، چینە کۆمەڵایەتیەکانیش زۆر بەڕوونیو ئاشکرایی لەکۆمەڵگە سەرەتاییو فیودالیو سەرمایەداریدا بونیان هەبووەو بونیشیان بۆ فاکتەری ماتریالی. ئەم فاکتەرە ئەندامانی کۆمەڵگە بۆ سەر دووچینی دژ بەیەکدا دابەش دەکات کەچینی خاوەن ئامرازەکانی بەرهەمهێنانە لەگەڵ ئەو چینەی کەخاوەنی هیچ کام لەو ئامرازانە نییە، بەڵکو تەنها خاوەنی هەوڵو ماندووبونی مرۆیین کەدەیفرۆشن بەچینی دووەم.

بەبۆچوونی مارکس لەقۆناغی فیوداڵیشدا (دەرەبەگایەتی) هەر دوو چین هەبووە کەئەوانیش چینی ئازادو چینی کۆیلەکانن، لەو سۆنگەیەوە دەڵێ: ((لەکۆمەڵگە فیۆداڵەکاندا کەلەشارستانیەتە کۆنەکانو شارستانیەتی ئەغریقیو ڕۆمانیا بڵاو بوو دوو چینی کۆمەڵایەتی بوونیان هەبوو کەئەوانیش چینی ئازادەکان ( The masters)و چینی کۆیلەکان ( The staves) ئازادەکان خاوەنی کۆیلەکان بوون، کۆیلەکان لەبازاری کۆیلەفرۆشاندا کڕینو فرۆشتنیان پێوەکراوەو خاوەنی هیچ سەربەستیەك نەبوون جگە لەفەرمان بەرداریو سوپاس گوزاری چینی ئازادەکان نەبێت))[1].

[1] د. ئیحسان محمد ئەلحەسەن، سۆسیۆلۆژیا لای مارکس و ماکس فیبەر، ل 41 .





## ژن لەقۆناغی دەرەبەگایەتیدا:–

لەکۆمەڵگەی فیوداڵدا کەخۆی لەسەر بناغەی خاوەندارێتی زەوی بنیاتناوە دەرەبەگو خاوەن زەویو زارەکان ئەوەندەیان ئەدا بەجوتیارەکان کەبەشی ژیانی مەمرەو مەژیان بکات، جیاوازی لەنێوان کۆمەڵگەی بەندایەتیو فیوداڵدا ئەوەبوو کەلەفیوداڵدا خاوەندارێتی زەوی تایبەت نەبوو بۆ هەمووانو خاوەنی موڵکەکان بۆیان نەبوو جوتیارەکان بکوژن، جوتیار نەیدەتوانی خاوەنی بەشێك بێت لەو زەوییەی کەدەیکێڵێت، ئەم سیستەمەش لەکۆمەڵگەیەکەوە بۆ کۆمەڵگەیەکی تر دەگۆڕا، لەگەڵ ئەو زەبرو زەنگەی لەسیستەمەکەدا هەبوو ڕێگای بەهۆکانی بەرهەمهێنان ئەدا کەپێشبکەوێت کەئەمە لەکۆیلایەتیدا نەبوو چونکەچینی جووتیار هەندێ بەرژەوەندیو دەستکەوتی وەچەنگ کەوت.

لەکۆمەڵگەی دەرەبەگایەتیدا هەرچەندە ڕەوشی ژنان جیاوازی هەبوو لەهی سەردەمی کۆیلایەتی بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ژنانی چینی دەرەبەگ وەکو زیندانی لەماڵو حەرەم سەراکانیاندا مانەوەو لەخزمەت خاوەنەکانیاندا بوون، وەکو بەشێك لەکێڵگە کڕینو فرۆشتنیان پێوە دەکرا لەڕووی سەرهەڵدانو لەناوچوونی ڕژێمی دەرەبەگایەتیەوە مارکس دەڵێ: ((کۆمەڵگا لەدوای شۆڕشی کۆیلەکانەوە گۆڕا بۆ کۆمەڵگایەکی فیوداڵی کەخاوەن زەویو زارەکان ( Land lovds) دەسەڵاتیان گرتە دەست کەلەکۆمەڵگەی فیوداڵیدا فیکرە درووست دەکەن، زۆر بەخێرایی هەر لەم فیکرەیەوە فیکرەی دژ درووست بوو بۆ بەرەنگاربوونەوەی دەرەبەگەکانو

خاوەن ئامرازەکانی بەرهەمهێنان کەئەوانیش جووتیار بوون، کەواتە کۆمەڵگەی فیوداڵی لەدوو چینی کۆمەڵایەتی بەگژیەکداچوو پێکدێت کەئەوانیش چینی خاوەن زەویو زارەکانو چینی جوتیارەکانو لەئەنجامی ئەو ململانێو دوژمنایەتیە بەردەوامەی کەلەنێوانیاندا هەبوو، کۆمەڵگەی فیوداڵی رووخا کەلەسەدەکانی ناوەڕاستدا لەزۆربەی دەوڵەتە ئەوروپاییەکاندا هەبووو گۆڕا بۆ کۆمەڵگەی سەرمایەداری کەهیچ کام لەچینەکانی دەرەبەگو جووتیاران بونیان نەما))[1].

## ژن لەقۆناغی سەرمایەداریدا:—

لەقۆناغی سەرمایەداریشدا بەهۆی بەرپابوونی شۆڕشی پیشەسازیو پێشکەوتنی تەکنەلۆژیاو زیاتر کەڵەکەبوونی سەرمایە، کرێکاران کەوتنە دۆخێکی ترەوەو لەدەوروبەری ژنانیشدا هەندێ ئاڵوگۆڕ روویدا لەجۆری تێڕوانینو مامەڵەکردن لەگەڵیدا بەتایبەتی لەو ڕووەوە ژنی لەماڵەوە هێنایە دەرەوەو لەکارگەکاندا بوونە کرێکار، سەرمایەداری سەربەستی بەژن ئەدا کەلەپێناوی قازانجو سودی خۆیدا بێت، دەنا لەم قۆناغەشدا ژن هەرچەوساوەو بن دەست بووە لەو ڕووەوە لینین دەڵێ: ((لەڕژێمی سەرمایەداریدا چەوسانەوە زیاتر دەبێتو بەملیۆنەها ژن

[1] د. ئیحسان محەمەد ئەلحەسەن، سۆسیۆلۆجیا لای مارکسو ماکس فیبەر، ل 42 .





لەپێناوی بژێوی کەسو منداڵەکانیدا لەکارگەو کارخانەکاندا دەچەوسێنەوەو بەچاوێکی سوك سەیر دەکرێت))[1].

بەو شێوەیە لێوردبوونەوە لەڕەوشی کۆمەڵایەتی هەر کۆمەڵگەیەك کەسەرمایەداری یان بەرەو سەرمایەداری ڕێ دەگرێت لەوێدا سەلماندنی جیاوازی چینایەتی کۆمەڵ دەردەخاتو لەکرۆکی ئەو جیاوازییە چینایەتییەشدا چەوسانەوەی ڕەگەزی مێ دوفاقییەو لەدەورانی کاری بەرهەمهێنانو وابەستەییو چەوساندنەوەی چینایەتی دووچاری تێکشکانو چەوسانەوەی ڕەگەزی دەبێتو بەمەش بونیادی کەسێتی بەرەو شکستیو نوچدانەوە دەچێ، لەبارەی ئەو دۆخەی ژن لەکۆمەڵگەی سەرمایەداریدا تێی کەوتووە د. کمال مەزهەر دەڵێ: ((لەکۆتایی سەدە ناوەنجیەکاندا واتە لەگەڵ سەرەتای چرۆکردنی پێوەندی سەرمایەداریو زۆربوونی داخوازییەکانی ژنان، ژن ڕووی کردە گەلێك کاری نوێ، وەك هەموو دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی تر دەبوو باری ژیانی ژنیش لەقۆناغی سەرمایەداریدا لەزۆر ڕووەوە بگۆڕێت، بەتایبەت دوای شۆڕشی پیشەسازی کەکارێکی ئەوتۆی کرد کەدەزگا ئابورییەکانی قۆناغی نوێ ژنی شاریش ڕابکێشنە ناو ڕیزەکانی خۆیانەوە، بەڵام ئەو ئاڵو گۆڕە ئازادیو سەربەستی نەکردە دیاری دەستی بۆ ژن، ژن وەك پیاو بووە کرێکار دوایی فەرمانبەر بەڵام نە لەڕووی کرێو مووچەوە نە لەڕووی مافی کۆمەڵایەتیو ڕوناکبیریەوە نیوەی ئەوی بۆ نەدەلوا، لەبەر ئەوە ئەو نووسەرانەی دەڵێن

[1] لينين، المرأه في الترث الأشتركي، ص 110 .

ژن یەکەم قوربانی شۆڕشی پیشەسازی بوو لەڕاستی دوور نەکەوتوونەتەوە))[1].

لەقۆناغی سەرمایەداریدا مرۆڤ کەوتە پلەیەکی بەرز لەپێشکەوتنی تەکنەلۆژیو فەلسەفەو ئایدولوژیاو بیرو باوەڕی زانستی بەڕادەیەك لەگەڵ پێش خۆی بەراورد ناکرێ، سەرمایە دەستی بەتەنینەوەی هەموو دنیا کرد، دیموکراسی چەندین شێوەی تاقیکردەوەو بووە سیستەمێکی جیهانگیر بەڵام کێشەی ژنی بەیەکجاری چارەسەر نەکرد، ئاشکرایە لەوێشدا بەرهەمهێنانی سەرمایە بەدەستهێنانی زێدەبایی، یاسایی سەرەکی سیستەمی ئابوریو کۆمەڵایەتی سەرمایەدارییە: ئەو کەسەی کاری زیاتر دەکات کرێی زیاتر وەدەستدێنێ بەپێچەوانەشەوە داهاتو بەرهەمی کەمتر دەبێت. چاوچنۆکی سەرمایەدارو کاری بەپەلەی کۆکردنەوەی سەرمایە مەبەستی یەکەم بوو بۆیە چەوساندنەوەو ئازاردانو جیاوازیو بێ ئیمتیازی بۆ ژنان لەگۆڕێدا بوو، لەپیاوان کەمتری وەردەگرتو هیچ بیمەیەکی کۆمەڵایەتی نەبوو. عەقڵیەتی بەنزم زانینی ژنان لەفەرهەنگی نوێی بۆرجوازیدا وەك میرات لەپێش خۆی گرتبوو جیاوازی ڕەگەز بەئاشکرا دەبینرا، لەگەڵ ئەوەشدا دەبێ ئاماژە بەوە بدەین بۆ یەکەمین جار ژنان کاری فراوانو بەکۆمەڵیان لەدەرەوەی ماڵدا پێ بڕا، لێرەدا واقیعی ئابوریو پێویستی سەرمایە بەهێزی کاری ژنان بەسەر دابو نەریتو فەرمانەکانی دیندا زاڵ بوو، لەئەنجامی پەرەسەندنی بزوتنەوەی کرێکارانو کۆبونەوەی

[1] د. کمال مەزهەر ئەحمەد، ژن لە مێژوودا، ل 27، 28، 29 .





بەئەندازە پێویستی سەرمایەو تەنازولو تەجروبەی بورجوازی لەبەڕێوەبەرایەتی پەرەسەندنی چەمکی یەکسانیو سیستەمی دیموکراسی کرێو بەشداری کرێکاران لەسوودی سەرمایە بەرەو زۆری چوو، کەچی فەرقو جیاوازی بەرامبەر بەژنان هەر بەردەوام بوو، لەناو بزوتنەوەی کرێکاراندا بزوتنەوەی ژنان دروست بوون کەداوای هەڵگرتنی نابەرابەریان دەکرد.

بەتێڕوانین لەیەکێ لەڕژێمە چەوسێنەرەکان جا کۆیلایەتی بێت یان دەرەبەگایەتی یان سەرمایەداری دەبینین هەریەکەیان خاوەنی خەسڵەتی تایبەتی خۆیانن، بەڵام ئەوەی هەرسێکیان بەیەکەوە گرێ دەدات ئەوەیە کەپێوەندیەکانی بەرهەمهێنان پێوەندی چینایەتیەو کێشەی چینایەتی جیایان دەکاتەوە ((مارکسو ئەنگڵز لەئەنجامی شیکردنەوەی زانستیانەی یاساکانی گەشەکردنی کۆمەڵدا ئەو پەیوەندیە بەهێزەیان دۆزیەوە کەلەنێوانی ژێردەستەیی ژنداو لەنێوانی موڵکدارێتی تایبەتیو دەرکەوتنی کۆمەڵگەی هەمە چەشندا هەیە، چەوسانەوەی ژن هەر لەو کاتەوەی سەریهەڵداوە، ڕۆژ بەڕۆژ لەگەڵ گەشەکردنی موڵکدارێتیو چەوسانەوەی چینایەتیدا بەرەو زیاد بوونو پەرەسەندن چووە، سەبارەت بەوەی کەژن موڵکی پیاوە، هەتا چەوسانەوەکەلەڕژێمی سەرمایەداریدا گەیوەتە چڵەپۆپە، ئەو ڕژێمەی کەلەمنداڵدانیدا ئەو هێزە لەدایك دەبێ کەبەسەریدا زاڵ دەبێو دەیڕوخێنی))[1].

[1] هەڤاڵ کوێستانی، ژن و ژانی لەدایکبونێکی نوێ، ل 25

## پاری دووەم

## شۆڕشی فەڕەنسی





سەبارەت بەسەرهەڵدانی بزاڤی فێمینیستی بەر لەهەر شتێك دەبێ ئاوڕ لەشۆڕشی گەورەی فەڕەنسی ( 1789 – 1794)ز بدەینەوە، چونکەژنان ڕۆڵێکی دیارو ئاشکرایان لەو شۆڕشەدا گێڕاوەو چەندین قوربانیان داوەو دەتوانیین بلێین سەرهەڵدانی هەموو بزاڤە فێمینستیەکانی جیهان کاریگەری شۆڕشی فەڕەنسیان پێوە دیارە بۆیە ئێمەش لەدەرگای ئەم شۆڕشەوە دەچینە ناو کرۆکی باسەکەمانەوە، مێشیلیە ( 1798 – 1874)ز نووسەرو مێژوو نووسی فەرەنسی دەڵێ:((ژنان پێشڕەوی شۆڕشی فەڕەنسی بوون)) [1]. بیست ساڵ بەر لەشۆڕشی فەڕەنسی گەلی فەڕەنسا لەخۆئامادەکردندا بوون بۆ بەرپاکردنی شۆڕش، هەر لەوکاتەوە ژمارەیەکی زۆر لەژنان بەشداریان لەیانە سیاسیو زانستیەکاندا دەکردو هەموو توانایەکیان خستبووە کار بۆ ئامادەبوون بۆ هەڵگیرساندنی شۆڕشو دەرخستنی ڕاستیەکان لەبۆچوونەوە بۆ جێبەجێکردن. لەکاتی دەستپێکردنی شۆڕشدا ژنان بوون کەهێرشیان کردە سەر ڤێرسایيو کۆشکی پاشایەتیو لەگرتنی باستێل دا ڕۆڵو بەشداریان هەبوو، یەکێ لەدرووشمەکانی شۆڕشی فەڕەنسی ئەوە بوو کەدەیووت ((مادام ژن

---

(1) اوغست بيبل، المرأه فی التراپ الاشتراکی، ص 84 .

ئامادەیە بچێتە سەر (مەقصەلە) بۆشی هەیە سەرکەوێتە سەر مینبەرو قسەی خۆی بکات))[2] .

شۆڕشی فەڕەنسا ئەنجامێکی نویٚ بوو لەسەرانسەری جیهانداو زۆربەی گەلانی لەخەوی خەفڵەت خەبەرکردەوەو ڕێگایەکی نویٚ بوو بۆ وەدەستهێنانی مافەکانی مرۆڤ. بەو شێوەیە شۆڕشی مەزنی فەڕەنسا ژنو پیاوی خستە سەرڕێگای خەباتو هەر لەو کاتەوە ژنانیش بوارێکی ڕەواتر خۆش دەکەن بۆ داخوازی مافە ڕەواکانیانو ئەوانیش وەکو پیاوان دەڕژێنە سەر شەقامەکان بەشێوەیەك لەکڵپەی شەڕی ناوخۆدا ((زیاتر لەدەهەزار کرێکاری ژن چەکیان هەڵگرتو دەورێکی کاریگەریان لەشەڕی بەرەنگاری کۆمۆنەدا گێڕا)) [1]. بەدرێژایی شۆڕشی فەڕەنسی ژنان لەخەباتکردندا بوونو لەو ڕێگایەشدا سەرکەوتن هەندیٚ جاریش نوچدانیان بەخۆیانەوە دیوەو ئەو قوربانیانەش کەبەخشیویانە لەپێناوی مافو داخوازیەکانیاندا دیارو لەبەرچاون. کاتیٚ لەساڵی 1793ز دا دەسەڵاتدارانی فەڕەنسا لەو هەندە ئازادیە پاشگەز بوونەوەو بڕیاری داخستنی سەرجەم سەندیکاو ڕێکخراوەکانی ژنانیاندا. هەر لەو ساڵەدابوو (مادام ڕۆلان) خاوەنی وتەی ((ئەی ئازادی چەند تاوان بەناوتەوە دەکریٚ)) [2]، کەڕۆڵێکی گرنگی هەبوو لەبڵاوکردنەوەی بیری سەربەستیو کۆڵنەدەرانەدا بەرگری لەبیرو باوەڕی

(2) روجیە غارودی، مستقبل المرأە، ص 21 .

(1) ئەبوبکر خۆشناو، کۆمۆنەی پاریس، ل 60 .

(2) کازیوە صالح، فیمینیستناسی و جڤاکی کوردی، ل 25 .





خۆی کرد هەتا لەو پێناوەدا ئەویشو چەندانی دی سەرکەوتنە سەر مەقسەڵەو ملیان پەڕاندن.

ئەو وتەیەش کەبوو بووە وتەی شۆڕش قسەی (ئۆلیمپ دیکوژ) بوو کەلەڕاگەیاندنە گورزوەشێنەکانی خۆیدا لەئەنجومەنی جەماوەر لەپاریس وتی: ((ژن مافی ئەوەی هەبیٚ بچێتە سەر مەقسەلەمافی ئەوەشی هەیە بچێتە سەر مینبەر))، هەر لەو ساڵەشدا سەری ئەم ژنە ئازاو شۆڕشگێڕەشیان پەڕاند کەلەئاشکراکردنی، زۆر بڵێیەکانی ئەنجومەنی یاسادانانی شۆڕش هیچ باکو ترسێکی نەبوو.

لەدوای ئەم ڕووداوانە تەواوی یانەو ئەنجومەنانی ژنان کەلەساڵی 1770ز دا لەسەرتاسەری فەڕەنسادا پەیدابووبوون داخران لەکاتێکدا ژنان دەیانویست لەبەرامبەر مافە زەوتکراوەکانیاندا ناڕەزایی دەربڕن. جگە لەوەی کەژنان داکۆکیان لەمافەکانی خۆیان دەکرد، هەندی لەبیریارو فەیلەسوفانیش هەر ئەو داکۆکی یەیان دەکردو بەبیرو بۆچونەکانی خۆیان داکۆکیان لەمافەکانی ژنان دەکرد، (ڤۆڵتێر) بێدادی سەبارەت بەژنان ڕسوا دەکات، (دیدرۆ) لەو بڕوایەدا بوو سەرەکیترین هۆکاری ژێردەستی ژنان کۆمەڵگایەو ((مارکی دوکوندرسیٚ بەڕاشکاوی ئەوەی خستەڕوو دەبێت مافە کۆمەڵایەتیو سیاسییە یەکسانەکان بەژنان ببەخشرێن)) [1].

شارڵ فۆری ئەو کەسە بوو کەلەفەڕەنسادا پەیڤی فیمینیستی داهێنا هەندیٚ بەشارەزاترین لایەنگری ئازادی ژنانی دادەنێنو لەناو

(1) حومەیرا موشیرزادە، مێژووی دوو سەد ساڵەی فیمینیزم، ل 20 .

سۆشیالیستە سەرەتاییەکاندا کەسێکی دیارەو لەکۆمۆنەی پاریسدا بەکردەوە یەکسانی تەواوی ژنانو پیاوانی بەرقەرارکرد لەکۆمۆنەکاندا ژنان لەڕووی ئابوریەوە سەربەخۆ بوونو گەورەکردنی منداڵ ئەرکی کۆمۆن بوو هەروەها جۆری خوێندن بۆ ژنان وەکو پیاوان بۆ بەشداریکردنی سیاسیو کۆمەڵایەتی بوو نەك بۆ ماڵداری.

(کوندرسێی)ی فەیلەسووف لەهەندێ لەنووسینەکانیدا لەساڵی 1787ز دەڵێ: ((ئەستەمە مافەکانی مرۆڤ لەسەر بنکەیەکی جێگیر ئارام بگرێت ئەگەر دان پێدانانی ئەم مافانە بۆ ژن ڕوونەدات، ئەو باوەڕەی کەپیاو مافی هەیە خاوەنی دەنگی بیستراوبێت لەوڵاتەکەیدا هەر ئەو هۆیانە وامان لێ دەکات ئەم مافانە بۆ ژنیش بەڕەوا بزانرێت))[1].

دوو ژنە تێکۆشەرەی کەلەبورای خەباتدا ناویان دیارە، خاتوو (ڕۆلان)و (شارلوت کوردای)ن کەیەکەمیان بەهرەمەند بوو لەسیاسەتو ئەدەبدا، دووەمیش لەگیانفیداییدا، ڕۆلان ئەندامە دیارەکانی حزبی (گیرۆند) بوو (کوردای)یش یەکێك بوو لەو قوربانیانەی لەفەڕەنسادا لەگەڵ (جان دارك) یادیان دەکرێتەوە، هەردووکیان لەگەڵ ناودارترین پیاوانی ئەو سەردەمەدا چوونە بەردەم مەقسەڵەو گیانیان لەدەستدا.

بەو شێوەیە خەباتی ژنان لەشۆڕشی فەرەنسادا درێژەی کێشا، بەبەردەوام بوونی شۆڕشو خەباتی هەردوو ڕەگەزی پیاوو ژنو بەسووربوونی چینی بۆرجوازی نوێ کەداوای گۆرانکاری لەدامو دەزگاکانی

---

[1] حومەیرای موشیرزادە، لەبزافەوە تا تیۆری کۆمەڵایەتی، ل 20 .





دەوڵەتدا دەرکرد بەتایبەتی دژی ئەو یاسایانەی کەبەتەواوی کۆنترۆڵی ژیانی شارستانی ڕیفۆرمیانگرتبوو، دژی تاکخوازی پاشایەتیو بەفیڕۆدانی سەروەتو سامانی میللەتو بەدیهێنانی درووشمی ئازادیو برایەتیو یەکسانی ڕاپەڕینی چواردەی تەمووز درێژەی کێشا هەتا لە 10ی ئەیلولی 1792ز دا شارەوانی پاریس فەرمانی هێرشی بۆ سەر کۆشکی پادشایەتی داو دوای شەڕێکی خوێناوی پادشا لویسی شانزەهەمو هاوسەرەکەی ماری ئەنتوانێت دەستگیرکرانو لەئەنجامدا کۆتایی بەژیانیان هات.

شۆڕشی فەڕەنسای (1789 – 1794)ز بەلەناوبردنی لویسو ماری ئەنتوانێتو زۆر لەمشەخۆرو ئۆرستوکراتیەکان سیاسەتێکی چەپڕەوانەیان گرتە بەرو دەستیان بەسەر زەوی دەوڵەمەندەکاندا گرتو دابەشی کردنو ئیمتیازەکانی کڵێسەی کاسۆلیکی هەڵوەشاندەوەو لەڕەگەوە دەستی لەئایینوەرداو هەموو ئەو تەگەرە فیودالّیستی یانەی لادا کەبەری گەشەستاندنی سەرمایەداریی تازەیان گرتبوو. بەم هەنگاوە فەڕەنسای سەربەستی – یەکسانی – برایەتی بووە قیبلەی هەموو ئەو گەلانەی لەژێر باری چەوسانەوەدا دەیانناڵاند.

بەو شێوەیە ژنان بۆ بەدەستهێنانی مافە ڕەواکانیان بەشداریەکی گرنگیان لەکۆمۆندا کردو لەزۆر ناوچەو شارەکانی پاریسدا کۆمیتەی ژنانیان دامەزراندو خەڵکیان هاندەدا بەو وتەیەی کەدەیگوت (( ئەی ژنان دوا سەعات گەیشتووە، ئێمە دەمانەوێ ئازادبین ئێمە داوای یارمەتی لەژنانی

شار دەکەین کەدەزانین ڕزگاریی وڵات پەیوەندی بەئەنجامدانی ئەم شەڕەوە هەیە))[1].

بەشدارانی کۆمۆن‌و ئەوانەی باسی کۆمۆنیان کردووە ناوی (لویز میشێل)ی شاعیرو قارەمانیان بردووە کەچ ڕۆڵێکی لەبەرەنگاربوونەوەی هەڵمەتی ڤێرساییەکاندا گێڕاوە، مێژوونووسی فەڕەنسی (لویس دوبریل) دەڵێ: (( بەتالیۆنێك لەژنی چەکدار بەسەرکردایەتی لویز میشێلی قارەمان‌و ژنێکی دیکەی ڕووس بەناوی دیمتریڤاوە لەمەیدانی سپی، قارەمانێتی‌و ئازایەتیەکی بێوێنەیان نیشاندا))[1].

لویز میشیل لەیاداشتەکەی خۆیدا بەناوی (پرولیتاریای بەندە)ەوە لەوبارەیەوە کەژنانی کرێکار زیاتر لەهەموو ژنانی چینەکانی تر هەست بەچەوسانەوەو کۆیلایەتی دەکەن‌و دەیووت: ((لەدێرەکانی پەرستندا دڵیشی‌و هۆشیشی داگیرکراوە لەشەقامەکاندا وەکو شمەك وایە لەماڵیشدا کۆت‌و پێوەند دایڕزاندووە)) [2]، ئەم ژنە لەپاریسدا لەگەڵ بزوتنەوە شۆڕشگێرییەکاندا چاوی کردەوەو لەبەرەی چەپدا لەژێر دەسەڵاتی ئیمپڕاتۆردا خەباتی دەکردو بەپلەی سەروکی کۆمیتەی هۆشیاری‌و زانیاری بۆ دارمانی حکومەت هەڵبژێراو لەشۆڕشی کۆمۆندا تا دوا ساتەکانی شەڕ لەبەرەکانی خەباتدا مایەوەو بیست‌و پێنج ساڵی کۆتایی تەمەنی بۆ بەرگری

(1) ئەبوبەکر خۆشناو، کۆمۆنەی پاریس، ل 57 .
(1) سەرچاوەی پێشوو، ل 57 .
(2) روجیە غارووی، مستقبل المرأە، ص 29 .





لەشۆڕش‌و ئازادی تەرخان کرد، کاتێ کۆمۆنەی پاریس هەرەسی هێنا ئەم ژنە دوور خرایەوە بۆ (کالدۆنیای نوێ) تاقە کەسێك بوو لەناو هاوەڵەکانیدا کەزمانی کالدۆنیەکان فێربوو توانی گۆرانی‌و شیعرەکانیان کۆبکاتەوەو وەریان بگێڕێتە سەر زمانی فەڕەنسی.

(لویز میشیل) دوای تێشکانی کۆمۆن گیراو لەبەرامبەر جەلادەکاندا وتی: ((پیرۆزترین بیروباوەڕ لای من شۆڕشی کۆمەڵایەتییە، شۆڕشگێڕ بوون شتێکەهێزو گوڕم دەداتێ، ئەگەر نەمکوژن هیچ کاتێ دەست لەتۆڵەستاندنەوە هەڵناگرم))[1].

یەکێکی دی لەڕیزی پێشەوەی بزوتنەوەی ژناندا بوو (فلۆرا تریستیان) بوو کەلەدیارترین سەرکردەکانی ئەوکاتە دەژمێردرێت لەپێشەکی یەکێ لەنووسراوەکانیدا ئاماژە بەوتەیەکی فورییە دەدات دەڵێ: (( پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی‌و گۆڕانکاری لەقۆناغەکاندا کاتێ دێتەدی کەژنان بەرەو سەربەستی‌و ئازادی بڕۆن بیرو باوەڕێکی گشتییە بۆ پێشکەوتنی هەموو گۆڕانکاریەکی کۆمەڵایەتی)) [2]. هەرچەندە فلورا تریستیان لەکاتی خۆیدا یاداشتەکانی بڵاو نەکردۆتەوە دوای سەدوسی ساڵ لەساڵی 1975ز بڵاو بۆتەوە، داکۆکی لەچینی کرێکارو ڕەش‌و ڕووت دەکات‌و هەموو کون‌و کەلەبەرێکی فەڕەنسا دەپشکنێ بۆ ئەوەی بەمەرامی خۆی بگات‌و چارەسەریی ئەو کیشانە بکات کەڕەگەزی ژنی تێکەوتووەو هەر لەوکاتانەدا

(1) ئەبوبەکر خۆشناو، کۆمۆنەی پاریس، ل 58 .
(2) روجیە غارووی، مستقبل المرأە، ص 25 .

بوو كەدەیووت (( ئەوەی كەدژی من وەستاوە پیاوە لەبەر ئەوەی داكۆكی لەمافی ژن دەكەم))[3] .

فلۆرا تریستیان ئەم ژنە كرێكارە خاوەن ئەزموونەی كارگە، ئەم كەسایەتیە بەلاوەنراوە بەبێ ئەوەی پەروەردەی قوتابخانەیەك بێت لەساڵی 1835ز دروشمەكانی لەبارەی ئازادی ژنی كرێكارو هەموو ژنانی كرێكاری جیهان كەوتە بڵاوكردنەوە، بێوەژنێكی دەربەدەری خاوەن سێ منداڵ، پۆلیسو خاوەن قەرزەكان بەدواوەی بوون، سەرەتا بۆ بەریتانیاو پاشان بۆ وڵاتی پیرۆ دورخرایەوە. لەساڵی 1838زدا كتێبی (سەفەری مرۆڤێكی شار بەدەركراو)ی نووسی، هەروەها لەكاتی دوورخرانەوەی دا لەلەندەن لەساڵی 1842زدا كتێبی (پیاسەیەك لەلەندەن)ی نووسی، ئەو ژنە لەنووسراوەكانیدا داكۆكی لەمافی ژنو كرێكاری ژن دەكرد هەتا ساڵی 1844ز سەری نایەوە، ئەم ژنە پەرەی بەرێبازێك دا كەپاشتر ماركس ئەو بیرو باوەڕەی بووژاندەوە.

یەكێكی دی لەو ژنانەی كەبناغە دارێژەری بزوتنەوەی ژنان بوونو تێكۆشاون بۆ بەدیهێنانی خواستو ئاواتەكانی ژنان: كچە شۆڕشگێڕی هۆڵەندی بوو كەلەفەڕنسا ژیاوە ناوی (ئیتا پاڵ)ە، ئەم كچە هەوڵی گەورەی بۆ چاككردنی شوێنی یاسایی ژن لەوڵاتدا ئەنجامداوەو ویستویەتی دروشمی شۆڕشی فەڕەنسا كەبریتی بووە لەئازادیو یەكسانیو برایەتی بەسەر ژنانو هەلومەرجی ئەواندا پیادە بكات. (ئیتا پاڵ) بەمەبەستی بەهێزكردنی

(3) عەلی كاردۆس، ئاورێك لەسەرەتاكانی فیمنیزم، گۆڤاری گەلاوێژی نوێ، ژمارە 19، ل 12.





لەشكری نیشتمانی شۆڕشگێڕانو سەرخستنی شۆڕشو پیادەكردنی درووشمەكانی لەچەندان شوێنی جیاوازی فەڕەنسادا هەوڵی دامەزراندنی گروپی چەكداری ژنانی داوە، بەڵام شۆڕشگێڕەكان ئامادەنەبوون هاوكاری بكەن، دوای شۆڕش (ئیتا پاڵ) سكاڵایەك دەداتە دەستی ئۆرگانی یاسادانانی پەرلەمانو ئەم داواكاریانە دەخاتە بەردەستیان ((دەركردنی یاسایەك لەپێناوی باش بەخێوكردنی كچاندا، یاسایەك بۆ داننان بەیەكسانی نێوان پیاوانو ژناندا، یاسایەك دان بەوەدا بنێت كەژنی 12ساڵەكەبوونەوەرێكی سەربەخۆیە، یاسایەك كەمافی داواكردنی جیابوونەوە بەژن ببەخشێت))[1] .

دەستكەوتی شۆڕشی فەڕەنسا كاملبونی یەكگرتویی نیشتمانی وڵات بوو، ئەو یەكگرتوییەی كەلەلایەن ڕژێمی ڕابردوو توانیبووی بەپێكهێنانی سیستەمێكی ئیداری لەسەر بنەمای نایەكسانیو زنجیرە پلەوپایانەی هەڵوەشانەوە. شۆڕشگێڕانی ساڵی 1789ز هەوڵیاندا هەتا خەسڵەتێكی گشتیو جیهانی بەشۆڕشی فەڕەنسا ببەخشن، شۆڕش ڕەهەند گەلێكی گشتگیرو جیهانی بەخۆوەگرت، ئەم شۆڕشە وەك دابڕانێكی گەورە لەدنیای كۆن بوو، ئەنجامی چەندین سەدە بیركردنەوە بوو لەپێناو گەڕانەوەی ئازادی بۆ مرۆڤ بوو لەدنیای كۆیلایەتیدا، بێگومان شۆڕشەكانی ئینگلتەرەو وڵاتە یەكگرتووەكان لەسەدەكانی ڕابردوودا ڕێ خۆشكەر بوون بۆ سەرهەڵدانی لەژێر كاریگەری هەندێ بڕیاردا بۆ نموونە جۆن لوك بێنینە

(1) مەریوان وریا قانع، گۆڤاری ڕەهەند ژمارە 19، 18، ل 145 .

پێش چاو کەڕۆڵێکی گرنگی لەبیرکردنەوەی سەدەی هەژدەهەمدا گێڕا، بەو شێوەیە شۆڕشی فەڕەنسا سەرچاوەیەکی گرنگی وەرچەرخاندنی کۆمەڵایەتی‌و ئابوری‌و سیاسی‌و فیکری بوو هەڵگیرسانی ئەو شۆڕشە بەسەرەتای قۆناغێکی نوێ دادەنرێ لەمێژووی جیهاندا، ئەو شۆڕشەی بەرەنگاری لەدابو نەریتە پاشایەتی‌و ئەرستۆکراتیەکان کردو لەگەڵیدا کەوتە ململانێ‌و بەرەنگاریەکی سەختەوە، ئەو شۆڕشەی گلۆڵەی بەکۆنترین شێوازی ژیانی ئەرستۆکراتیەکان لێژکرد کۆتایی بەدەسەڵاتو ئیمتیازاتی کلێسای کاسۆلیکی هێناو بەشێوەیەك مێژووی فەڕەنسا بووە مێژووی ئەوروپا ئەمە جگە لەوەی تێکڕای جولانەوە کرێکاریەکانی سەدەی نۆزدەهەمو پارتە سۆشیالیستە شۆڕشگێڕەکان‌و هێزە لیبرالیەکان‌و ئەو لایەنانەی بەرگری لەمافی کەمینە ڕەگەزی‌و مەزهەبیەکان‌و مافی ژنان خۆیان بەزادەی کلتوری شۆڕشی فەڕەنسا دەزانن.

بەو شێوەیە لەسەدەی هەژدەهەمو نۆزدەهەمدا پێوەندی نێوان پیاوو ژن‌و یەکسانی نێوانیان گەیشتە لوتکەزۆر چەمك‌و دیاردە گەشەیان کرد، ئەوانەی دەیانوت پێویستە ژنان لەگەڵ پیاواندا ئەو مافەیان هەبێت، ڕایانگەیاند هیچ جیاوازیەکی سایکۆلۆجی لەنێوان هەردوو ڕەگەزدا نییە، ئەریك فرۆم دەڵێ: ((شۆڕشی فەڕەنسا گیانی بێ ڕەگەزی واتە جیاوازی نەکردن لەنێوان نێرو مێ–دا داهێنا، هەمان چەمك سەر لەنوێ گەشەی کردەوەو مافەکانی ژن لەبوارەکانی کۆمەڵایەتی‌و سیاسی جەختیان لەسەر





کرایەوە))[1]، ئەو بۆچوونانە لەوەوە سەرچاوەی گرتبوو کەبەبێ بەشداری ژنان لەبوارەکانی سیاسی‌و کۆمەڵایەتیدا مەحالەیەکسانی لەگەڵ پیاواندا بێتەدی. بەو شێوەیە دەتوانین بڵێین جاڕنامەی گەردونی مافی مرۆڤ لە26ی ئوگستۆسی 1789زدا داڕێژرا چەند پرەنسیپێکی گرنگی کردە دەستوور لەپێناوی بەرگریکردن لەمافی تاکەکەسی‌و ئازادییەکان بۆ نموونە لەبەندی یەکدا دەڵێ: ((مرۆڤ هەموویان بەئازادی لەدایکبوون یەکسانن لەنرخو پایەو مافدا عەقڵ‌و ویژدانیان پێ بەخشراوە دەبێ بەڕۆحێکی برایانە ڕەفتار بکەن، هەروەها لەبەندی دوودا دەڵێ: هەموو مرۆڤێك بەبێ هیچ جیاوازیەك (ڕەگەز، ڕەنگ، جێندەر، زمان، ئاین، بیروڕای سیاسی) شیاوی سوود وەرگرتنن لەتەواوی ئەو مافو ئازادیانەی کەلەم بانگەوازەدا هاتوو، لەبەندی سێدا دەڵێ: هەموو کەسێك مافی ژیان‌و ئازادی‌و ئاسایشی هەیە، بەندی چواریش دەڵێ: هەموو چەشنە کۆیلەتی‌و بازرگانیکردن بەکۆیلەوە قەدەغەیە))[1].

بەو شێوەیە هەڵگیرساندنی شۆڕشی فەڕەنسی توانی خاڵێکی وەرچەرخان بهێنێتە ناو هەناوی ژنان‌و دەنگی ناڕەزایی هەڵبڕن بەرامبەر بەو بێ مافیەی کەمێژوویەکی دوورو درێژی هەیە، بەشێکی زۆر لەنوسەرو بیریاران ڕۆڵێکی بەرچاویان لەبانگەشەی یەکسانی‌و دادپەروەریدا هەبوو

[1] ئەریك فرۆم، (ژن پیاو)، (و) لە ئینگلیزیەوە شاسوار کەمال مەحمود،گۆڤاری ئایدیا، ژمارە 7، ل 69 .

[1] د. فەرهاد پیربال، ڕێبازە ئەدەبیەکان، ل 53 .

هەندێکیان بەکردەوە بەشداری شۆڕشیان کردووە لەگەڵ شۆڕشگێڕاندا لەسەنگەری خەباتدا بوون، وێنەی (دیدرۆو ڕۆبسپێرو میرابۆو دانتون) [2]. هەندێ لەبیریارانیش باوەڕیان بەوە هەبوو کەدەبێت ژنان خۆیان مافەکانیان بەدەستبهێنن لەڕیزی خەباتدا ئەو بیریارانەش (مۆنتیسکۆو ڤۆلتێرو روسۆ) بوون گەرچی تێڕوانینی تەواو یەکسانی خوازانەیان بەرامبەر مافەکانی ژنان نەبوو. لەگەڵ ئەوەشدا ژنان بەشداری شۆڕشیان کرد هەتا ئاستی ڕابەریکردنی خۆپیشاندانەکان، هەرچەند بەسەرکەوتنی شۆڕش، ئاڵا هەڵگرانی شۆڕش لەوادەو بەڵێنەکانیان پەشیمان بوونەوەو بەشێوەیەکی دی کەوتنە چەوساندنەوەی ژنان، بەڵام دیارە ژنان نەگەڕانەوە بۆ دۆخی جارانیان، بەڵکو کەوتنە خۆیان چەندین جۆری ڕێکخراوەییان درووست کرد بۆ وشیارکردنەوەی ژنانو بەشداریکردن لەکۆڕو کۆبونەوەکانداو فێرکردنو دابینکردنی خوێندن کەیەکێ بوو لەداخوازییە گرنگەکانیان، دیارە شۆڕشی فەڕەنسی سەرباری پەشیمان بوونەوە لەهەموو بەڵێنەکانی بەڵام نەیتوانی دەروازەی بیرکردنەوەو ڕەخنە گرتن دابخات. چەندین بیریار کەوتنە ڕەخنەگرتن لەکارو کردەوەکانی دەسەڵاتدارانو پێشێلکردنی بنەماکانی ئازادی، کەئازادی ژنان سەرەکیترینیان بوو هەر بۆیە لەگەڵ بەرەو پێشچوونی کۆمەڵگەو گەشەکردنی فیکردا چەندین بیریار کەوتنە لێکۆڵینەوە لەبنەماکانی چەوساندنەوەی ئینسانو هۆکارەکانی بەتایبەت ژنان وەکو:

[2] ئەورەحمان، چواردەی تەموز لاپەڕەیەك لەشۆڕشی فەڕەنسا، ل 104 .





(باخۆفنو بێلو باکۆنینو فوریەو مارکسو ئەنگڵز) [1]. هەڵسەندگاندنی شۆڕشی کۆمۆن لەیەکەمین ڕۆژەکانی دەسەڵاتیدا سەرجەم ئەو یاسایانەی کەچەوسانەوەی ژنانی لێدەکەوتەوە وەلای ناو مافەکانی ژنان بەڕەسمی ناسێنرا.

[1] د. سەعید بەشیر، شۆڕشی فەڕەنسای دیموکراتی، (و) یاسین سەردەشتی، گۆڤاری هەنگاو، ژمارە 4، ل 159 .

## پاری سێیەم

## فیمنیزم





### چەمك‌و جۆرەكانی

بۆ گەیشتن بەیەك پێناسە دەبێ لەبنەمای هاوبەشی هەموو جۆرەكانەوە دەست پێبكرێت، كەواتە جەختكردن لەسەر دیاردەی شوێنەواری بن دەستی ژنان لەكۆمەڵگەدایەو ئەو جیاوازیەی كەژنان لەبەرژەوەندی خۆیان لەگەڵی بەرانبەر دەكرێتەوە. دەكرێ وای دابنێین كەتەواوی چەشنەكانی فمینیزم مەبەستی كەمكردنەوەی ئەم جیاوازیانەو لەئاكامدا زاڵ بوون بەسەریدا، خوازیاری گۆڕانكاری گەلێ لەسستمی كۆمەڵایەتی، ئابوری، ڕامیاری‌و كەلتوری دایە ((زاراوەی فمینیزم یەكەم جار لەساڵی (1871ز)دا لەنوسراوێكی پزیشكیدا بۆ ڕاڤەی ڕاوەستان لەگەشەی

ئەندامەکان‌و لێهاتوویی سێکسی پیاوانێکی نەخۆشدا بەکارهێنرا))[1]، پاشان (ئەلکساندەر دۆمای) کوڕە نووسەری جەمهوریخواز دژ بەفیمینیزمی فەڕەنسا ئەم زاراوەیەی بۆ ئاماژە بەو ژنانە بەکارهێنا کەڕەفتاریان وەك ڕەفتاری پیاو بوو، بەڵام لەزاراوەی ڕامیاریدا بۆ دەستنیشانکردنی سیفاتی تایبەتمەندی پیاوانە لەژناندا بەکاردەهێنرا.

وشەی فمینیزم سەرەتا لەزمانی لاتینییەوە سەرچاوەی گرتووەو پاشتر هاتۆتە ناو زمانی فەڕەنسییەوە (فێمیل Female ) کەریشەکەی لاتینیە کە( Female)یە بەواتای ڕەگەزی مێینە، بەو شێوەیە فمینیزم لەساڵی 1873ز دا هاتە ناو فەرهەنگی وشەی زمانی فەڕەنسییەوە بەمانای ئەو قوتابخانەو مەکتەبەی کەبۆ سەندنەوەی ماف‌و ئازادی ژنان خەبات دەکات. ((وەك چەمکێکی سیاسیش بۆ یەکەمین جار لەساڵی 1890ز دا لەژمارەیەکی ڕۆژنامەیەکی ڕۆژانە بەناوی Lafronde بەکارهاتووە، لەئەنگلستان‌و وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاش پێشتر فمینیزم مانای ژنانە یان سیفەتی ژنانەی دەدا))[1].

فمینیزم فەلسەفەیەکەئەلتەرناتیفێکی لەبار بۆ بیری باوکسالاری دادەنێ‌و کار بۆ تێڕوانینێکی تری کۆمەڵگە دەکات لەوەی کەئێستا هەیە، ئەم فەلسەفەو جیهانبینیە لەگەڵ چەمکی سیاسی‌و بیروباوەڕەو ئایدیۆلۆژی تردا یەکدەگرنەوەو تێڕوانینی جۆراو جۆر دروست دەبێت‌و خەبات‌و چالاکی

(1) جین فریدمن، فمینیزم، ل 7.

(1) مەهاباد قەرەداغی، ئازادکرنی مێژوو، ل 17 .





فیمینیستی لەگەڵ گۆڕانکاریە ئابوری‌و سیاسی‌و زانستی‌و کۆمەڵایەتیەکاندا دەگۆڕێ‌و ئامرازەکانی خەبات لەگەڵ سەردەمدا دەهێنێتە ئاراوە.

بزوتنەوەی فمینیزم بەدرێژایی مێژووی خۆی بەچەند سەردەم‌و ساتەوەختی جیاوازو هەڵکشان‌و داکشان‌و شکست‌و هەستانەوەدا تێپەڕیوە، لەسەردەمەکانی پەرەسەندنیدا کەوتۆتە ژێر کاریگەری بزوتنەوە فیکریە باوەکانی سەردەمەکەیەوە تادەگاتە ململانێی سیاسی‌و ئابوری‌و پاش کۆلۆنیالیزم.

فمینیزم وێنەیەکی هەمەڕەنگ‌و دەوڵەمەندو ئاڵۆزی هەیە ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو کاریگەرێتیە کەساڵانێکەبزوتنەوە فیکریەکانی وەك مارکیزم‌و فرۆیدیزم‌و ستراکچەرلیزم‌و بیری پاش ستراکچەلیزم‌و پاش نوێگەری بەجێیان هێشتوە لەسەری.

بەواتا فراوانەکەی بزوتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی هەمە جۆر، پەیوەستە بەگیروگرفت‌و کێشەی ژنانەوە لەدیدی ژنەوە لەکۆمەڵگەو جیهان‌و دیاردەکان دەڕوانێت‌و لەو زانستەش دەڕوانێت کەلەسەر گۆڕانکاری‌و دیاردەکان بەرهەمهاتووە. هەڵگری گەڵێ ڕێبازو میتۆدی فیکریە لەئاستی خوێندنەوەی فیکری‌و مەعریفی‌و تیۆریدا ئامادەیەو خاوەنی ئۆرگان‌و ڕێکخراوو کۆڕو کۆمەڵەی تایبەتە بۆ بەرگری پراکتیکیانە لەخۆی. فمینیزم خاوەنی جیهانبینی‌و فیکری‌و مەعریفی‌و پرۆژەی بنیادنانەوەو داڕشتنەوەی جیهانە. بەو شێوەیە بزوتنەوەیەکی دوو لایەنەیە لایەنێکیان خوێندنەوەو لێکۆڵینەوەیە لەشوێن‌و جێی کۆمەڵایەتی ژن‌و لایەنەکەی

دیکەچۆنیەتی لابردن‌و دەسکاریکردنی ئەو دۆخە نالەبارەی کەتێی کەوتووە ((بەمانای ئەوەی فمینیزم لەسەرێکەوە فیکرەو لەسەرێکی دیکەوە پراکتیکە: ئەزموونی تیوری‌و مەعریفی‌و میتۆدیە لەپاڵ ئەزموونی ژیان‌و خەباتی پراکتیکی رۆژانەدا، چەند لێکدانەوەو خوێندنەوەو لێکۆڵینەوەی فەلسەفی‌و سیاسی‌و کلتورییە ئەوەندەی ئەنجامی کارو هەوڵ‌و تێکۆشانی پراکتیکە، لەهەردوو دۆخەکەشدا مەبەستی سەرەکی ئەم بزوتنەوەیە گۆرینی هەل‌و مەرجی ژیانی کۆمەڵایەتی‌و کەلتوری‌و سیاسی ژنانە بەئاراستەکردنی هەل‌و مەرجێك کەتێیدا ژن وەك بوونەوەرێکی یەکسان‌و خاوەن تایبەتمەندێتی مامەڵەبکرێت))[1].

فمینیزم لەو بروایەدایە کەژنان لەو کۆمەڵگەیەی تیایدا دەژین بەبەرابەر لەگەڵ پیاواندا لەپێگەیەکی نابەرابەردان، لەسیستەمی پیاوسالاریدا ژن لەبەر ئەوەی پیاو نییە لەو شوێنەی پیاوان بەهێزن ژنان لاوازن لەو ڕووەوە گەڕانەوەیەك بۆ قوتابخانەی (شیکاری دەروون)، فۆرمەلەیەکی وا هەیە دەڵێ: (( پیاو بەهێزەو ژن لاوازە پیاو درەو ژن نەرم‌و نیان، پیاو بزێوەو ژن هێمنە، پیاو عەقڵ بەکاردەهێنێت ژن سۆز، پیاو بایەخ بەبیرو باوەڕەکان‌و شتەکان دەدات ژن بایەخ بەخەڵك‌و هەست‌و

[1] مەریوان وریا قانع، سەرەتایەك دەربارەی فیمینزم، گۆڤاری ڕەهەند ساڵی 2006، ل 142.





نەستەکان دەدات.. لەناو سروشتیشدا پیاو بەخۆرو ڕوناکی‌و شاخ بەراورد دەکرێت ژن بەمانگ‌و تاریکی‌و ئاو))[1].

بەپێی بیروباوەڕی نوێ‌و ئەو هەوڵانەی لەناودایە چەمکی فمینیزم خەباتێکەبۆ گەیشتن بەمافی بەرامبەر لەنێوان پیاوو ژن لەکۆمەڵدا فمینیزم بزوتنەوە یا جموجۆڵێکی ڕەوایە بۆ دابینکردنی یەکسانی‌و نەهێشتنی نابەرابەری باو لەنێوان هەردوو ڕەگەزدا، هەموو فیمینیستەکان لەخاڵێکدا بۆچوونی هاوبەشیان هەیە ئەویش دژایەتی کردن لەگەڵ چەوساندنەوەو سەرکوتی ژنانە بەهۆی جێندەرەوە ((فیمینیستەکان لەسەر شێوەی خەبات بۆ وەدەستهێنانی مافی سیاسی‌و کۆمەڵایەتی‌و بەرامبەر لەگەڵ پیاوان بۆچوونی جۆراو جۆرو جیاوازیان هەیە ئەوەش بۆتە هۆی ئەوە کەفمینیزم بەسەر دەستەی جۆراو جۆردا دابەشبکرێت بەپێی جۆری واقیعی خەباتی کۆمەڵایەتی‌و تاوگێری توندوتیژی بەکارهاتوو بەباوەڕبوون بەشێوازەکانی مەعریفەی ژنان لەو بوارەدا بەمانا شمولییەکەی کەهاوتا دەبێت لەگەڵ هەموو خەبات‌و داخوازیەکانی مافی مرۆڤ‌و پاراستنی کەرامەتی تاك))[1].

بەو شێوەیە دەتوانین بڵێین فمینیزم دیاردەیەکەپەیوەندی بەئاراستەکانی تێگەیشتن‌و هۆشیار بونەوەی ژنانەوە هەیە لەو شوێنەدا

[1] شێرزاد حەسەن، ئەفسانەی ماڵ شوێنی شیاوی ژن، گۆڤاری ڕەهەند، ژمارە 18، 19، ل 123 .

[1] عەلی محمود، چەند سەرە قەڵەمێك لەسەر چەند بابەتێکی ئاینی، گۆڤاری بیری نوێ، ژمارە 32، ل 26 .

کەتیاییدا دەژی، کەواتە لێرەدا شوێن‌و جوگرافیاو ئایدیاو دەسەڵات بەشداری ڕاستەوخۆی لەشێوازەکانی فۆرمەلەبوونی خواست‌و داواکاریە ژنایەتییەکاندا هەیە.

فمینیزم ڕەوتێك نییە لەشوێنێکەوە بۆ شوێنێکی دی وەکو خۆی بگوێزرێتەوە، بەڵکو دەبێ دەنگی ژنان بێت بەپێی کێشەو گیروگرفتەکانی ژیان بۆ وەدەستهێنانی ئەو مافانەی لێی زەوت کراوە. بەو پێیە سەرهەڵدانی بزوتنەوەی ژن‌و دۆزەکەی بەپێی شوێنی جوگرافی‌و هۆکاری مێژووی لەشوێنێکەبۆ شوێنێکی تر دەگۆڕێت، فاکتەرەکانی سەرهەڵدانی لەکۆمەڵگەیەك بۆ کۆمەڵگەیەکی دیکەجیاوازی هەیە بۆ نموونە ناکرێ لەڕۆژهەڵات‌و ڕۆژئاوادا بەیەك تێڕوانینی سەیر بکرێت لەگەڵ ئەوەشدا هۆشیاریەکی بەگوڕ تر لەجاران لەسەر ئاستی جیهان بەدیدەکرێت ((ئازادی ژن بریتیی نییە لەئازادی لەسنوورێکی دیاریکراودا بەڵکو بریتیە لەمومارەسەی کۆمەڵایەتیانەی ئازادی لەلایەن تاکەکانەوەو دەبێ زەمینەی پتەوی پەروەردەیی‌و ئابوری وشیاری کۆمەڵایەتی هەبێت)) [2]. ئازادی ژن بەبێ ئازادی تاك سەر ناگرێ دەبێ دەسەڵاتی پیاو بەیاسا لەسەر ژن لابرێ‌و بگۆڕێ، بۆ سەربەستیەکی ڕاستەقینەی مرۆیی.

بیرمەندانی ڕۆشنگەری کۆتایی سەدەی حەڤدە هەتا سەدەی هەژدە بناغەدانەری بیری ئازادی سەربەستی تاکەکەس بوون، لەژێر کاریگەری ئەو جۆرە بۆچوونەدا بیرمەندان لەبوارەکانی تری وەك سیاسەت‌و ئاکاریشدا

(2) ئارام سدیق، دۆزی ژن‌و هەزارەی نوێ، ل 73.





بەدوای دۆزینەوەی یاسا بنچینەیی‌و بنیادییەکاندا بوون، بۆ نموونە تیۆری ((مافە سروشتییەکانی تاکەکەس کە لەسەر بنەمای جاڕنامەی سەربەخۆی ئەمریکا ساڵی 1776ز داو جاڕنامەی مافەکانی مرۆڤی فەڕەنسا لەساڵی 1789ز دا ئەنجامێکی کاریگەری لەبیری سیاسی سەردەمی ڕۆشنگەری دا هەبوو، ئەم ئەنجامانە بوو لەکانونی دووەمی 1792زدا یەکەمین کاری بنچینەیی لەبواری تیۆرەکانی بڕواداران بەڕەسەنایەتی مافەکانی ژن بەناوی (گێڕانەوەی مافەکانی ژنان) لەلایەن (میری ولستن گرافت) لەبەریتانیا بڵاوکرایەوە، (ولستن گرافت لەکاتی شۆڕشی فەڕەنسا پەیوەندی بەشۆڕشگێرانەوە دەکات)، دوای سەرکەوتنی شۆڕشی مەزن وەك ڕوناکبیرێکی تری شۆڕش بۆ پاراستنی گیانی خۆیان ناچار بوون بۆ فەڕەنسا هەڵبێن، لەگەڕانەوەیدا کتێبەناسراوەکەی خۆی بڵاوکردەوە لەم کتێبەدا هیچ جۆرە جیاوازیەکی نەژادی، ڕەگەزی، یا چینایەتی خودی لەنێوان ژنان‌و پیاواندا بوونی نییە)) [1]، ئەو جیاوازیەی لەنێوان ئەم دوو ڕەگەزەدا هەیە زادەی ژینگەی کۆمەڵایەتیەو بەڕیفۆرمی کۆمەڵگە ئەم جیاوازییە لەناو دەچێت.

هەرچەندە هەوڵەکانی بەردەوام بوون بۆ سەقامگیربوونی یەکسانی‌و بەدیهێنانی مافی ژنان بەڵام لەساڵی 1793ز بەدوواوە دەسەڵاتدارانی فەڕەنسا لەو هەندە ئازادیە پەشیمان بوونەوە کەخوێنێکی

(1) مەعسومەی موسەوی، کورتە مێژوویەکی تیۆرە فیمینستیەکان، کوردستانی نوێ، ژمارە 3641، ل 10 .

زۆری بۆ ڕژا یەکێ لەو قوربانیانە کەلەوکاتەدا گیانی خۆی بەخشی (مەدام ڕۆلان) بوو، ئیدی لەو مێژووە بەدواوە چیدی ژن نەیتوانی خاوەنی هیچ بڕیارو پڕۆگرامێك بێت، هەتا ساڵی 1848ز کەلەئەمریکاو ئەوروپاش شۆڕشو پێکدادانی کۆمەڵایەتی لەکەفو کوڵی پەرەسەندندا بوو، هۆکەش ئەوە بوو کەزۆربەی نووسەرانو ڕوناکبیران کۆچیان بۆ ئەو شوێنانە کرد بوو.

بەو شێوەیە لەفەڕەنساش جارێکی دیکەخەباتی ژنان سەری هەڵدایەوەو سەندیکاو ڕێخراوەکان دامەزراوە، بێگومان لەئەوروپاو ئەمریکاش هۆکار گەلێکی گرنگ هەبوو بۆ سەرهەڵدانی بزافی ژنان یەکێ لەوانە سەرهەڵدانی ڕۆشنگەری مرۆڤ بەرپرسیار دەکات بەرامبەر ژیانو داوای کۆمەڵگەیەك دەکات کەیەکسانی بۆ هەموو تاکەکانی کۆمەڵ فەراهەم بکات ((کار بۆ هەر تاکێك پیاو یان ژن ناتوانێ ئازادی چاوەڕوانکراو بێتە دی لەڕووی هۆشو جەستەوە تەنیا لەسێبەری کۆمەڵگەیەکدا نەبێت کەئەندامەکانی بەیەکسان بزانرێتو دەرفەتی چۆنیەك بۆ هەمووان دابین بکات))[1].

هۆکارێکی دیکەی کاریگەری ڕۆشنگەری لەسەر بزوتنەوەی فیمینیستی لەئەوروپا بریتیە لەبەگژاچوونەوەی هەژاری، چونکەژنانیش بەشێك بوون لەو هەژارییەی کۆمەڵگە، ئەمەش وایکرد زۆر لەژنانی چینە دەوڵەمەندو دەسەڵاتدارەکان لەماڵ دەرچنە دەرەوە ببنە هاوکارو

(1) د. نەوال سەعداوی، (و) زەروان، ڕوخساری رووتی ژنی عەرەب، ل 179.





یاریدەدەری هەژاران، بەو شێوەیە جوڵانەوەی بزاڤی ژنان زۆر شوێنو جێگەی گرتووە، لەساڵی 1869ز دا ژنانی ئەمریکا لەنیویۆرك ڕێکخراوی سەربەخۆی ژنانیان دامەزراند ئیدی لەو مێژووەوە لەزۆربەی وڵاتانی جیهاندا ڕێکخراوو سەندیکای ژنان دامەزرا هەتا گەیشتە ئەوەی (یەکێتی ژنانی جیهان) دامەزراو بەدەرکەوتنی بیری سۆشیالیزم لەساڵانی 1891ز بەدواوە ژنانی کرێکار ڕێکخراوو سەندیکای خۆیان دامەزراند، هەتا گەیشتە ئەوەی ((لەکۆنگرەی ژنانی جیهانداو لەساڵی 1910ز) لەکۆپنهاگنی پایتەختی دانیمارك بەسترا لەو کۆنگرەیەدا لەلایەن (کلارا زنگین)ەوە پێشنیاری ڕۆژی 8ی مارس کراو لەو کۆنگرەیەدا بڕیاری لێدرا))[2]. ڕۆژی 8ی مارس بووە ڕۆژی جیهانی ژنانی کەبەهەنگاوێکی گرنگی بزافی فیمنیستی دادەنرێت[3].

(2) کازیوە صالح، فیمنیستناسی و جڤاکی کوردی، ل 26.

(3) ژنانی کارگەی ڕستنو چنین لەئەمریکا لەپێناوی دەستەبەرکردنی مافەکانیان لە 1908/3/8 لەناو کارگەدا دەستیان کرد بەمانگرتن خاوەن کارگەو چاودێرەکانی، دەرگاکانی کارگەیان لە هەموو لایەکەوە داخست و لەناوەندی کارگەدا ئاگرێکی گەورە کەوتەوەو کە( 109) لەو ژنانە بوونە قوربانی. لەساڵی 1910 زاینیدا لەدووەم کۆنفراسی ژنانی سۆشیالیست لەدانیمارك بەسەرکردەی ژنێکی بەناوبانگ لەسۆشیالیستەکانی ئەڵمانیا کەناوی (کلارا زنگیتن) بوو. نوێنەری حەڤدە دەوڵەت بوون گەیشتنە بڕیارێك کەڕۆژێکی دیاریکراو هەبێ بۆ یادی ڕۆژی ژنانی جیهان بەڵام دواتر نەتەوەیەکگرتوەکان ( UN) بەفەرمی لەساڵی 1975زدا ئەم یادەی ناساندو کردی بەڕۆژی نەتەوەیەکگرتوەکان بۆ مافی ژنانو ئاشتی جیهانی.... بڕوانە کوردستانی نوێ، ژمارە 4213، لە 2007/3/8، ل 7.

بەو شێوەیە بزوتنەوەی فمینیزم لەناوخۆیدا بەسەر گەلی دیدو قوتابخانەی جیاوازدا دابەشبوو، هەریەکێ لەو قوتابخانانە بۆچوونی تایبەتی بەرامبەر بەدۆزی ژن هەیەو هەریەکەلەلای خۆیەوە بڕوای بەفەلسەفەیەك هەیە کەخۆی ڕابەری دەکاتو خۆی بەخاوەن ئەو کێشە ئاڵۆزە دەزانێ کەبزافی ژنانی پیا تێپەڕیوەو لەڕوانگەی بیرو باوەڕی خۆیەوە چارەسەری کێشەی ژن دەکات، بەر لەوەی بچینە سەر باسی قوتابخانە فیمینستیەکان دەبێ ئاماژە بەسەرهەڵدانی هەردوو شەپۆلی فیمنیزم بدەین.

لەمێژووی خۆرئاوادا تا ساڵانی حەفتای سەدەی بیستەم دوو تەوژم لەبزوتنەوەی فیمینستدا دیاریدەکرێت هەریەکەکاراکتەرو داواکاریی‌و هەلومەرجی مێژوویی خۆی هەیە، ((بزوتنەوەی فیمینیزمی یەکەم دەشێت زیاتر وەك بزووتنەوەیەکی سیاسی سەیر بکرێت کەتیایدا ژن هەوڵیداوە سەربەخۆیی بەدەست بێنێتو مافی دەنگدانی هەبێت لەهەڵبژاردنی پەرلەمانو حکومەتدا))[1].

شەپۆلی یەکەمی فیمنیزم لەئەمریکا سەریهەڵداوە، ((لەڕۆژی 31ی مانگی حەوتەمی ساڵی 1848زدا یەکەمین بزوتنەوەی فیمنیزمی لەژێر ناوی بزوتنەوەی مافەکانی ژن لەئەمریکا لەدایکبوو))[1]. کۆمەڵێ ژن چەند کۆبونەوەیەکیان ڕێکخستو بەیاننامەیەکیان دەرکرد گرنگترین ئەو نایەکسانیانەش کەخستبویانە ڕوو بریتی بوو لە: ((ژنی شووکردوو لەڕووی

[1] هەوار قەرەداغی، ژن لەدونیای هونەردا، گۆڤاری ڕەخنە ژمارە (4)، ل 182 .

[1] مەریوان وریا قانع، گۆڤاری ڕەهەند ژمارە ( 18، 19 )، ل 144 .





یاساییەوە بوونی نییە واتە یاسا هیچ حسابێك بۆ ژنی شووکردوو ناکات، ژنان مافی دەنگدانیان نییە، ژن دەبێت سەر بۆ یاسایەك دانەوێنن کەخۆیان هیچ بەشدارییەکیان لەدرووستکردنیدا نەکردووە، پیاوان خاوەنی دەستەڵاتێکی شەرعین بەسەر ژناندا تا ئەو شوێنەی لێیانبدەن‌و بەندیان بکەن، یاساکانی تەڵاق‌و جیابوونەوەو بەرپرسیارێتی بۆ منداڵان هەموویان لەخزمەتو لەقازانجی پیاودان.. هتد))[2].

بەیاننامەی ئەو کۆمەڵەژنە لەئەمریکا زەنگی لەدایکبوونی یەکەمین بزوتنەوەی فیمینیستی لەمێژووی نوێدا ڕاگەیاندو دواتر بەبەشەکانی تری جیهاندا بڵاو بێتەوە.

(شارلۆت گلیمەن) گەورەترین کۆمەڵناسو ئابووریزانی شەپۆلی یەکەمی فیمنیزم بوو گەلێ ڕاوو بۆچوونی هەبوو لەبارەی ڕەوتی پێشکەوتنی ژنان گیلمەن پێیوابوو ((ڕەگوڕیشەی هەموو نایەکسانییەکان لەو ڕۆڵانەدایە کەپشت ئەستوورن بەڕەگەز لەئەنجامدا بەبڕوای ئەو تاکەڕێگەیەك کەژنان دەتوانن بەهۆیەوە یەکسانی لەگەڵ پیاواندا بەدەستبهێنن گەیشتنە بەیەکسانی ئابوری، بەبۆچوونی ئەو ماڵ زیندانێکەژن دەبەستێتەوەو ناچاری دەکات ڕۆڵی بەکارهێنەرێك بگێڕێت))[1]، بەبۆچوونی ئەو وابەستەیی ئابوری، ژن بەپیاوەوە کۆتو زنجیر دەکات ئازادی کاتێ

[2] مەریوان وریا قانع، گۆڤاری ڕەهەند، ژمارە ( 18، 19 )، ل 140 .

[1] حومەیرا موشیرزادە، لەبزافەوە تا تیۆری کۆمەڵایەتی، و. موراد حەکیم، ل 122 .

بەدەستدێت کەهاوسەرو کچان بچنە ناو جیهانی دەرەوەو بتوانن خۆیان لەڕووی ئابوریەوە مسۆگەر بکەن.

بزافی شەپۆڵی یەکەمی فیمینیزم هەموو هەوڵێکیان بۆ بەدەستهێنانی مافی دەنگدان بوو واتە کۆمەڵەی ئەمریکی لەسەرەتادا تەنیا داخوازیان بەدەستهێنانی مافی دەنگدان بوو. بەو شێوەیە بزافە ڕیفۆرمخوازەکان ژنانیان هێنایە ناو کایە چالاکەکانەوە کەپێویستی دەکرد پەیوەندی لەگەڵ چەند بەشێکی فراوانی کۆمەڵگەدا بکەن، زۆر لەژنە لایەنگرەکانی بزافی ژنان ئامادەییان لەم چالاکییە ڕیفۆرمخوازانەدا هەبوو، توانیان هەم ئاهەنگی لەنێوان بزاڤەکاندا ڕێکبخەن. لەسەرەتاکانی سەدەی بیستەمدا پەیوەندییەکانی نێوان بزاڤی ژنانو بزاڤی کرێکاران زیاتر لەجاران بەهێزتر بوونو ژنە چالاکەکان لەبزاڤی ژناندا توانیان بەرەبەرە بچنە نێو سەندیکاکان بۆ دیتنی ژنانو ڕێکخستنیان، بەم شێوەیە بەشێکی گرنگ لەمێژووی بزاڤی ژنان کۆتایی پێهاتو ژنان لەدوای ( 71) ساڵ واتە ساڵی 1919ز بەچالاکی بەردەوام توانیان بگەن بەیەکێك لەتەوەرە سەرەکییەکانی خواستەکانی خۆیان واتە مافی دەنگدان.

شەپۆڵی دووەم لەئەمریکا لەساڵی 1965زو لەئەوروپای ڕۆژئاوا لەساڵی 1966ز دەستپێدەکات، لەدوای ئەوەی هەندێ لەداواکاریەکان شەپۆڵی یەکەم هاتەدی وەکو مافی دەنگدانو مافی خوێندنو مافی کارکردن، شەپۆڵی دووەم بەرین ترو کاریگەرتر بوو لەشەپۆڵی یەکەم لەکۆتایی سەدەی بیستەمدا فیمینیزم ژیانی ژنانو شێوە





بیرکردنەوەی ئەوانی بەچەشنێك گۆڕا کەبەبیری کەسدا نەدەهات، شەپۆلی دووەم لەبواری تێکەڵاویو لەبواری تێڕوانینە گرنگەکانی بەشێوەیەکی زۆر باش پەرەیسەند. دەستیان دایە ڕێکخستن لەدەوروبەری داخوازیەکانیانی خۆیان بەمەبەستی شێوەیەك هەڵسوکەوتی یەکسان لەنێوان ژنو پیاودا لەشوێنی کار، پەروەردەی منداڵو مافی زاو زێ. بێگومان زۆر هۆکار هەن کەکاریگەریان لەسەر دروستبوونی شەپۆڵی دووەم هەیە ((یەکەمیان: درووستکردنی حەبی دژی سکپربوونە کەئازادییەکی زیاتر بەلەشی ژنو بەچۆنیەتی بەکار هێنانی دەبەخشێت، جگە لەمە ئەم حەبەوادەکات ژیانی جێندەری مانایەکی دیکەوەردەگرێت جیا لەوەی کەتەنها بۆ دروستکردنی منداڵ بێت لەهەمانکاتدا هەلی ئەوە بەژنان ئەبەخشێت مەسەلەی منداڵبوونو مەسەلەی بوون بەدایك دوا بخەن بۆ کاتێك کەخۆیان هەڵیبژێرن، دووەم: داهێنانی ئامێری جلشۆرینو پاککردنەوەیە کەکاتێکی زۆر بۆ ژنان دەگێڕننەوە))[1].

جگە لەمانەش جۆرێکی نوێ لەکاری خزمەتگوزاری دێتەکایەوە کەدەشێت هەم لەلایەن پیاوو هەم لەلایەن ژنەوە بەکار بهێنرێ بەتایبەتی کارکردن لەسەر ئامێری کۆمپیوتەرو حاسیبەو تەلەفۆنو شتی تری لەم بابەتە ئەم دەسکەوتانە وادەکەن کەشەپۆڵی دووەم لەڕووی فیکریو تیۆریو سیاسیەوە لەشەپۆڵی یەکەم ئازادترو گەشەکردووتر بێت.

---

[1] مەریوان وریا قانع، گۆڤاری ڕەهەند، ل 156 .

شەپۆلی دووەمی فیمنیزم بووە هاوپەیمان لەگەڵ بزووتنەوە پێشڕەوەکان بەتایبەت بزوتنەوەی پێست ڕەشەکان، بەدێرژایی دەیەکانی هەشتاو نەوەدی زایینی ڕوانگەی فیمنیزمو ناوەڕۆکەکەی بەگشتی بەشێوەیەکی بەرینو پەرتو بڵاو بۆتەوە.

لـــــەم بەشەدا بۆ زیاتر تیشك خستنە سەر بزافەکانی فیمینیستی هەوڵمان داوە بەشێوەیەکی گشتی سەرنج لـــەهەندێ لـــــەو قوتابخانانە بدەین کەفیمنیزم بەخۆیەوە دەگرێ:

- قوتابخانەی لیبڕاڵ فمینیزم:

وشەی لیبرالیزم دەشێ بۆ باوەڕێکی گشتی وەها بەکاربێت بتوانێت شادمانیو خۆشگوزەرانی تاکەکەس ئامانجی بێت، دەشێ بۆ بەرز نرخاندنی ئازادی بیرو ئازادی دەربڕین بەکاربێت، یان بۆ باوەڕێکی ئابوری، لیبرالیزم لەڕووی سیاسەتەوە ئامانجی بونیادنانی حکومەتێکی پەرلەمانی جەخت کردنەوەیە لەسەر ئازادی ڕۆژنامەگەریو ڕای گشتیو لەڕووی ئابوریەوە بایەخ بەئازادی بازرگانی دەرەوەو دوور خستنەوەی دەوڵەت لەکاروباری ئابوری دەدات. یان تەوژمێکی سیاسی بورجوازیە لەسەردەمی سەرهەڵدانو سەرکەوتنی بۆرجوازی پیشەسازیو هەوڵەکانی لەپێناو دەسەڵاتدا لەدژی ئەرستۆکراتیەتو دەرەبەگەکان دەرکەوێ، ((لیبرالیزم فەلسەفەیەکی سیاسیە بایەخێکی زۆر بەمافە مەدەنیو سیاسیەکانی تاك دەداتو بەڕەوای





دەبینێ، کرۆکی لیبرالیزم بایەخدانو کارکردنە لەسەر گرینگی تاكو پێویستی ڕزگار بوونی تاك لەهەموو جۆرە دەسەڵاتو زۆرداریەك))[1].

بیری لیبرالیزم لەلای فمینیزمە لیبرالیەکان ڕەنگی داوەتەوەو لەپێناوی ئامانجەکانی خۆیاندا کاری پێدەکەن، لەسەرهەڵدانی ئەم بزافەدا ژنی بۆرجوا دژی دەسەڵاتخوازی پیاوان لەنێوماڵدا وەستایەوە لیبرال فمینیزمەکان لەسەدەی هەژدەهەمدا هەوڵێکی زۆریاندا بۆ سەپاندنی یەکسانی مافەکانی ژنانو پیاوان، لەسەدەی نۆزدەهەمدا خوازیاری بەرابەری ژنان لەژێر چەسپاندنی یاسادا بوونو سەرەنجام لەسەدەی بیستەمدا خوازیاری ڕیفۆرمی جۆراو جۆر بوون بەبڕوای لیبڕال فمینیزمەکان بێمافی بۆ ڕەگەزی ژن لەدابو نەریتی کۆمەڵایەتیەوە سەرچاوە دەگرێت، هۆشمەندی تاكو جۆری بیرکردنەوەو هەڵسوکەوتی لەگەڵ کێشەکانی فاکتەرێکی بڕیاردەرە. ((بیری تاك گەرایی (Individuelisim) پەیڕەو دەکرێو کار بۆ ئاسایی کردنەوەو وەرگرتنەوەی مافەکانی ژن لەڕێگەی گەشەدان بەکۆمەڵگەو وەرگرتنی مافی خوێندنو کارکردن بۆ گۆڕینی دابو نەریتەکانی کۆمەڵگەو بەرەو پێشەوە بردنی ئاستی هۆشیاری وەك چارەسەرێك دەبینرێ))[2]، لەڕوانگەی لیبرالیزمەوە بیرکردنەوەی عەقڵانی یا هۆشمەندی بنەمای هەڵسوڕانی ئینسان پێکهدەهێنێو عەقڵانیەت خاسیەتو کاراکتەری تەنیایی تاکەکانەو تاکیش (فەرد) پێش کۆمەڵگەیە،

(1) هیوا عەزیز، ڕەنگدانەوەی بیری لیبرالی، ل 37 .

(2) مەهاباد قەرەداغی، ئازادکردنی مێژوو، ل 22 .

بەدەربڕینێکی دی بەپێی مەنتقیی لیبرالی تاك بەشە بنەڕەتیەکانی پێکهاتەی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتین‌و بەرژەوەندی‌و ئارەزوو تواناکانی تاکیش سەربەخۆن بەو شێوەیە لیبرالیزم زادەی ڕێبازی فەردگەراییە جەخت لەسەر تێگەیشتنی دیاریکراو بۆ ئازادی دەکاتەوەو ئازادی مافێکی مرۆڤەو دەسەڵاتی سیاسی بۆی نییە دەست وەربداتە ژیانی تایبەتی تاکەکەس. بۆچوونی ئەم قوتابخانەیە وایە جیاوازی نییە لەڕووی ئەقڵەوە لەنێوانی ژن‌و پیاوداو ژن‌و پیاو دوو بوونەوەری یەکسانن‌و کەسیان لەوی تریان جیاوازی نییەو پێوستە یەك مامەلەبکرێن لەگەڵ ئەوەشدا ئەم یەکسانیە نارێکی لەگەڵ کراوە.

لیبرالیزم ڕیشەکەی بۆ سەدەکانی حەڤدەو هەژدەو نۆزدە دەگەڕێتەوە، بیرمەندانی وەك ماری ولستون گرافت‌و هربت تایلورو جۆن سیتوارد میل لەلیبرال فمینیستەکانن‌و دەبوایە بیسەلمێنن کەژنان توانای عەقڵی‌و بەڵگە هێنانەوەیان هەیە، بیریارانی وەکو ماری ولستۆن گرافت‌و جۆن ستیوارد میل لەگەڵ لیبرالیزمی کلاسیکدا کەوتنە ڕووبەڕوو بونەوەو سەرچاوەی دانی ماف بەمرۆڤ بەلای ئەمانەوە لەتوانی عەقڵی دایەو لەسەر ئەوە سوور بوون کەدواکەوتنی ژنان هۆکەی نەخوێندەواری‌و دوورە پەرێزی ژنانە بەهۆی چەوسانەوەیان. ((جۆن ستیوارد میل 1806 – 1873 ز یەکێ لەفەیلەسوفە لیبرالیەکانی سەدەی نۆزدەهەم بوو کەبەکردەوە بیرە فەلسەفیەکانی خۆی پراکتیزە دەکرد جگە لەکارەکانی لەبواری میتۆدا





خۆی بۆ پەرلەمانی لەندەن پالآوت‌و لەهەمان ساڵیشدا بۆ سەرۆکی زانکۆی (قەدیس ئەندروز) هەڵبژێرا))[1].

جۆن ستیوارد میل لەبەرهەمەکانیدا بەتایبەتی کتێبی (دەربارەی سەربەستی)و (بەبەندەکردنی ژنان) بیروڕاکانی سەبارەت بەئازادی‌و ئازادی کۆمەڵایەتی‌و ئازادی تاکەکەس دەربڕیوە زۆربەی بیروڕاکانی بۆ ئەوە تەرخانکردووە کەژنان لەمافە ڕەواکانی خۆیان بێ بەشن‌و بەتایبەتیش لەگیروگرفتێکی گەورە دواوە کەبەبەندەکردنی ژنانە کەچۆن پابەندو گیردەی دەسەڵات‌و هێزی پیاوسالارین میل لەو ڕووەوە دەڵێ: (( ئازادی بەتەنها بۆ تاکەکەس بەخێر ناگەڕێتەوە بەڵکو بەچاکیش بۆ کۆمەڵگە دەگەڕێتەوەو خۆشگوزەرانی کۆمەڵگەو ئەندامەکانیشی بەئازادیەوە بەندە، کەواتە خێرو خۆشگوزەرانی کۆمەڵگە بەلای هەموانەوە گرنگە)) [2].

بەو شێوەیە لیبرال فمینیستەکان سودیان لەهزری فەیلەسووفان وەرگرت‌و هەوڵیاندا بۆچوونەکانی ئەوان پراکتیزە بکەن‌و باوەڕیان وابوو کەژنان وەك پیاوان خاوەنی عەقڵ‌و ئیرادەی تاکەکەسین‌و دەبێ لەگەڵ پیاواندا خاوەنی مافی سیاسی یەکسان بن، بزوتنەوەی فمیزمە لیبرالیەکان وا دەناسرێتەوە جەختکردنی سەرەکی لەسەر پێوستی ژنان لەبەدەستهێنانی مافی دەنگدان‌و خۆ کاندیدکردن‌و بەشداریکردنە لەکاری سیاسی‌و سنوردارکردنی دەسەڵاتی دەوڵەت‌و نەهێشتنی دەسەڵاتی ڕەها

(1) جۆن ستیوارد میل، استعباد النسا ، ص 8 .

(2) د. موسا ئیبراهیم، فیکری سیاسی خۆرئاوا لەماکیافیلیەوە تا مارکس، ل 229 .

بەسەر کۆمەڵگەو تاکەوە، بەو شێوەیە خوازیاری فمینیزم لیبرالیزم باوەڕی وایە ئازادی هەموو بوارەکانی ژیان دەگرێتەوە بۆ نموونە (ئازادی ڕۆژنامەگەری بوونی نییە ئەگەر ئامێرەکانی چاپ لەژێردەسەڵاتی حکومەتدا بن، ئازادی ڕێکخراوەیی نییە ئەگەر ژوورەکانی لێپێچانەوە زاڵبن، ئازادی جوڵەی نابێت ئەگەر میکانیزمی گواستنەوە قۆرخداری دەوڵەت بن، واتە چەند دەسەڵاتو کۆنترۆڵی دەوڵەت لەکۆمەڵگەدا بەهێزبێت ئەوەندە لەسنوری ئازادیو چالاکییە کۆمەڵایەتیو ئابوریو سیاسییە ئازادەکان تەسکدەکاتەوە))[1].

- **قوتابخانەی ڕادیکاڵ فیمنیزم:**

فیمینیزمی ڕادیکاڵ دانانی ژنان لەچینێکی نزم تر لەچینی پیاوان لەسەر بناغەی ڕەگەز بەسەرچاوەی سەرکوتی ژنان دەزانێ، ئامانجی فیمینیزمی ڕادیکاڵ ڕوخاندنی ئەم سیستەمی ڕەگەزییەیە، بەبڕوای ئەمان هەموو فۆرمە جیاوازەکانی سەرکوتکردنی ژنان لەباڵا دەستی پیاوەوەیە.

فیمینیزمی ڕادیکاڵ پێ لەسەر لێکنەچوونی پیاوو ژن دادەگرێ، لەباتی ئەوەی لەعەقڵو عەقڵانیەتدا بەدوای زەمینەیەکی لێکچوی ژنو پیاودا بگەڕێ بەدوای ئەو جیاوازیانەدا دەگەڕێ کەپیاو لەژن جیادەکاتەوە، ئەمان ژن وەك سەرچاوەی پاراستنی ژیان دەبینن، ژن وەك هێزێك تەماشا دەکەن کەناهێڵێ ڕەگەزی مرۆڤ قڕ بکات، یەکێك لەو بابەتەی ئەمان بایەخی

[1] هیوا عەزیز، ڕەنگدانەوەی بیری لیبرالی لەباشوری کوردستان، ل 140، 141 .





پێ ئەدەن لەشو ژیانی جێندەری ژنە باوەڕیان وایە چەوسانەوەی ژن هۆکەی بۆ سەرمایەداری ناگەڕێتەوە، بەڵکو بۆ پیاوسالاری دەگەڕێتەوە لایان وایە ڕەگەز سەرچاوەی چەوسانەوەیە نەك چین، هەروەها باوەڕیان وایە کەدەزگاو دامەزراوە باڵا دەستەکان بەشێوەیەکی ڕادیکاڵ بگۆڕێت، بەو پێیەی کەڕادیکاڵ بەمانای گۆڕانکاری لەڕژێمی کۆمەڵگەدا لەڕەگو ڕیشەوە دێت.

بەو شێوەیە ئەمان دەیانەوێت هەموو دەزگا سیاسیەکان، یاساییەکان، ئابوریەکان، پزیشکیەکان، کەلتوریەکان بەشێوەیەکی ڕادیکاڵ بگۆڕن ڕادیکاڵ فمینیزم داوای یەکسانی ڕەها دەکات کەمانای سڕینەوەی هەموو جۆرە جیاوازیەکی نێوان ژنو پیاو دەگەیەنێت، هەتا دەگاتە لایەنی بایولۆژیو سایکۆلوژیو هەموو جیاوازییەکانیان بۆ دەرهاویشتەی مێژوویی‌و کۆمەڵایەتی دەگەڕێننەوەو دەڵێن : ژنو پیاو هەردووکیان یەك جۆرن بەڵام جۆری پەروەردەکردن تایبەتمەندێتی هەریەکەیان دەگۆڕێت. بەلای ئەمانەوە منداڵبوون یەکێکەلەهۆکارەکانی بەکەم سەیرکردنی ژنان، هەروەها بۆ فێرکردنی پاڵنەری سێکس پێشنیاری سێکسی ژن بۆ ژن (السحاق) دەکەن. ((بەبۆچوونی ئەوان پەیوەندی هیترۆ سێکسوال (ژنو پیاو) مەترسی گەورەو چەوسانەوەی بەدواوەیە))[1]. بەو شێوەیە ئەمان منداڵبوونی دەستکردیان بەسەر منداڵبوونی ئاساییدا پەسند کرد.

[1] مهاباد قەرەداغی، ئازادکردنی مێژوو، ل 20 .

خاڵێکی دی کەبایەخی پێ ئەدەن زمانە دەیانەوێ لەو چەمکەی پاك بکەنەوە کەهەندێ دەستەواژە هەیە بەنزمو کەم نرخ لەژن ئەدوێو دەڵێن: زمان دەربڕینێکەپیاو دایڕشتووە، چونکەهەر لەزووەوە وتویانە ((دەربڕین واژەکەی پیاوانەیەو ماناکەی ژنانەیە، بەو مانایەی واژە (اللفظ) گیانە زانستیەکەی زمانەو ئەو بنچینەیەیە کەنووسینو دەربڕین لەو پێکدێت بەو شێوەیە مانا لەژێر سایەی واژەدا دەبینرێت، بەو مانایەی واتا هیچ بوونێکی نییە لەژێر سایەی واژەدا نەبێ هەر بۆیە وتوویانە واژە نێرینەیەو ماناکەی مێینەیە))[1]. بەهەمان شێوە کەژن مانایەو پیاو واژەیە ((زمان هی پیاوە هی ژن نییە.. ژن بابەتی زمانەوانییە زمانەوانی خۆی نییە لەئەدەبیاتی دنیادا وادەرکەوتووە کەژن مانایە لەماناکانی زمان لە پەندو قسەی نەستەقو چیرۆکدا ژنان واقسەیان نەکردووە کەبکەرێکی زمانەوانیە یان لەسەر پێی خۆی وەستاوە هەمیشە پێوستی بەواژەی پیاو بووە بۆئەوەی خۆی لەسەر وێنا بکات))[2].

بەو شێوەیەو لەڕوانگەی ئەو بۆچوونانەوە کەزمانی پیاو زمانی دەسەڵات بووەو لەزمانی ژن جیاواز بووە هەر بۆیە فمینیزمە ڕادیکاڵەکان کار بۆ هەڵوەشانەوەی ڕەوانبێژی زمان دەکەن چونکەڕۆڵێکی کاریگەری بینیوە لەسەر چەوسانەوەی ئەوی دی کەژنە.

(1) عبدالله محمد العزامی، المرأة واللغة، ص 8 .

(2) عبدالله محمد العزامی، المرأة واللغة، ص 8 .





- **قوتابخانەی مارکسیزم فمینیزم:**

مارکسیزم بنەمایەکی ماتریالیزمی زانستی دارێژراو هۆکارەکانی چەوسانەوەی ژنانی خستەڕوو، پەیوەندی چەوسانەوەی ژنانی لەگەڵ بەرهەمهێنان بەشێوەیەك کەلەسەر بنەمای خاوەندارێتی تایبەت دامەزراوە گرێداوە. مارکسیزم دەوری بنەماڵەی لەچوار چێوەی کۆمەڵگەی چینایەتیدا دابەشکردووەو بەدەر لەمەش مارکسیزم ڕێگای رزگار بوونی ژنانی دیاریکردووە، مارکس ئاماژە بەو دۆخە دەدات ژنان پاش ئەوەی لەژێر قورسایی بەرپرسیارێتیە تاقەت پروکێنەکان رزگاریان دەبێت دەتوانن زنجیرەی کۆیلەێتی بنەمالەبشکێننو وەك ئەندامی کۆمەڵگە دەتوانن هەموو توانایەکی خۆیان بەکاربهێنن، لەدیدی فیمینستە مارکسیەکانەوە چەوسانەوەی ژنان چەوسانەوەیەکی چینایەتیەو بەلەدایکبوونی موڵکایەتی تایبەتەوە گرێدراوە. ئەمانە باوەڕیان بەگۆڕانکاری هەیە لەدامەزراوە کۆمەڵایەتییەکاندا بەتایبەتی ئەو دەستگایەی سەر بەسیستەمی ئابوریە، ئەمان داوای ئەوە دەکەن کەژن لەناوماڵدا دەبێ کرێ وەربگرێت وەکو ئەو ژنەی لەدەرەوەی ماڵ کار دەکات، بەو شێوەیە فمیستە مارکسیەکان چەوسانەوەی ژن بەسیستەمی کۆمەڵگەوە گرێ ئەدەنو مەسەلەی سێکسو لەشو شێوەکانی دی چەوسانەوە بەدەرەنجامی چەوسانەوەی چینایەتی

دەزانن، ئەو بیرۆکەیەش کەئەمانی سەرقاڵ کردووە ئەوەیە کەدەڵێ مارکسو ئەنگڵز لەساڵی 1848زدا پێشەکی ئەو بیرۆکەیان خستەڕوو کەدەڵێ: ((چەوسانەوەی ژن لەزادەی بیری ناو مێشکی پیاوەوە هەڵنەقوڵاوە بەڵکو بیرۆکەی گەشەسەندنی موڵکداریتی تایبەت کەدەبێتە هۆی درووستبونی کۆمەڵگەیەکی چینایەتی لەهەمان کاتدا)) [1]. بەوشێوەیە بەلای ئەمانەوە چەوسانەوەی ژنان بەشێکەلەچەوسانەوەی پرولیتاریاو ژنان گرنگترین کرێکاری بێ کرێنو باوەڕیان وایە ژن پێش سەرمایەداریش هەر ژێر دەستە بووەو لەسەرمایەداریەکەدا ژێر دەستەییەکەشێوەیەکی ڕێكو پێکتری وەرگرتووەو ئەمان بۆ چارەسەرکردنی ئەم گرفتە هەوڵدەدەن، لەناو بردنی سەرمایەداری بەلەناوبردنی پیاوسالاری دادەنێن!

چونکەپیاوسالاری لەهەناوی سەرمایەداریدا پەرەی سەندووە، فمیستە مارکسیەکان لایەنی ئابوریو هەلومەرجی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری بەسەرچاوەی چەوسانەوەی ژنان دەزانن، لەو ڕووەوە لینین دەڵێ ((لەهەر شوێنێکدا خاوەنداری موڵکایەتی تایبەتیو سەرمایەداریو بازرگان هەبێت یەکسانی پیاوو ژن نابێت تەنانەت بەپێی یاساش هەرکاتێکیش دەسەڵاتی چەوساوەکان لەئارادابوو خاوەنداریتی موڵکایەتیو سەرمایەداریو بازرگانی نەما بوو ئەوا ژیانێکی وەك یەکو بەختیار دێتە ئاراوەو ژنانو پیاوانیش لەمافەکانیاندا یەکسان دەبن)) [2].

[1] گریس هارمان، مارکسیزم چۆن کاردەکات، وەرگێڕانی، محمود وەسمان، ل 103 .

[2] لینین، ڕۆڵی ژن لەکۆمەڵگەدا، وەرگێڕانی، ئەحمد محمد ئابلاخی، ل 22.





تێڕوانینی فمینیزم مارکسیەکان بەتێڕوانینەکانی مارکسو ئەنگڵزەوە گرێدراوە لەسەر بنەمای ستەمکاری کۆمەڵایەتی، هزری ئەم جۆرە فمینزمە شیکردنەوە چینایەتیەکانی مارکسیزم بەناڕەزایی کۆمەڵایەتی فمینیزمەکانەوە دەبەستێتەوەو بنەمای شوێنکەوتەی ژنان لەخێزاندا شتێك نییە جگە لەسیستەمێك کەڕۆڵی زاڵبونو وابەستەی تێدایە.

- **قوتابخانەی فمینیزم سۆشیالست:**

فیمینیزمی سۆشیالست پێی وایە هەردوو سیستەمی سەرمایەداریو پیاوسالاری کار بۆ چەوسانەوەی ژنان دەکەن، هەردوو لایان فاکتەری گرنگن لەچەوسانەوەی ژناندا بەهەردوو لایان سیستەمێك درووست دەکەن کەپیاوسالارییە، ئەمان چەوسانەوەی ژن نابەستنەوە بەڕژێمی سەرمایەداریەوە بەڵکو زیاتر باسی ڕەگەزو جێندەر ( Gender)، دەکەن گرنگی بەمەسەلە جێندەریەکانو مەسەلەی جەستە دەدەن لەوانەش گرنگیدان بەڕۆڵی ژن لەپاراستنی ژیانو منداڵبوندا، هەروەها گرنگی بەبابەتی بەکارهێنانی توندوتیژی بەرامبەر بەژن دەدەن. فمینیست سۆشیالستەکان لەخوێندنەوەی هەر جۆرە دەقێکدا پرسی جێندەر وەك فاکتۆرێکی بڕیاردەر دەستنیشان دەکەن ((مەبەست لەجێندەر ئەو پێکهاتە دەروونناسیو کلتوریو کۆمەڵایەتیانەن کەبەسەر جیاوازی زیندەوەری سێکسوالیدا دادەسەپێنرێن)) [1].

[1] د. هاشم ئەحمەد زادە، ڕۆمانی کوردی و ژنانی ڕۆمان نووس، گۆڤاری سیڤ، ژمارە(1)، ل 189 .

ڕەگەز پەیوەستە بەبایۆلوجییەوە لەکاتێکدا ناسنامەی جێندەری پیاوان‌و ژنان لەهەر کۆمەڵگەیەکدا بەهۆکاری کۆمەڵایەتی‌و سایکۆلوجی‌و هۆکاری مێژوویی‌و ڕۆشنبیریەوە دەبەستێتەوە بەواتایەکی دی ((باشترین لێکدانەوە بۆ دابەشبوونی کار لەنێوانی ئەو دوو ڕەگەزەدا بەهۆی جێندەرەوە، دەکرێت بەهۆی لەدایك بوونەوە دووبارە بەهۆی جیاوازی بایۆلۆجیەوە ئەوە ڕووبدات کەڕۆڵی هەریەکێك چی بێت لەڕووی ڕەگەزەوە))[1].

نامانەوێ بچینە قوڵایی باسکردن لەجێندەر بەڵام هێندە هەیە فمینیزمە سۆشیالستەکان هەوڵیاندەدا بۆ نەهێشتنی ئەو جیاوازیانەی کەجێندەر درووستی کردووە. فمیستە سۆشیالستەکان لەو بڕوایەدان لەڕەوتی تێپەڕ بوون بەتاکڕەوی‌و پیاوسالاریدا ژنان پێوستە هەست‌و تێڕوانینی کۆمەڵایەتی‌و سۆشیالیستی تایبەتی خۆیان بهێننەدی‌و خۆیان لەکۆت‌و بەندی ویژدانی دروستکراو — کەزادەی ئایدولۆژیای پیاوسالاری سەرمایەدایە ڕزگار بکەن — لەتیۆری فیمنستیە سۆشیالستەکاندا خێزان بەناوەندی کۆمەڵگە دەزانن کەدابەشکردنی نایەکسانی کۆمەڵایەتی تیادادەکرێت ((گۆڕینی ژن بۆ کاڵا لەکۆمەڵگەی پیاوسالارییدا ڕاستەوخۆ لەهەناوی ئەم ناوەندەوە (خێزان) دەست پێدەکات))[2].

(1) سوزان ولياظر، دليل أوكسفام للتدريب على الجندر، الجزْ الاول، ص 176 .

(2) مەعسومەی موسەوی، کورتە مێژوویەکی تیۆرە فیمینستیەکان، کوردستانی نوێ، ژمارە 3668 لە 2005/5/11، ل 10 .





ئەنگڵزو مارکس‌و تیۆرزانانی تری ئەم گروپە لابردنی خێزان بەشێوە باوەکەی وەك بچوکترین یەکەی ئابوری کۆمەڵگەیان خستۆتە ڕوو، لەم لایەنەوە لینین دەڵێ: ((ئەگەر ئیشی ژن تەنها ئیش‌و کاری ناوماڵ بێت کەبێ کەڵکترین‌و بێ بەهاترین ئیشە‌و بەشتێکی بەرهەمدار ناژمێردرێت‌و ژن لەپای ئەوەدا دەستکەوتی ئابوری نابێت‌و ڕێگەش لەگەشەکردنی ئەگیرێت))[1].

ئەو بەشانەی باسمان کرد جۆرەکانی فمینیزم بوون، بەڵام لەگەڵ ئەو بەشە سەرەکیانەشدا هەندێ دیدو بۆچوون یان هەندێ تیۆرو هزری تر کەهەر سەر بەبزافی فمینیستیە بەدرێژایی سەدەکانی نۆزدەو بیست سەریانهەڵداوە‌و خواستەکانی خۆی خستۆتەڕوو داکۆکیشی لەسەرکردووەو هەموو ئەو بەشانەش کەئاماژەی پێ ئەدەین لەفەلسەفەیەکدا خۆیان دەبیننەوە کەئەویش فمینیزمە.

- **تیۆری فیمینیزمی هەڵوەشێنەر:—**

**Abolitionist Feminism**: باس لەهەڵوەشانەوەی کۆیلایەتی دەکات بەتایبەتی لەئەمریکا — هەرچەندە کۆیلایەتی بەر لەسەرهەڵدانی فیمینیستی مێژوویەکی کۆنتری هەیە، بەڵام بەسەرهەڵدانی ئەم بزاڤە لەناوبردنی کۆیلایەتی بوو بەباس‌و خواس‌و وردە وردە چارەسەری ئەکتیفانەی وەرگرت.

(1) لینین، ڕۆڵی ژن، (و) ئەحمەد محەمەد ئابلاخی، ل 37 .

یەکێ لەو ژنانەی کەدرێژەی بەخەباتی ژنانەی خۆی دەدا (سارا گریمگە) بوو کەبیرە فیمنستیەکانی خۆی لەسەر سیاسەتی هەلۆەشێنەرانە دانا، ئەو بۆ ئەم کارەی خۆی بەم جۆرە بەلگەی دەهێنایەوە کەئامانجو بەها دیموکراتیەکان، دەبێ هەم ژنانو هەم پیاوانەش بگرێتەوە.

یەکێکی دی لەو میتۆدانەی کەهەندێ لەفیمنستیەکان لەسەری سوورنو لەهەولەکانیاندا ئاماژەی پێ دەدەن بریتیە لە(لەباربردنی مندالّ) هەبوونی مافە مەدەنیەکان مانای ئەوە نییە کەژن توانای مندالّ لەباربوونی هەیە، لەبەر ئەوە مندالّ لەباربردن پرسێکەبەولاوە تر لەکێشەکانی تایبەت بەئازادیە مەدەنیەکان.

تیۆریە فیمنستیەکان لەبارەی لەباربردنی منالّەوە جۆراو جۆرنو تاڕادەیەکیش ئالۆزن، مشتو مڕی ئەخلاقی فمینستی لەبارەی منالّ لەباربردنەوە لەکۆمەلێك بەلگەهێنانەوە پێکهاتووە کەبەرگری لەدەسەلات پەیداکردنی ژن بەسەر لەشی خۆیدا دەکات، بەلام هەندێ لەگروپانی تری فمینستی دژی لەباربردنن بۆ نموونە زۆر لەفیمنستیە مەسیحیەکان لەباربردنی منالّ بەکوشتنی مرۆڤ دەزانن.

یەکێکی دی لەتیۆرەکانی فیمینست (فمێنستی ئامازۆن)ە، لەو بڕوایەدان بۆ دەربازبوون لەکۆمەلگەی پیاوسالاری پێویستە بگەن بەهاوشانییەکی جەستەیی لەگەلّ پیاواندا لەهێزو باهۆزی فیزیکی پیاوان بەشداربن.. لایان وایە پیاوان دەیانەوێ چوارچێوەیەکی کلێشەیی بۆ ژنان بەرهەمبهێنن.. ڕێگای ڕزگاری ژنان لەزیاد بوونی هێزی جەستەی ژناندا





دەزانن، کرۆکی بیرو باوەڕیان ئەوە دەگەیەنێ کەمرۆڤەکان نابێ بەشەڕو خوێن ڕشتن لەتوانای جەستەی خۆیان کەلّك وەرگرنو بەلایانەوە وایە کەنابێ کار لەنێوان ژنو پیاودا دابەش بکرێت، بەڕێوەبردنی کار دەبێ بدرێتە دەست کەسانێکی تایبەت چ ژن بێت، چ پیاو.

تیۆرێکی دی فمینیستی فەرهەنگییە : بەپێی ئەم تیۆریە ژنانو پیاوان جیاوازیەکی جەستەییو ژینگەیی زۆر گەورەیان هەیە. لەم تیۆرەدا لەسەر جیاوازی زۆری ژنو پیاو لەلایەنە جۆراو جۆرەکانی جەستەی (کەسایەتی) دەروونی سەرەنجی تایبەت دراوە، ئەوان بەپێداگرتن لەسەر جیاوازیە گرنگەکانی جێندەری زیاتر ڕێز بۆ تایبەتمەندیە ژنانەییەکان دادەنێت.. فیمنستیە کۆمەلایەتیەکان دەلێن ئەگەر ژنان جیهان بگرنە دەست لەجیهاندا شەڕێك ڕوونادات چونکەژنان هەستیارترو دلناسکترو ئارامترن لەپیاو [1]. تیۆرێکی دی فمینستی جیاوازیە : لایەنگرانی ئەم گروپە فیمنستیە خوازیاری جیابوونەوەن لەپیاوان هەندێ جار ئەم کارە بەشێوەی تاكو هەندێ جار بەشێوەی گروپ ئەنجام ئەدەن ! پێیانوایە بەجیا بوونەوە لەپیاو پێگەو جێگەی خۆیان تۆکمەتر دەکەن، هەروەها لایانوایە لەکۆمەلگەی ڕۆژئاوادا پیاوان بەڕوالّەت خۆیانوەکو لایەنگری مافی ژنان نیشان دەدەن بەلام لەکردەوەدا بەشێوەیەکی زۆر زیرەکانە مافە سەرەکیەکانی ژنان دەخەنە لاوە،و لەبواری ئەدەبیشدا پێیانوایە ژن

---

[1] بڕوانە: کامەرانی پارسی نەژاد، فیمینیستی ئەدەبی لە ڕۆژئاوا، (و) عەتا جەمالی بۆکانی، گۆڤاری هەنگاو، ژمارە (10)، ل 66 .

پەراوێز خراوەو تەنها کاری پیاوان ڕەچاو دەکرێتو لەڕووی ئەدەبیشەوە بایەخی پێ دەدرێت[2].

گروپێکی دی لەفێمنستان، فیمنستی یەکسانی بوونە،وا دەخوازێ کەژنان لەکارەکانیانداوەك پیاوان وابن هەروا جیاکردنەوەی فەزا تایبەتیەکانی ژنانو پیاوانو ئەخلاقیاتی تایبەتی ژنانو پیاوان ئەمێنن، لەڕوانگەی یەکسانیخوازانەوە دەبێ ژنان بەپێی دەقی یاسا تەواو یەکسان لەگەڵ پیاوان لەقەڵەم بدرێن تاکو بتوانن توانای ململانێکردن لەگەڵیان بەدەستبهێننو لەپێگەی نزم بەبەراورد بەپیاوان ڕزگاریان بێت[1].

- **تیۆری فیمینیزمی وجودی:ـ**

ئاشکرایە کەکتێبی ڕەگەزی دووەم (الجنس الاخر: These cons ( sex)ی سیمۆن دی بۆڤار بەدرێژایی سی ساڵ پایەیەکی گەورەی لەفیکری فیمینیزمی کلاسیکیدا وەدەستهێنا، ئەگەر هەرفیکرێکی فیمنستی لێی نزیك نەبێتەوەو سوودی لێوەرنەگرێت ئەوا تەواو دەرناچێت، ئەم بەرهەمە بۆ گەیشتن لەگرنگی تەواوی ژنان بەو سیفەتەی (ئەویترن)ن، یارمەتیەکی زۆر بەبزوتنەوەکان دەدا.

بەپێی بیروڕاکانی دی بۆڤارو وەکو کەسێکی وجودی فیمنیزم پێی وایە هەر لەکۆنەوە پیاو ناوی (خودی)ی لەخۆی ناوەو ناوی (ئەویتر)یشی

[2] سەرچاوەی پێشوو، ل 66 .

[1] حومەیرا موشیرزادە، لە بزاوتەوە تا تیۆری کۆمەڵایەتی، ل 185 .





لەژن ناوە، دوای ئەوە ئەگەر لەئەوی تردا هەڕەشەیەك هەبێ بۆ (خود) ئەوە ژن مەترسیو هەڕەشەیە بۆ پیاو، ئەگەر پیاو بیەوێ سەربەست بێت دەبێ ژن بخاتە ژێر ڕکێفی خۆیەوە.

ڕەوتی وجودی ڕەخنە ئاڕاستەی بێتوانایی ڕەوتە تیۆریە فەلسەفیەکان دەکات ئیتر بایولۆجی یا ڕەوتە سایکۆلوجیە (فرۆیدی) یەکە یا ڕەوتی مارکسی بێت... هەروەها دی بۆڤاروا دەبینێ جیاوازی بایۆلۆجی لەخزمەتی ئامانجی خۆیدا بێت.

دی بۆڤار لای وایە نوسینەکانی فرۆید لەسەر ژن وەك (ئەویتر) لاوازو ناتەواون، تیۆری فرۆید دەربارەی هەستکردنی کچ خۆی لەبەر نەبوونی ئەندامی نێرینە لەلای وایکردووە پایەی کۆمەڵایەتی نزمی ژن شتێك بێت دوور کەوتنەوە لێی ناشیاو بێت، بەمەزندەی باوەڕی دی بۆڤار ئەم بۆ چوونەی فرۆید، شیکردنەوەیەکی لاوازە[1].

- **تیۆری فیمنیزمی ڕەش :ـ**

ئەم گروپەش وەکو هەریەکێ لەگروپەکانی فیمینیستی لەپێناوی بەرژەوەندیەکانی خۆیاندا کار دەکەنو ئەم جۆرە لەفیمینیزم بریتیە لەتیۆرێك کەتایبەتە بەخەباتی ژنانی ڕەش لەسەر بناغەی نەریتی خەباتگێڕانەی چەپ دامەزراوەو سەرمەشقەکانی خۆی لەفیمنیزمی سۆسیالیستی وەردەگرێ.

[1] نورە فرج المساعد، فیمنیزم و فیکر و ڕەوتەکانی، ل 62 .

داخوازی کارانی ئەم جۆرە لەفیمینیزم هەوڵی داهێنانی هەندێك تیۆری دەکەن کەپێویستییەکانی ژنانی ڕەش دابین بکەنو لەپێوەندی لەگەڵ هەندێك کێشەدا کەکاریگەری ڕاستەوخۆیان لەسەر چۆنایەتی ژیانیان هەیە. بیردۆزی فیمنستی ڕەش چاو بەسنورەکانی خوشکایەتی لەگەڵ فیمینستە سپیەکاندا دەخشێنێتەوە تا لەهەناوی کۆمەڵێکی ڕەگەزپەرستەوە بەشێوەیەکی گشتگیر لەناتەباییە شاراوەکان لەبواری جێندەرو، ڕەگەزو چین دا بکۆڵێتەوە [1].

فیمینستە ڕەشەکان داواکارن لەگەڵ ئیمپریالیزمدا بکەونە بەربەرەکانیّ، ژنانی ڕەشو ژنانی سەر بەڕەنگەکانی دیکەڕەخنەیان لەکەمتەرخەمی فیمینستە سپییەکان لەقبوڵکردنی ئەم گریمانەدا هەیە کەئەزموونی ژنانی سپی دەتوانیّ دەربڕی ئەزموونی گشت ژنان بیّ.

- **تیۆری فیمینیستی هونەری:–**

ئەم جۆرە فیمنیزمە لەتەوژمی دووەمدا خۆی بینیەوە کە لەساڵی 1960ز دا لەئەمریکا سەریهەڵداوە لەم چوارچێوەیەشدا هونەری فیمینست سەریهەڵدا، جیاوازی لەنێوان هونەرمەندی ژنو پیاو یەکێك لەو دیاردانە بوو کەئەوکاتە فیمینسەتەکان بەتوندی دژی وەستان هونەرمەندانی فیمینست ڕەخنەیان لەلیستی (کانونی هونەر) دەگرت کەتەنها بەرهەمی هونەرمەندانی

(1) بڕوانە (ب – هانا)، لەقاموسی فیمنیزمدا، ڕۆژنامەی کوردستان، ژمارە 445، ل 11 .





پیاو جێگای دەبوەوەو هونەرمەندی ژن بواری ئەوەی نەبووە ناوی بچێتە ناو لیستی هونەرمەندانی پیاوەوە بەتایبەت هەرە بەناوبانگەکانی بواری هونەر. زاراوەی کانون لەزمانی یۆنانیەوە هاتووە بەمانای مۆدێلێکی بەتواناو چاك دێت، ئەم چەمکە لەهونەردا بەکار دەهێنرێت بۆ ئاماژەکردن بەو بەرهەمە هونەریانەی وەك یاساو پێوەرێك سەیر دەکرێت بۆ هونەری باڵاو بەرهەمی هونەریی گرنگو بەهێز ئەو کارە هونەریانە دەچنە لیستی کانونەوە کەگرنگنو وەك مۆدێلێك وان بەتەکنیکی بەهێزو هێنانە کایەی تازەگەری لەڕێگای بەکارهێنانی ماتریاڵی جیاوازەوە. بەڕای فیمینستەکان نەبونی هونەرمەندی ژن لەناو لیستی کانوندا دەگەڕێتەوە بۆ بیرو بۆچوونە باوەکان دەربارەی ژنو چۆنێتی سەیرکردنی ژن بەگشتی هونەرمەندی فیمینست ئەو کەسە لەڕێگای هونەرەکەیەوە زۆر بەئاگایانە بیرو بۆچوونو خەونو تەنگو چەڵەمەکانی ژیانی خۆیو بەتایبەتی ژنیش لەکارەکانیدا بخاتە ڕوو، ئەمەش لەکارەکانی هونەرمەندان وەك جودی شیکاگۆ، جیۆرجیا ئۆکیفی، نیکی دۆسانفالو فریدا کالودا دەبینرێتەوە[1].

هونەرمەندان لەم تەوژمی فیمنیزمەدا توانیان لەڕێگای کارە هونەریەکانیانەوە دەنگی خۆیانو ڕەخنەکانیان بەدونیای دەرەوە بگەیەنن، مێژوو نووسی فیمینیستی ئەمریکی (لیندا نوشلین) یەکێك بوو لەو نووسەرە فیمینستانەی ساڵی 1971ز وتارێکی گرنگی نووسی بەناوی (بۆچی هیچ

(1) بڕوانە: هەوار قەرەداغی، ژن لەدنیای هونەردا، گۆڤاری سەردەمی ڕەخنە، ژمارە(4)، ساڵی 2006، ل 183 .

هونەرمەندی بەناوبانگی ژن لەمێژووی هونەردا نییە)، بەشێوەیەکی گشتی ئەو گۆڕانانەی لەم ساڵانەی دوایدا ڕوویداوە بەڕادەیەکی زۆر هەوڵەکانی ژنانی فیمنستی ساڵانی حەفتا بووە کەکاریگەریان لەسەر بارودۆخو پلەو پایەی نەوەی نوێی هونەرمەندی ژن لەدونیای هونەردا دەتوانێت هەروەك هونەرمەندی پیاو کاربکاتو بەکارەکەی ناو پەیدا بکات لەگەڵ ئەوەشدا لەسەردەمی ئێستادا کەمتر ژنبوونی هونەری ژن ڕۆڵی ئەو تۆ دەبینێت لەهەڵسەنگاندنی بەرهەمەکانیدا یان لەکردنەوەی پێشانگا بۆیان لەمۆزەخانەو گەلەرییەکاندا، ئەوەی بەشێوەیەکی گشتی ڕۆڵی گرنگتر دەبینیێ چۆنیەتی بەرهەمە هونەرییەکانو خودی هونەرمەندەکەیە وەك تاکەکەس، وەك هونەرمەند نەك وەك ژن یان پیاو. دوای سەرنج دان لەزۆربەی قوتابخانە فیمینستەکان ئەوە ڕوون دەبێتەوە هەموو فیمینستەکان هەوڵدەدەن بیرۆکەیەك بدۆزنەوە لەژێر تیشکیدا ژنان پێگەی خۆیان بدۆزنەوە بۆ ڕزگاری خۆیان، لەو ڕووەوە لێکۆڵینەوە فیمینستەکان خوازیاری کۆتایی هێنانن بەستەمو چەوسانەوەو گەلێ بیرو بۆچوونی جیاوازیشیان هەیە لەگەڵ ئەوەشدا دەتوانی فیمنیزم بەبزوتنەوەیەك بۆ دەستڕاگەیشتن بەمافەکانی ژنانو بەدیهێنانی ئایدۆلۆژیایەك بۆ ئاڵوگۆڕی کۆمەڵگە دابنێیو مەبەستو ئامانجیشی لابردنی هەموو جۆرە جیاوازی دانانو هەلاواردنێکی ڕەگەزییو چینایەتییە لەسەر ژنو هەوڵدانە بۆ وەدەستهێنانی مافی وەك یەك لەگەڵ پیاواندا، فیمنیزم هاوارێکە بەو هەموو





نابەرامبەرىو نایەکسانیە بەتایبەتی ئەو نا دادپەروەرییە ئابورییانەو ئەو هەلاواردنە ئابورییانەی لەسەر ژنان کەڕەگو ڕیشەیەکی قوڵیان هەیە.

دیارە لەڕابردووشدا بەهۆی ئەو کۆسپانەی دەهاتە ڕێیان بەتایبەتی ڕێگرتن لەخوێندنی ژنانو بار هێنانیان لەهاوکێشە ئابورییەکاندا بووبوە هۆی ئەوەی کەژن بەڕەگەزی دووهەم ئەژماربکرێت وەکو سیمۆن دی بۆڤار لەلیستی ڕەگەزەکەی تر ئاماژەی زۆر پێداوە بۆ نموونە لەو بەرهەمەدا دەڵێ ((سیستەمی باوکسالاری ئەنجامی ڕێکوپێك یان شۆڕشێکی بەتین نییە چونکە هەر لەسەرەتای گەشەکردنی مرۆڤایەتیەوە خەسڵەتە بایۆلۆژیەکان ڕێگەیان بەپیاوداوە گەخۆیان وەکو سەردار بسەپێننو هەمیشە دەستبەرداری ئەو خەسڵەتانە نەبوون ژن بەوە مەحکوم بوو کەڕەگەزە سانەویەکەی ترە))[1].

هەروەها خاتوو (لویس ئیریگارای) کە لەپاش سیمۆن دی بۆڤار بەنەوەی دووەمی بزووتنەوەی فیمنیزمی فەرەنسی هاوچەرخ دەناسرێت، جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کەبەشێوەیەکی سەرەکی ((گرفتو کێشەکانی مرۆڤ لەسەر ئاستی جیهان نەك هەر لەبواری ئابوریو پەیوەندیەکانی بازاڕدا بەڵکو لەسەرجەم بوارەکانی ژیاندا لەو ڕووەوە سەرچاوەیان گرتووە کەسیستمی دارشتنی یاساکانو مافەکان بەجۆرێك هەڵنەبژێردراوە کە لەیەك کاتدا ئەو یاساو مافانە بگونجێن لەگەڵ ڕەهەندی جیاوازی هەردوو

(1) سیمۆن دی بۆڤار، الجنس الاخر، ص 32.

ڕەگەزدا))[2]. بزووتنەوەی ژنان ئەگەرچی لەبەرگری مافی دەنگدانەوە بۆ ژنانی ڕۆژئاوا دەستی پێکرد بەڵام هێندەی نەبرد بەجیهاندا تەشەنەیکردوو بڵاوبۆوەو تەوای فیمینستەکان بڕوای تەواویان بەهەبوونی باوکسالاری هەیە لەکۆمەڵگەدا ئامانجی هەرەگرنگیان بەفیمنیزمکردنی جیهانو لەناوبردنی باوکسالارییە، بەو شێوەیە جوڵانەوەی ژنان لەچوارچێوەی داواکاری مافەکانیان توانی کۆمەڵێکی زۆر لەژنان لەدەوری خۆی کۆبکاتەوەو هانیان بدات بۆ ئەوەی چیتر لەژێر سێبەری نەریتو کلتورو ئایندا پێناسە نەکرێنو نەچەوسێنرێنەوەو ئەو بێ مافیو چەوسانەوەیەش کە لەناودا ماوە دەبێت کۆتایی پێبهێنرێت.

[2] لویس ئیریگارای، فیمنیزمو گوتاری جیاوازی ڕەگەزی، (و) دلێر محمد، گۆڤاری تەوار، ژمارە (13)، ساڵی 2006، ل 106 .

## بەشی دووەم

## شیعری شاعیرانی کورد لەپێناوی

## بەرگریکردن لەمافەکانی ژناندا





## شیعری شاعیرانی کورد لەپێناوی

## بەرگریکردن لەمافەکانی ژناندا

بەتێڕوانین لەسەرەتای ئەدەبی کوردیو گەشەسەندنی، دەبینین شیعر لەبابەتەکانی تری ئەدەبی برەوی زیاتر بووەو شاعیرانی کورد شوێن پێی شاعیرانی فارسو عەرەبیان هەڵگرتووەو پەیڕەوی عەروزی عەرەبیان کردۆتەوە هەموو ئەو دەستوورانەیان پەیڕەوکردووە کەشیعری کلاسیکی لەسەر بووە، گومانیشی تێدانییە داهێنانیان لەبەرهەمە شیعریەکانیاندا کردووەو بەرهەمەکانیان نموونەی بەرزی ئەدەبینو زۆربەی دیوانەکانیان شیعری دڵداریو پڕ سۆزو ئەوین لەباسی جوانی دولبەرو قوربانی دان لەپێناوی خۆشەویستیداو دیوانەکانیان بەو جۆرە شیعرانە ڕازاندۆتەوە گومانیشی تێدا نییە ئەوە سەرجەم شیعری شاعیرانی کلاسیکمانەو شیعرەکانیان لەپێناوی ئەڤینو خۆشەویستیدا قەبارەیەکی گەورە لەشیعری کوردی پێکدەهێنیٚو نەچوون بەلای دۆزی ژنو ئازادیو سەربەستیداو بیریان لەوە نەکردۆتەوە کەژن بچێتە ناو پرۆسەی خوێندنو زانینەوەو گوێشیان بەچەوسانەوەی ژن نەداوە، جا ئەو چەوساندنەوەیە لەهەر پلەیەکدا بوو بێت.

لەو دۆخەدا کەئەو ڕۆژگارەی تێدا بووە، بێگانەو ڕۆژهەڵاتناسەکان باسی سەربەستیو ئازایەتی ژنی کوردیان کردووە لەگەڵ ژنی گەلە دراوسێکاندا بەراوردیان کردوون واتە ئەوە ڕۆژهەڵاتناسەکانن باسی دۆزی ژنی کوردیان کردووە، شاعیرەکانمان نین. دیارە هۆکارە ئاینیو ئابوریو کۆمەڵایەتیەکان لەو هۆکارانە بوون کەشاعیرانی کورد لەئاستی بزاڤی ژنانو چەوسانەوەیاندا بێ دەنگ بن، بەڵام کاتی حاجی قادری کۆیی( 1815 – 1897)ز دەگاتە ئەستەمبولو ئەستەمبولی ئەو ڕۆژەش جێگای کۆبونەوەی هەموو ئازادیخوازی وڵاتانی عوسمانی بوو، لەکوردو عەرەبو ئەرمەنو نەتەوەکانی ئەوروپای خوارووی ڕۆژهەڵات کەلەو سەردەمەدا لەتێکۆشاندا بوون بۆ ئازادی خۆیان. ئەستەمبولی ئەو ڕۆژە دەیان کۆمەڵو پارتی نهێنی لەهەموو نەتەوەکان تێدا بووە کەبۆ ڕزگارکردنی وڵاتانی خۆیان ئیشیان کردووە، ئەم فاکتەرانە وایان لەحاجی قادر کردووە لەچاو شاعیرە هاوچەرخەکانیدا پێش سەردەمەکەی خۆی بکەوێتو پێشبینی گەلێ ڕووداوی کوردستانو جیهانو دەورو پشتی کردووەو بەڕاست گەڕاون[1].

بەو شێوەیە بەچاوی خۆی پێشکەوتنی میللەتانی دیووە کەچۆن داکۆکیان لەمافی پیاوو ژنی نەتەوەکانیان کردووە، بۆیە (حاجی)ش بێ دەنگ نەبووە هەر لەڕوانگەی بیری ئیسلام خۆیەوە داوای خوێندنو زانین بۆ ژنان دەکات، چونکە بۆی ئاشکرا بوو دواکەوتنی ژن لەڕەوتی پێشکەوتنو ڕۆشنبیریدا نەخوێندەوارییە. حاجی دەڵێ :–

[1] بڕوانە، کەریم شارەزا، نووسەری کورد، ژمارە (9)ی ساڵی 1989، ل 36 .





بۆچی فەرموویەتی نەبی ئەمین
أگلب العلم و لو بالصین
نێرو مێ لەو حەدیسە فەرقی نیە
گەر مەلا نەهی فەرموو دینی نیە [2]

لەبارەی ئەو هەڵوێستە شیعریەی حاجی قادری کۆییەوە شاعیرو نووسەر خالید دلێر دەڵێ: ((ئەو دوو دێرە شیعرەی حاجی کەباسی یەکسانی مێو نێر دەکا لەڕووی بوونی مافی زانیاری وەرگرتنو خوێندەواریو هۆشیار بوونەوەوە لەوانەیە نوسراوێکی دیکەی کورد زووترو زۆرتر خزمەتی مەسەلەی یەکسانی ژنی بەپیاوی کورد کردبێ دەبێ ژنی کوردستان نەك هەروەکو مرۆڤ بەڵکو وەك ژنیش خۆیان بەقەرزاری حاجی قادری مەزن – یەکەمین ڕێ نیشاندەریان بزانن))[1].

بەو شێوەیە حاجی قادری کۆیی هەر لەڕێگای ئاینەوە ڕێگا لەکۆنە پەرستانو کەسانی دژ بەمرۆڤایەتی دەگرێت، کەخوێندەوار بوونی ژن ڕێگا نیشاندەریانە بۆ پێشکەوتنو شارستانی بوون.

دوا بەدوای حاجی قادری کۆیی مەلای گەورە مەلا مەحەمەدی کۆیی (1876 – 1943) دەنگێکی ترە لەناو شاعیرانو زانایانی ئاینیدا کەدەنگی دەخاتە پاڵ دەنگی حاجی قادری کۆییو داوای خوێندن بۆ کچانو ژنانی کورد دەکاتو وەکو دەستپێشخەریەك یەکەم کەسە کەکچی

[2] دیوانی حاجی قادری کۆیی، ل 186 .

[1] خالید دلێر، ستەم کردن لە حاجی قادری کۆیی، ل 298 .

خۆی دەنێرێتە قوتابخانەی کوڕانو بەو هەنگاوەشی دەروازەیەکی باشی لەڕووی زانستو زانین کردۆتەوەو لەو سەردەمەدا کەژن لەچوار دیواری ماڵدا ژیانی گوزەراندووە ئەو ڕێگای بۆ خۆش کردوون کەخوێندەوارو ڕۆشنبیر بن.

مەلای گەورە دەڵێ :–

ژنێکی دەر بەدەر بێ    دڵ پڕ غەمو کەدەر بێ
ڕەزیلو دەست بەسەر بێ    وەك مەحبوس لەنێو زیندان
دەرحەق ژنان بێ باکن    بۆیە بێ داکی چاکن
سەیری حاڵی خۆتان کەن    وەك دڕکن لەنێو عەردان (1)

هەروەها دەڵێ :–

ژنیش وەك موزەکەرە    عەینەن ئەویش بەشەرە
چاو لادانی لەسەرە    هەردوو لەیەك حوکم دان (2)

نووسەر مەحەمەدی مەلا کەریم لەبارەی مەلای گەورەوە دەڵێ:

((مەلای گەورە وەك زانایەکی ئاینیو تێکۆشەرێکی ڕێگای بڵاو کردنەوەی بیری نوێو ڕاست کردنەوەی باری کۆمەڵایەتی لەتێکڕای هەڵوێستی ڕۆژانەوە پەندو ئامۆژگاری سەر مینبەری مزگەوتو حەلقەی وانەی

(1) دیوانی مەلای گەورە، ل 149 .
(2) سەرچاوەی پێشوو، ل 149 .





فەقێیانو گفتوگۆی ناو مەلایانیدا بێ کۆڵدان لەپێناوی هەڵوێستێکی نوێدا بەرامبەر بەژنان تێکۆشاوە))[3].

لەبارەی ئەو گیروگرفتە کۆمەڵایەتیانەی کە لەناو کۆمەڵگەی کوردەوارییدا هەبووە مەلای گەورە دەڵێ :–

بڵێن بەقەومی کوردان    دەستی منو دامێنیان
عەیبە بەحەقی یەزدان    ژن هێنانو تەڵاق دان
ژن زینەتی دونیایە    ئەمانەتی خودایە
حەبیبی مستەفایە    قەڵاتن لەبۆ مێردان (1)

شاعیرانی دوای حاجی قادری کۆیی پەرەیان بەڕێبازەکەی حاجی دا گەیشتنە ئەو ڕاستیەی کەکۆمەڵگە بەبێ بوونی دەنگی ژن پێش ناکەوێ بۆیە لەشیعرەکانیاندا هانی ژنان دەدەن بۆ خوێندنو زانستو فێربوون ئێمە دەتوانین لەگۆشەنیگای چاوی شاعیرانەوە بڕوانینە ژیانو پلەو پایەی ژنی کورد. شاعیران چۆن نەوەی نوێی گەلەکەیان بۆ خەباتی بێوچانو بەدەستهێنانی ئازادی هان داوە.. هەروا ژنانیشیان بۆ ئەو مەبەستە بانگەشە کردووەو... بەرهەمی زۆری شاعیران ڕەنگدانەوەی ئەو بارودۆخەی پێوە دیارە... لەزۆربەی شیعرەکانیاندا لەجیاتی ژن بانگەوازی دابین کردنی مافو ئازادی دەکەن، هۆکەشی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی چونکە ژن هەتا سەردەمانێکی درەنگ لەسەرخۆی نەهاتۆتە دەنگ هەوڵی نەداوە دەنگی

(3) محەمەدی مەلا کەریم، گۆڤاری بەیان ژمارە (26) .
(1) دیوانی مەلای گەورە، ل 149 .

کپ کراوی خۆی بەرز بکاتەوەو باسی دیلیو چەوسانەوەی خۆی بکات، بۆیە شاعیران هاتوونەتە دەنگو ئەو تەوقەیان شکاندووە لەبەرهەمەکانیاندا بەناوی ژنەوە دژی دابو نەریتی داسەپاو، دەسەڵاتی خێڵو پیاوسالاری دوواونو هەوڵیان داوە ژنان لەمۆتەکەی نەزانیو نەخوێندەواری رزگار بکەن.

بەو پێیە ئەشێ شاعیرانی کورد لەکاتێکدا داکۆکیان لەمافەکانی ژن کردووە ڕاستەوخۆ ئاگاداری بزوتنەوەیەك نەبووبێتن کەناوی فیمینیستییە بەڵام بەو هەوڵانەیان کەداویانە کارەکانیان چۆتە بواری بزوتنەوەی فیمینیستی، چونکە مەبەستی هەموو فیمینستەکان پێکهێنانی کۆمەڵگەیەکە کەجیاوازی دانان لەسەر بنەمای ڕەگەز جێگای خۆی بداتە یەکسانی، فیمنیزم دەتوانێ ژنان لەچوار چێوەی بنەماڵە بهێنێتە گۆرەپانە کۆمەڵایەتیەکانەوەو بیانخاتە جێگەو پێگەی بەڕواڵەت یەکسانو بەرامبەر لەشوێنی کارو فرمان، فیمینستەکان زیاتر بڕوایان بەیەکسانیو بەرابەریی ڕەگەزی نێرو مێ هەیەو هەر جۆرە جیاوازیەك ڕەت دەکەنەوەو بزوتنەوەیەکە بۆ گۆڕینی کۆمەڵگە لەپێناوی لابردنی هەر جۆرە ستەمو بێ مافیەك کەبەرامبەر بەژن دەکرێتو لەباسە ئەکادیمەکانیشدا فیمنیزم بەماناگشتییەکەی بریتیە لەهەر چەشنە داخوازیەکی قانوونیو کۆمەڵایەتی[1].

[1] بڕوانە: شنۆ میهر پەروەر، سەرهەڵدان و جۆراو جۆری ڕێبازە فیمینستیەکان، ڕۆژنامەی کوردستان، ژمارە (445)، وەرگێرانی، شنۆ میهر پەروەر، ل 11، 2006 .





لەڕوانگەی ئەو بۆچوونە زانستیانەوە شاعیرانی کورد دەچنە ناو بازنەیەکەوە کەبەرگریە لەفیمنیزم بۆیە هەوڵەکانی ئەوان بناغە داڕێژەری بزوتنەوەیەکە بەناوی فیمنیزم

- حاجی تۆفیق ـ پیرەمێرد (1867 – 1950)ز:–

شاعیرو نووسەری گەورەی گەلەکەمان پیرەمێرد، دوای 25 ساڵ لەئاوارەییو غەریبی لەساڵی 1925ز دا گەڕایەوە خاکی وڵات بەدیدو دنیابینیەکی ترەوە دەستی کرد بەکارە ڕۆشنبیریەکانیو توانای خۆی خستە کارو زۆر هەوڵیدا بۆ ئەوەی میللەتەکەی خوێندەوارو ڕۆشنبیر بێت لەشیعرو وتارو هەتا لەوەسیەت نامەکەشیدا داوای فێربوونی خوێندنو زانین دەکات، زۆر مەبەستی بووە کەژنانیش خوێندەوارو چاو کراوە بن، پیرەمێردیش وەکو حاجی قادر کاتێ ڕەوتی پێشکەوتنی گەلان دەبینێو لەنزیکەوە بەشداری بزافی ڕۆشنبیری دەکات، هەموو ئاواتی ئەوە دەبێت کەنەتەوەکەی ئەویش وریا بێتەوەو لەکاروانی خەباتو تێکۆشان دوانەکەوێت، بۆیە داوا لەکچان دەکات بچنە قوتابخانەو ئاوات دەخوازێ درەختێ بێتو ببێ بەسێبەر بۆ قوتابیانی قوتابخانە.

پیرەمێردی شاعیر دەڵێ :–

ئەی کچینە وەرنە مەکتەب ئێوە تەسکینی دڵن
زینەتی باغو تەرەقین ڕەونەقی دەستەی گوڵن
تازە ئێمە تێگەیشتوین دایکی چاکی خوێندەوار

نەسلی وا دێنێتە مەیدان قەومەکەی پێ بێتە کار
ژن خەریکی ژینی پیاوە نەك خەریکی بەرو دار
تەربیەی مێشکی منالّی بۆ وەتەن بێ و چان بێ نیپار
خۆزگە من ببمە درەختێ بۆ قوتابخانەی کچان
ئەو کچانەی وا دەخوێنن ببمە سێبەر بۆ ئەوان
هەر کچانی خوێندەوار میللەتی پێ سەرکەوت
تەربیەی منالّ هیوایە پێشڕەویمان بەرکەوێ
ڕۆژهەلاّتیش ڕۆژی هەلّ دێ خوێندنی کچ هاتە ناو
جەهلە تاریکەشەوی کورد، خوێندنیش تیشکی هەتاو
دەرزی چالّ هەلّ ناکەنێ فەننە وەتەن ئاوا ئەکا
خوشکە گیانی دایکی موشفیف نەسلی چاك داوا ئەکا [1]

پرۆفیسۆر د. عزەدین مستەفا ڕەسولّ دەربارەی هزری پێشکەوتووخوازانەی پیرەمێردو بانگەوازی بۆ خوێندەواری کچان دەلّێ ((هاواری خوێندەواری پیرەمێرد لەناوەڕاستی سالاّنی بیستدا هەر بۆ پیاوانو کوڕان نییە بەلّکو کچانیش ئەگرێتەوە بەمە دوو لایەنی بیری تەنویری مان پیشان ئەدا، یەکەم حەز بەخوێندەواری کردن، دووەم: کۆشش بۆ هاتنە مەیدانو بەرەوچوونیەکی ڕۆیشتنی ژنان))[2].

(1) دیوانی پیرەمێرد، ل 263 .

(2) د. عیزەدین مستەفا ڕەسولّ، ئەدەبیاتی نوێی کوردی، ل 59 .





پیرەمێرد لەوەسێت نامەکەیدا کەبەر لەمالّ ئاواییکردنی لەدونیا کردویەتی دەلّێ ((ئامۆژگاریم ئەوەیە بخوێنن، کوڕو کچ تا خوێندەوار نەبن بێ سوودە، هەموو شت بەعیلمو فەننەوەیە ووتوومە لای من خوێندوارییە، ئاھ خوێندەواریە هەر میللەتێ کەفەنی نەبێ دەردی کارییە))[3].

- شێخ نوری شێخ سالّح (1896 – 1958)ز :–

شێخ نووری شێخ سالّح پێشەنگی شیعری نوێی کوردیە بەتایبەتی لەدوای تەواوبوونی جەنگی جیهانی یەکەم، دوای ئەو سەرگەردانیەی بەسەر گەلانی دنیادا هات، شێخ نووری وەك دەنگێکی ڕەچەشکێن هاتە نێو وتاری نوێی شیعری کوردیو دەنگی خۆی دەکات بەدەنگی ژنی کورد بۆ ئەوەی لەیاسای سەپاوی کۆنەپەرستیو ئەو ڕەوشە نالەبارەی بەسەر ژندا هاتووە، ڕزگاری بێتو ئەو کەلەپوورەی کەژنی بەستۆتەوە ئەو کۆتە بشکێنێو ژنیش بێتە دنیای خەباتو تێکۆشانەوە.

شێخ نووری بەناوی ژنی کوردەوە داوای فڕێدانی پەچەو ڕووپۆشو چارشێو دەکاتو دەلّێ: ئەو ڕووپۆشو خۆ حەشاردانە ئێمەی دوور خستۆتەوەو هۆیە بۆ بوونی سنوورێك لەنێوانمانداو بەئاشکرا دەلّێ کۆڕو کۆبونەوەی بۆ ببەستنو دەنگتان بکەن بەیەك، شێخ نووری بەشیعرە پێشەنگەکانی داوای دروووست بوونی بزافی ژنانو یەکگرتوویيان دەکات بۆ دەستەبەرکردنی کێشەکانیان داوایان لێ دەکات کەخۆیان چارەسەری

(3) دیوانی پیرەمێرد، ل 57 .

کێشەکانیان بکەنو پەنا نەبەنە بەر پیاوان بۆ وەدەستهێنانی مافەکانیانو دەڵێ ئاوڕ لەڕابردووی خۆتان بدەنەوە، بەو شێوەیە شاعیر ئەوەی باش زانیوە ئەوەی دەبێتە پارێزگاری لەکەسایەتی ژن، زانستو زانینە نەك رووبەندو چارشێوو حیجاب بەڵکو ئەوانە هۆن بۆ دواکەوتوییو دوورە پەرێزی. بانگەوازی شاعیرانی کورد لەئەنجامی تێرامان لەواقیعی کۆمەڵگەکەیانەوە بەتایبەتی دوای جەنگی جیهانی یەکەم لەوەوە سەرچاوە دەگرێ کەکۆمەڵگە پێوستی بەهەردوو ڕەگەزی نێرو مێیەوە دەبێ ڕەگەزی مێ وریا بێتەوەو بچێتە ناو خەباتی ڕۆشنبیریو سیاسیو لەبوارەکانی ژیاندا کار بکات چونکەپێشکەوتنی کۆمەڵگە بەندە بەگۆڕانی کۆمەڵگەوە.

د. عیزەدین مستەفا ڕەسولْ لەبارەی شیعری (پەچە)ی (شێخ نووری شێخ سالْح)ەوە دەڵێ ((هەرچەندە شاعیر لێرەدا هەموو ڕقو کینەی خۆی بەرامبەر بەعەباو پەچە دەرئەبڕێ وەك هەر ئەوەبێ هۆی دوواکەوتنو زوڵم لەژن کردنو بەدیاردەیەکی دائەنێ لەڕووی مێژووییەوە بێگانەیە بەکوردەواری، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەر بەڵگەی هەڵوێستی پێشکەوتنخوازانەی شاعیرە بەرامبەر بەموناقەشەیەکی ئەو سەردەمەی ناو کوردو هەموو عێراق دەربارەی فرێدان یا پاراستنی عەباو پەچە یا بەگشتی نموونەی هەڵوێستی شاعیر کەدەچێتە پاڵ مافی ژنو ئەم هەنگاوە بەسەرەتای ڕێرەوی دووری دەستخستنی ئەو مافە بزانین))[(1)].

شیعری (پەچە)ی شێخ نوری :–

[(1)] د. عیزەدین مستەفا ڕەسولْ، ئەدەبیاتی نوێی کوردی، ل 96 .





گوێم لەناڵینی کچێ بوو دوێنێ ئەیلاوانەوە
وا بەتەئسیرو بەسۆز ئەیووت : دڵی ئەتوانەوە
دەنگو ڕەنگی وا نەبیستراوەو نەبینراوە لەکەس
کۆنە قەتماغەی برینی ناو دڵی ئەکولانەوە
ئەیووت : ئەم ڕوو پۆشە تەنیا ڕووی نەپۆشیوینو بەس
ڕووبەڕووی خۆمان : حقوقی نایەنە ناو نسیانەوە
قەت نەبوو ڕۆژێ بەسەر بەستی حەقێ داوا بکەین
بۆ بەشی خۆمان بچینە ساحەوو مەیدانەوە
ئەوەڵو ئاخر، خەتای ئەم ڕوو ڕەشەی ڕوو پۆشەبوو
بوو بەمانعمان، نەچووینە کۆمەڵی پیاوانەوە
دایگرن توخودا فرێی بدەن، بخەینە تەندوورەوە
حەیفە ڕۆژی ڕوو ئەنێنە ناو شەوی دەیجوورەوە
* * *
زوڵمی ئەم غەدارە بوو، حوکمی موساواتی نەهێشت
جێندەری ئێمەی خستە حاڵێکی لەپیاو پاڕانەوە
بۆ بەشی ئێمە کفن بوو، وا لەدونیاو ئاخیرەت؟
لێرە ڕەش لەولا سپی ببرێ بەباڵامانەوە
حەز ئەکەی پرسە لەپیران‌و لەپێشینای خۆت
کێ پەچەی دیوە بەڕووی خاتوونی کوردستانەوە
کەی پەچە بۆتە سەبەب بۆ عیفەتی جینسی لەتیف ؟

کافری دڵ تیرە، دەخلی کوا بەسەر ئیمانەوە
دایگرن بیگرنە ناو خۆتانو دەوری لێ بدەن
بەڵکو ببینم بەچاوی خۆم بەڕۆح کێشانەوە
لای بەرن توخوا فرێی بدەن بیخەنە تەندوورەوە
حەیفە ڕۆژی ڕوو ئەنێتە ناو شەوی دەیجوورەوە
* * *
کۆمەڵێ بگرن لەدەوری، ئەلوەداعی لێ بکەن
ناوی با بڕواتە ناو لافاوی ئەم نیسانەوە
بیخەنە تابوتەوە بینێن بەشانی عەزمەوە
بیخەنە قەبرێ بەلوتکەی گردەکەی سەیوانەوە
تۆبەبێ یاڕەبی دفنی ئەو لەوێ جائیز نیە
بیخەنە چاڵێکی قوڵی گردەکەی گاورانەوە
مەجلیسێکی ماتەمی بۆ بنێنو یەك بەیەك
وەرنە تەعزێکەی بەدڵ خۆشیو بەڕووی خەندانەوە
ئەم سکاڵایە بەفیکرو شیعری (نووری) تێ مەگەن
ئەو کچە دەنگ خۆشە بوو ئەیووت بەدەم گریانەوە
دایگرن توخوا فرێی بدەن بیخەنە تەندوورەوە
حەیفە ڕۆژی ڕوو ئەنێتە ناو شەوی دەیجوورەوە [1]

---

[1] ئازاد عبدالواحێد، دیوانی شێخ نووری شێخ سالح، ل 433، 434، 435 .





- بێکەس (1905 – 1948)ز :–

بێکەس جگە لەشیعرە شۆرشگێڕییەکانی کەداوای ئازادیو سەربەستی بۆ گەلەکەی دەکات، دێتە ناو باسی ئازادی ژنانەوە، چونکە ئەو دەزانێ خۆی وەدەنگ نایەت بۆیە داوایان لێ دەکات کەخوێندنو کارکردن بۆ رزگاری لەدیلیو پاشکۆیەتی بەچارەسەرێکی گرنگ دەزانێت، دیارە خوێندن یەکێکە لەو فاکتەرانەی مرۆڤ پەیوەست دەکات بەئاگاییو وریاییەوە ((چونکە خوێندن کردەیەکی بچوك نییە کەبەس تەنها هەست بەئەرکی سەرشان بکەیت بەڵکو هۆیە بۆ ئەوەی مرۆڤ پشت بەخۆی ببەستێو توانای تاکی ناو کۆمەڵگەی تیدا دەرکەوێو هۆکارێکی تریشە بۆ هێنانە قسەی ئەندامانی کۆمەڵگە.. مرۆڤ لەخوێندنگەدا تەنها بەهرەمەند نابێت لەزانستو زانیاری بەڵکو فێری ئەوە دەبێت کەچۆن هزری بەکاربهێنێت پەروەردەکردن پرۆسەی گەشەکردنو پێشکەوتنی هەموو لایەنەکانی جەستەییو ژیریو ویژدانیو کۆمەڵایەتیو ڕۆحی دەگرێتەوە))[1].

کەواتە بێکەس زۆرباش لەوە گەیشتووە کەخوێندن هۆکارێکە لێیەوە ژن دێتە ناو دنیای شارستانی بوونو وریا بوونەوەی هۆش، لەو ڕوانگەیەوە بێکەس لەژن دەنوارێتو خۆی بەبەرپرس دەزانێ لەئاست دۆزی ژندا، بۆیە لەبری ژن دێتە دەنگ، ئەو کەدەزانێ ژن لەبارودۆخێکدا دەژی

---

[1] بڕوانە د. طاهر حویز الزیباری، دور المرأە الکردیة في المشارکة السیاسة، ص 43، 44.

خۆی لەسەر خۆی وەدەنگ نایەت چونکەڕێگر لەبەردەمیدا هەیە، با بڵێین ڕۆژگارێکە هێشتا بەخوێندنگەو کارخانەو کۆڕو کۆمەڵ نامۆیەو بەشدارییەکی ئەکتیفی نییە، یان دەنگی ئەو هێشتا نەبووە بەگوتارێکی بەهێز کەپێویست نەکات کەس لەسەری هەڵبداتێ، بۆیە دەنگی خۆی دەکاتە دەنگی ژنو کچی کوردو بەناوی (نەسرین) کەهەموو کچێکی کورد دەگرێتەوە.

بێکەسی شاعیر دەڵێ :ـ

نەسرین دەمێکەداخت لەدڵمە
گیرۆدەی بەندی ژیانت زوڵمە
وا من پێت ئەڵێم چونکە لەسەرمە
هەستە تێکۆشە تا خوێنت گەرمە
سەرپۆش فڕێ دە چ وادەی شەرمە [2]

هزر ڤانانی ئەوروپی باسی بەدەستهێنانی مافی ژنیان کردووەو هۆکارەکانی بەرهەمهێنانو خوێندنیان دیاری کردووە، شەقامی شارستانیەتی ئەورووپاش لەسەرەتادا کاریگەربوون بەبنیاتنانی کارگەو قوتابخانە کەدوو بنچینەی سەرەکی بوون بۆ گەشەکردنی شارستانیەت.. دەنگی هزر ڤانانو دووکەڵی کارگەو کارخانەو کتێبی خوێندنگاکان سێ پێوستی بوون بۆ سەربەستی ڕەوشی ژن لەڕووی کۆمەڵایەتیەوە، کارکردن بەتەنها هۆیەك نەبوو بۆ رزگارکردنی ژن، خوێندنیش بەتەنها هۆکارێك

(2) دیوانی بێکەس، ل 102 .





نەبووە بۆ دابین کردنی کارکردن، بەڵکو دابین کردنی هەردووکیان لەگەڵ دۆزی پێشکەوتن خوازانەو دیموکراسیدا هۆکارن بۆ رزگارکردنی ژن[1].

بێکەس لەو ڕوانگەیەوە کەژیانی ئابوری هۆکارێکە بۆ دابین کردنی خواستەکانی ژن بۆیە داوای کاری کردووە بۆ ژنان، چونکە دەزانێ لەڕوانگەی کارکردنەوە ژن دێتە ناو کۆمەڵەوەو بەشداری کایەی سیاسیو خەباتی نیشتمانیو بیری نەتەوەیی دەکات.

ئەمڕۆ زەمانی عیلمو عیرفانە
عالەم شەوو ڕۆژ وا لەفرمانە
فەرقی نێرو مێ نییە بیزانە
هەستە تێکۆشە تا خوێنت گەرمە
سەرپۆش فڕێ دە چ وادەی شەرمە

* * *

مەڵێ من کچم تۆش وەکو منی
موحتاجی عیلمو فەنو خوێندنی
مەجبوری ئیشو خزمەت کردنی
هەستە تێکۆشە تا خوێنت گەرمە
سەرپۆش فڕێ دە چ وادەی شەرمە

* * *

هێندە دانیشتی پشتت چەماوە

(1) بروانە، عزیز السید جاسم، المفهوم التأریخ لقفيه المرأه، ص 162 .

زەردو لاواز بوویت هێزت نەماوە

کچی بێگانەت خۆ لەبەر چاوە

هەستە تێکۆشە تا خوێنت گەرمە

سەرپۆش فڕێ دە چ وادەی شەرمە

* * *

خشڵو جوانی تۆ حەیاو فێربوونە

پاشە ڕۆژیشت هەر بەوان ڕوونە

کچی بێ عیلم دیلو زەبوونە

هەستە تێکۆشە تا خوێنت گەرمە

سەرپۆش فڕێ دە چ وادەی شەرمە

* * *

وەك خوشكو برا ئەبێ هەردووکمان

قۆڵی لێ هەڵکەین بچینە مەیدان

تا کورد بەرینە ڕیزی میللەتان

هەستە تێکۆشە تا خوێنت گەرمە

سەرپۆش فڕێ دە چ وادەی شەرمە [1]

نووسەر محەمەدی مەلا کەریم لەبارەی ئەم شیعرەی بێکەسەوە دەڵێ ((بێکەس لایەنگری ئازادی ژنو خوێندنو کارکردنیەتی، دژی سەرپۆشو عاباو پەچەو چارشێوە، هەروەها دژی خۆخەریك کردنیەتی

(1) دیوانی بیکەس، ل 103 .





بەئارایشتو خۆڕازاندنەوەوە بێکەس بەژن ئەڵێ : جوانی تۆ لەزانستو فێربوونو هاوچەرخیدایە، ژنو پیاو تێکڕا بەدووقۆڵی بەتەواوکەری کۆمەڵ دائەنێ))[2].

بێکەس خۆی قاڵبووی ژیانێکی سەخت بووە، دەردەسەریو هەژاریو دیلی بەخۆیەوە دیوە لەگەڵ ئەوەشدا گەلەکەی دەبینێ ئەویش بێ مافو دوور لەهەموو ئازادیو سەربەخۆییەکە، جگە لەوەش دیلی دەستی دابو نەریتی کۆمەڵایەتیو ئەو بیرو باوەڕە سواوو کۆنانەیە کەدەمێکە پێوەی دەناڵێنێ بۆیە شیعر دەبێتە چەکی دەستیو شۆڕشگێڕانە داوای خەباتی سیاسی لەهەردوو ڕەگەزی نێرو مێ دەکات کەبێنە پرۆسەی خەباتەوەو وەکو گەلانی سەر ڕووی زەمین وریابنەوە، بێکەس هەر زوو هەستی بەوە کردووە کەژنانی کورد دوورە پەرێزنو کۆمەڵگە ڕێگایان پێ نادات بێنە ڕەوتی پێشکەوتنەوە، بۆیە لەشیعری داری ئازادیدا دەنگی خۆی هەڵ دەبڕێو دەڵێ :–

نێرو مێ هەردوو بەجووتە بۆ وەتەن هەوڵێ نەدەن

دوورە دەرچوونی لەدیلی مەل بەباڵێ نافڕێ

هەوڵی ڕاستی هەردوو لا ئامانجی میللەت سەردەخا

چەنکە مەعلومە بەیەك دەس چەپڵە قەت لێ نادرێ [1]

(2) محەمەدی مەلا کەریم، دیوانی بێکەس، ل 35 .

(1) دیوانی بێکەس، ل 29 .

د. فاچل مەجید لەبارەی ژن لەشیعری بێکەسدا دەڵێ ((گەیشتۆتە ئەو قەناعەتەی کەبەتاقی تەنها کاری رزگار بوونی لەسیستەمە کۆنەکان پێ ناکرێت‌و بینای دەزگایەکی نەتەوایەتی سەربەخۆو بێ چەوساندنەوەی پێ ئەنجام نادرێت))[2].

- گـــۆران (1904 – 1962)ز:-

گۆران وەکو شاعیرانی سەردەمی خۆی هەندێ جار بەناوی خۆیەوە باسی کێشەی ژن دەکات‌و هەندێ جاریش قسەکەر ژن خۆیەتی، بەڵام گۆران بەچەمکێکی جیاواز بەر لەشاعیرانی پێش خۆی چۆتە ناو دنیای ژن‌و بەجۆرێکی ریالیستانە جیاوازی چینایەتی لەکۆمەڵگەی کوردیدا شیدەکاتەوەو چەوسانەوەی ژن لەژێر دەسەڵاتی فیودالیدا دەخاتە بەر دیدو بۆچوونی خۆی‌و ئەو ستەمەی لەسایەی ئەو رژێمەدا دەکرێت دەستنیشان دەکات. گۆران لەشیعری (بوکی ناکام)دا، ئەو سیناریۆیەمان نیشان دەدات کەچۆن ئاغای دێ بەبێ ئەوەی گوێی دابێتە هیچ بەهایەکی مرۆیی، دوو دڵخواز کەکچە جوتیارێک‌و کوڕە شوانێکە لێکدەکات. حسین عەلی شانوف لەبارەی ئەو رووداوە شیعریەی (گۆران)ەوە دەڵێت ((کچی

(2) د. فاضل مجید، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی، ژمارە (17)ی ساڵی 2006، ل 143 .





جوتیار قوربانی ئەو نایەکسانیە کۆمەڵایەتیەیە کە لەدایکبووی سیستەمی فیودالی‌و سەرمایەداریە))[1].

گۆران لەساڵی سییەکانی سەدەی رابردوودا باسی ئەو جیاوازیە چینایەتیە دەکات کەجەستەی کۆمەڵگەی کوردی لەرزۆک‌و نەخۆش خستووەو ئەنجامەکەشی بەوە گەیشتووە کەژنی کورد تێیدا بۆتە قوربانی‌و کۆمەڵگەش بێ بەزەییانە قبوڵی کردووە...

گۆرانی شاعیر دەڵێ :-

لەژێر تارای سورمەچن هەرە جوانی دێ
کچی جووتیار بەرەو کۆشکی ئاغا کەوتەڕێ
کۆشکی ئاغا گەچ کاریە ئاوێتە بەندە
کەس نازانێ بەژمارە، پەنجەرەی چەندە
حەوزەو فوارەی حەوشی مەڕمەڕ، باخچەو چیمەنی
بەسەر ناچێ هەرگیز سەوزی‌و گوڵی دەگمەنی
جوانی لادێی، رووتی وەکو تەڵی وەنەوشە
بەئاوریشم‌و بەئاڵتونی ئەم کۆشک‌و حەوشە
لەتەوقی سەر تا بەری پێ پەرداخت‌و پۆشتە
سوار کراوە، شۆخ‌و نازدار وەکو فریشتە
خراوەتە ڕێ بۆ پەردەی ئەتڵەس‌و گووروون
بۆ باخەڵی ئاغای پێش چاو بەچل چرا روون [1]

(1) حسین عەلی شانوف، عبدالله گوران الشاعر الکردی المعاصر، ص 24 .

گۆران داوا لەکچانو کوڕانی گەلەکەی دەکات کەیاخیٚ بن لەو ڕەوشەی کەتێی کەوتوونو دژی زۆرداریو چەوسانەوەو دژی دەسەڵات کەکۆمەڵگەی دیل کردووەو سەربەستی ژنی پێشێل کردووە، بەو شێوە گۆران دڵداری پاكو خاوێن بەشۆڕشێکی ڕیالیستی دەزانیٚو بۆ فەراهەم کردنی سەربەستی داوا دەکات دەبیٚ گیانی خۆیان بخەنە مەترسیەوە لەو پێناوە دا بەرەو مردن بڕۆن، گۆران لەشیعری (ئەنجامی یاراندا)، باسی دڵداریەکی بەئاکام نەگەیشتوومان بۆ دەکات کەهۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ باری سیاسیو دواکەوتوویی کۆمەڵ.

بێن کچان بێن کوڕان پەیمان ببەستن
بۆ هێزی زۆرداری مل کەچ نەوەستن
شەهیدانی عەشق
بکەین بەسەر مەشق
دڵداری ڕاستو پاك ئامانجمان بیٚ گشت
یان بژین سەرفراز یان بچین بەکوشت [2]

حسێن عەلی شانۆف لەبارەی کاراکتەرەکانی (گۆران)ەوە دەڵیٚ ((پاڵەوانی ئەشقو خۆشەویستیەکانی گۆران هەمان ئەو پاڵەوانەن

(1) دیوانی گۆران، ل 27 .
(2) دیوانی گۆران، ل 347 .





کەخۆشەویستیو ئەڤین لەخۆشەویستی نیشتمانو ئازادی گەلدا لەیەك جیا ناکەنەوە)) [1].

لایەنێکی دی شیعری گۆران، قسەکەرو دەربڕی هەستو سۆز ژن خۆیەتی واتە ڕەگەزی نێرەو قسەکەر ڕەگەزی مێیە، ئەم دۆخەش لەشیعری (بەردە نووسێك)دا بەڕوونی دیارە، بەزمانی کیژێکی ستەم لێکراوەوە کەقوربانی دەسەڵاتە، کیژێکی سەربڕاو لەناوگۆڕدا دێتە قسە.. لەئەدەبی کوردیدا گۆران دیارترین شاعیرە بەناوی ژنەوە جیاوازی چینایەتیو دواکەوتوویی دابو نەریتی کۆمەڵایەتی دەخاتە ڕوو، بەزمانی ژنو چوونە ناو کەسایەتی ژنەوە بۆ دەربڕینی مافو ئازارەکانی بۆ ئەو ستەمەی کۆمەڵگەو خێزان لەڕەگەزی میٚ دەیکات.. نزیك ترین کەسیٚ لێی کەباوکە لەبەرئەوەی توانای بەسەر دەسەڵاتدا ناشکیٚ، کچەکەی خۆی دەکوژیٚ لێرەدا گۆران سیناریۆیەك پیشان ئەدات کەکەسێکی دەسەڵاتدار دوای ئەوەی ناپاکی بەرامبەر بەشەڕەفو ویژدان دەکات بۆیی دەردەچێتو نە کۆمەڵگەو نە یاسا لێی بەرپرسیار نییە، بەڵام کچ قوربانییە لەبەر ئەوەی ئابڕووی خێزان بەوەوە بەندەو ئەو لەکەداری کردووە،

گۆران لەشیعری (**بەردە نووسێك**)دا دەڵیٚ :ــ

لەسەر کێلی گڵکۆی گەورە کچێك هەڵکەنراوە
لەخاکی گڵکۆما ئەی گۆرستان گەڕ
ئاخێك بنێژە

(1) حسین علی شانوف، عبدالله گوران الشاعر الکردی المعاصر، ص 54 .

لەدنیای ڕووناکتا منیش گیانێ بووم
لەلەشی جوانا
وێنەی پەپولەیەك ئەهاتم ئەچووم
بەناو گوڵانا
ناوبانگی چاوڕەشی شنەی ڕازم بوو
بوو بوو بەلاوك
بەڵام ئاخ کەناڵەی لاوکی لاوان
زوو مەستی کردم
بەڕێی عەشقی پاکا نام ملو..تاوان
بۆ لا ڕێی بردم
لاوێکی نامەردم تووش هات لەڕێما
بەسوێنو پەیمان
وەك ڕەشمار پەپکەی خوارد نووست لەناو جێ ما
ئابڕوومی تکان
پاش ئەوەی ماری پیس ژەهری خۆی ڕژان
کەتن کەری ون
ڕووی نیازی زەردی دایكو باوك خۆم
بێ سوود کەوتە گەڕ
خۆشی چەشنی باوکی تفی هەڵدا بۆم
گوێی لێ کردین کەڕ





ئەو کوڕ بوو، سەرەڕای ئەوش دەستدار بوو
بەدەستوری گەل
ناپاکی کردەوەی دوور لەپرسیار بوو؟
بەڵام، ئاخ ئەجەل
منی (کچ) مامزی بەندیخانەی ژین
سزای تاوانم
بەدەستی باوکی خۆم چوو بەسەر بڕین
پرچی پەخشانم
تلا لەخوێنەوەو کەوتە سەر چاوم
ئیتر نەمبینی
لەجەرگی باوکما سەری بڕاوم
چۆن بوو برینی؟
یان دایکی دڵسۆزم وێرای بەبێ شەرم
بۆ جوانە مەرگی
وەك دایکان شیوەنێك بگێڕێ بەگەرم
ڕەش کا بۆی بەرگی ؟..[1]

گۆران کۆمەڵگەو هەموو ئەندامانی بەژنو پیاوەوە وریا دەکاتەوە، ئەو بێ مافیە دەردەبڕێ کەڕەگەزی مێی کورد تێی کەوتووە.. بەڕاسگۆییەوە زەوتکردنی مافی ژنی دەربڕیوە، لەسایەی ڕژێمێکدا

[1] دیوانی گۆران، ل 209، 210، 211.

کەباوکسالاریەو ژن هیچ بەهایەکی مرۆیی نییە. نووسەر محەمەدی مەلا کەریم دەربارەی پرسی ژن لای گۆران دەڵێت ((شاعیرێ کەتوندوتیژترین دەنگی بێزاری لەبارەی پڕ جەورو ستەمو دواکەوتووی ژیانی ژنی کورد دەردەبڕێو لەشێوەی دەربڕینا گەیشتبێتە چلەبۆپە تەنها (گۆران)ە، گۆرانی مەزن بەر لەوەش ئاگاییەکی سیاسی بەبیری زانستی نوێ، موتوربەکراوە پەیدا بکا وەك مرۆیەکی تا ڕادەیەکی قووڵ لەمانای مرۆڤایەتی گەیشتووە تامی جوانی چەشتوو ڕازاوە ترین بەرهەمی خۆی بۆ ژن تەرخان کردووە))[1].

هەروەها لەبارەی شیعری بەردە نووسێك دەڵێ ((گۆران لەم پارچە شیعرەیدا بەو پەڕی سۆزەوە لەسەر مافی ژێرپێخراوی ژن هاتۆتە دەنگ، بێ ترس تێکڕای کۆمەڵی بەرامبەر بەهەڵوێستی لەئاستی ژن تاوانبار کردووەو مۆرکی نەنگی بەناو چاوی ئەو ڕژێمەوە ناوە کەپیاوەتیو (دەسەڵاتداری) ئەکا بەپاساودەری هەرتاوانێك پیاو بەرامبەر بەژن بیکاو ڕێگای تاوانبار کردنو کوشتنی ژن نەدا بەرامبەر ژن بەهەر کەمترین پێ هەڵخلیسکانێك لەبەر هیچ نا هەر لەبەر ئەوەی ژنە.. تەنانەت پێویستیشی ئەکا باوك بەدەستی خۆی بیکوژێو جگەری خۆی بداتە بەر نوکی خەنجەر))[2].

---

[1] محەمەدی مەلا کەریم، گۆڤاری بەیان، ژمارە 26، ل 13.

[2] محەمەدی مەلا کەریم، گۆڤاری بەیان، ژمارە (26)، ل 13.





- هێمن (1921 – 1986)ز :–

هێمن ئەو شاعیرە خەباتگێرەی کوردستانی ئێرانە کەدەنگی خۆی ئاوێتەی دەنگی چەوساوانی نەتەوەکەی دەکاتو بەدوای ئازادیدا دەگەڕێتو ئازارو ئەشکەنجەی ژیان کۆڵی پێناداتو لەگەڵ شۆڕشگێڕانی نەتەوەکەیدا مل دەنێو لەگوندا لەگەڵ پاڵەو جووتیارو لەشاریشدا لەگەڵ ڕۆشنبیراندا لەبەردەوام بووندا بووەو لەئەزموونی سەختی ژیاندا تووشی دەردەسەریو ئاوارەییو دەربەدەری بووە لەبەر ئەوە دەنگی هێمن دەنگی زۆرلێکراوانی نەتەوەکەی بووە هەر بۆیە هێمن لەشاعیرانی بەر لەخۆی زیاتر باسی چەوسانەوەی ژنو دۆزی ژن دەکات، داوای خەباتو تێکۆشانیان لێ دەکاتو بەشداری نەکردنی ژنان لەبوارەکانی ژیاندا لەگەڵ پیاواندا بەیەکێ لەهۆیەکانی دواکەوتوویی کۆمەڵ دەزانێ. د. عەبدوڵرەحمان قاسملو لەبارەی ڕۆڵی ژنان لەشیعری هێمن دا دەڵێ ((ژن لەشیعری هێمن دا ڕۆڵێکی گرنگی هەیە، جوانی ژن ئیلهام دەری شاعیرە. سەرانسەری خەباتی هێمن ئەو ڕاستیە بەدەردەخا کەویرای سروشتو ژیانو خەباتی گەل، ژنە کەهێمن بۆ شیعر وتن هان دەدا، شیعرەکانی هێمن لەسەر ژن نموونەی بەرزی شیعری کوردین))[1].

---

[1] دیوانی هێمن، ل 35

د. کوردستان موکریانیش لەشیعری هێمن دەدوێو دەڵێ

((مامۆستا هێمن لەم باوەڕەدایە کەوا مافی گەلی کوردو بەش خوراو دابەشکراو تەنیا بەهەوڵو کۆششو خەباتی پیاو ناسێندرێ بەڵکو بەهاوکاری ژنو پیاو ئاواتی گەلی کوردی دلێر دێتە کایەوە))[1].

عوسمان دەشتی لەو ماستەر نامەیەیدا کە لەسەر شیعری هێمن ئەنجامیداوە دەڵێ ((مەسەلەی ژنو پشتیوانیو پشتگیری لەسەربەستیو رزگار بوون لەئاست کۆتو بەندو ئاستەنگی کۆمەڵایەتی، یەکێکە لەو بابەتانەی کەهەر لەسەرەتاوە مێشکو بیری (هێمن)ی داگیر کردووە، لەپاشان وەکو مەبەستو ئامانجێکی کۆمەڵایەتی، سیاسی سەردەم، لەبەشێکی زۆری هۆنراوەکانی، بەگەرمی بەپیریەوە چووەو وەکو دەنگێکی زاڵ لەنێو وێنەو تابلۆی هۆنراوەکانیدا دیارو بەرچاوە))[2].

(هێمن)یش وەکو شاعیرانی دی داوای فرێدانی پەچەو عەبا دەکات، چوونە قوتابخانە بەلایەوە تاکە هۆیەکە بۆ وریا کردنەوەی نیوەکەی کۆمەڵ لەنەزانیو نەخوێندەواری :-

کۆیلەتی باوی نەماوە کیژی کوردی خۆشەویست

ڕاپەڕە هەستە لەخەو ئاخر چ وەختی خەوتنە

دەرکە بشکێنە پەچە بدڕێنە ڕاکە مەدرەسە

[1] د. کوردستان موکریانی، ژن لە ناو هۆنراوەکانی مامۆستا هێمن دا، گۆڤاری بەیان، ژمارە (26)، ل 30، ساڵی 1975 .

[2] عوسمان دەشتی، دەربارەی ناوەڕۆکی سیاسی و کۆمەڵایەتی شیعرەکانی هێمن، سلێمانی 2003، ل 77 .





چاری دەردی کوردەواری خوێندنە هەر خوێندنە [3]

هێمن ڕاشکاوانە باسی بەندەییو ژێر دەستەیی کچی کورد دەکات کە لەنێوان چوار دیواریماڵدا دیلو دەستبەسەرە بەبێ ئەوەی بەرهەمێکی هەبێ، بەبێ ئەوەی گۆڕانکاریەکی نوێ لەژیانیدا بێتە گۆڕێ. هێمن دەچێتە ناو ژیانی خێزانی کوردەواریەوەو لەوە دەدوێ کەکورد خۆی کیانێکە لەهەر چوار لاوە دەروازەی ژیانی لێ داخراوە کەچی دەروازەکانی ژیانی لەڕووی نەوەکانی خۆیدا داخستووە، هێمن لەو باوکسالاریە دەدوێ کەبۆ ڕۆژگارێکی درێژ ژنی چەوساندۆتەوە، باوکسالاریەك کە لەناو جەرگەی کۆمەڵدا ڕەخساوەو لەوێشەوە مافەکانی ژنی زەوت کردووە، هێمن بەراووردی کچی کورد بەبەولآتانی پێشکەوتوو دەکاتو دەڵێ ئەوان ئەتۆمیان درووست کردو تۆش تازە خەریکی درووست کردنی کارە سەرەتاییەکانی ژیانی، هێمن لەشیعری (یادگاری شیرین دا) دەڵێ :-

چۆن دەبێ سەربەست گەلی ژێر دەست کەکچ دابەستە بێ

بەس نەبێ ئەو کۆیلەتیو ئەو کچ لەژوور دابەستنە

دەرکی داخستووە لەتۆ بابت کەچی دەرکەی نییە

دەرکە داخستن لەتۆ دەرکی هومێد داخستنە

داڕزینە، مردنە، ئاخر تاکەی پێت بلێن

نابێ بێتە دەر لەماڵ، مافی ژیانی کوا ژنە

لادە چار شێوی ڕەشت با دەرکەوێ کوڵمەی گەشت

[3] دیوانی هێمن، ل 138 .

چۆن لەقەرنی بیستەما زۆر عەیبە ئەو ڕوو گرتنە [1]

هێمن شاعیرێکی قسە کردووە بۆ بەرگری کردن لەمافی ژن، کێشەکان دەبەستێ بەخەباتی ژن خۆیەوە.. چۆن لەپیاو ڕادەبینی کەبەشداری شۆڕش بکات، ئاواش داوا لەژن دەکات کەبەشداری خەباتی پیاوان بکات.

ئەختەر کچی کوردی چاو مەست
ئیلهام بەخشی شیعری پڕ هەست
ئەی پیشمەرگەی میللەت پەرەست
کەدیتمی تفەنگ بەدەست
زانیم گوڵی هیوا پشکوت
بەیانی ئازادی ئەنگوت [1]

هێمن بۆوریا کردنەوەی ژنو بۆ ئەوەی داکۆکی لەمافەکانیان بکەن بەگوێی کۆمەڵدا دەدات، ئەگەرچی خاوەنی خاکو ڕووبارو وڵاتی خۆت بیت بەڵام ئەگەر ژن ئازاد نەبێت ئەوا ئازادی پیاویش سەقامگیر نابێت.

با هەزار (زێ)و (گادەر)و (لاوێنی)، ڕوونیشمان هەبێ
تاکو ژن ئازاد نەبێ سەرچاوەکەی ژین لیخنە [2]

[1] دیوانی هێمن، ل 136، 137 .
[1] دیوانی هێمن، ل 194 .
[2] سەرچاوەی پێشوو، ل 138 .





هێمن لەسەرجەمی شیعرەکانیدا شاعیرێکی ڕاستگۆیە، کێشەی ژنی وەکو کێشەی میللەتەکەی خستۆتە ڕوو ژنی کورد وریا دەکاتەوە لەدواکەوتوویی دابو نەریتی کۆمەڵایەتی، بانگیان دەکات بۆ خوێندنو زانستو زانیین لەوەش زیاتر هانیان دەدات کەبەشداری لەشۆڕشی میللەتەکەیاندا بکەن. لەجیاوازی چینایەتی ئەدوێو دژی کۆنەپەرستیو دەسەڵاتی ئاغاو دەرەبەگ دەوەستێ، هێمن لەناو هەموو چینو توێژەکانی کۆمەڵدا ژیاوەو ئەو ژیانەش بۆی بۆتە ئەزمونێکی گرنگ لەشیعرەکانیدا ڕەنگی داوەتەوە، هێمن شەیدای جوانی ژنی کوردەو تامەزرۆی ئەڤینو دڵداریە بەڵام ئەو جوانیو ئەڤینە دەبەستێتەوە بەخەباتی نەتەوەکەیەوە و داوای لێ دەکات دیواری دیلێتی بروخێنێ بەو شێوەیە (هێمن بەهەموو مەعناوە مرۆڤێکی ڕیالیستو شاعیرێکی واقیع بینو بەرچاو ڕوون بووە، ئەزموونو تاقی کردنەوەی ئەوەی خۆی لەژیانو مێژووی پڕ لەمەینەتو ئەشکەنجەو ئازادی نەتەوەکەی هەڵهێنجاوە)[1].

[1] عوسمان دەشتی، ل 143 .

## بەشی سێیەم

## پاری یەکەم

### هەوڵدانی ژنانی کورد
### بۆ وەدەستهێنانی داخوازیەکانیان





### هەوڵدانی ژنانی کورد
### بۆ وەدەستهێنانی داخوازیەکانیان

ژنی کورد وەکو ژنی هەموو نەتەوەیەکی تر بەڕۆژگاری جیاوازدا تێپەڕیووە هەندێجار پلەو پایەی بەرز بۆتەوەو، هەندێجاریش ناوی لەناو ناواندا نەماوەو پەراوێز خراوە بەتایبەتی لەکوردستانی عێراقدا تووشی چەندەها گیروگرفت بووەو لەمافەکانی بێ بەری کراوە بەتایبەتی بەهۆی ئەو دەسەڵاتە نا کوردییانەی کەیەك لەدوای یەك دەسەڵاتیان گرتۆتە دەستو تێڕوانینی جیاوازیان هەبووە بەرامبەر بەژن، لەڕووی کۆمەڵایەتیەوە دیاردەی دواکەوتوویی ژن بەهۆی ئەو کاریگەریە دەرەکیانەوە بووە کەهۆکاری مێژوویی‌و ئابوری لەدیارترین هۆکارەکانە دیارە هۆکاری سیاسیش لەو هۆکارانەیە کەدەنگی ژن‌و بزووتنەوەی ژنانی دوا خستووە، لەگەڵ ئەوەشدا ئەو ڕژێمانەی دەسەڵاتیان گرتۆتە دەست نەیانتوانیوە ناسنامەی ژنی کورد بسڕنەوەو مێژووش ناوی چەندین ژنی هێناوە کەکاریگەریان لەڕەوتی پێشکەوتنی دۆزی ژندا هەبووەو ئەو

ڕۆژهەلآتناسانەش کەهاتوونە کوردستانەوە ئەوەیان سەلماندووە کەژنی کورد لەزۆر لایەنەوە جیاوازی هەیە لەژنی کۆمەلگەی ڕۆژهەلأت، لەو ڕووەوە سۆن دەلێ ((زۆرجار ڕووی داوە ژن لەمالەوە پیشوازی کردووم‌و مێردەکەشی لەمال نەبووە، لەگەلمدا دانیشتووەو قسەشی لەگەلدا کردووم هیچ خۆی بەشەرم‌و حەیای درۆوە پیشان نەداوە))[1].

سیر مارك سایكس دەلێ ((ژنی کورد خۆی رزگار کردووە، رزگاربوونی لەبەهایەکی بەرزەوە هاتووە کەپێکهاتووە لەکۆمەلی بیرو باوەڕی ئەو کۆمەلگەیە)) [2].لەبارەی ئەوەشەوە کەژنی کورد دەسەلأت دەگرێتە دەست مینۆرسکی دەلێ ((ژنی کورد دەبێتە سەرۆکی هۆزەکەی، کاتێ تورکەکان ناوچەی هەکارییان گرت دەستەلأت بەدەست ژنێکەوە بوو))[3].هەروەها سۆن دەلێ ((هەلسوکەوتی ژنی کورد وەکو پیاوانیان وایەو لەگەل هەلسوکەوتی ژنی ڕۆژهەلآتدا جیاوازی زۆرە بەلکو هەلسوکەوتیان وەکو ژنی ئینگلیز وەهایە))[4]. بیری رزگار کردنی ژن هەر لەمێژە لەناو ڕۆشنبیرانی بەرەچەلەك کوردا هەبووەو داکۆکیان کردووە بەتایبەتی لەڕووی نەزانی‌و نەخوێندەواریەوە بۆ نموونە نووسەری

[1] مینۆر سکی، وەرگێڕانی، د. مارف خەزنەدار، ل 159 .
[2] شهبال دزةیی، الوضح الاجتماعی والقانونی للمرأه في كردستان العراق (2003)، ص92.
[3] سەرچاوەی پێشوو، ص 136.
[4] شهبال دزەیی، الوضح الاجتماعی والقانونی للمرأه في كردستان العراق (2003)، ص97.





بەرەچەلەك کورد (قاسم ئەمین) لەمیسردا بەئاشکرا داوای دامەزراندی قوتابخانەی کچانی کردووە هەولەکانیشی بێ بەرهەم نەبووە لەعیراقیشدا شاعیری کورد (جەمیل صدقی زەهاوی) داوای کردنەوەی قوتابخانەیەکی کچانی کردووە هەرچەندە بەرهەلستی زۆرکراوە بەبێ باوەڕو کافر لەقەلەمیان داوەو دوژمنایەتیشیان کردووە بەلأم بەسەر بەرامبەرەکانیدا زال بووەو هەولەکانی بێ ئەنجام نەبووە، لەسالی 1899ز دا لەعێراقدا یەکەمین قوتابخانەی کچان کراوەتەوەو بەشێوەیەکی فەرمی ناسێنراوەو لەسالی 1923ز دا کۆلێجی ئامادەیی کچان (کلیه أعداد المعلمات) دامەزراوە هەر لەو سەردەمەدا گۆڤاری (لیلی) بەسەرۆکایەتی (بۆلینا صۆن) دامەزراوەو داوای مافی ژنانی کردووە، لەهەولێریش یەکەمین قوتابخانەی کچان دامەزراوەو یەکەمین مامۆستای (شوکریە جیاوك) بووە[1].

بەئاوڕدانەوە لەسەرەتای سەدەی بیستەم، ئەستەمبوول بەناوەندێکی پیشکەوتوویی کورد پەروەری دانراوە کەتیاییدا دەیان ڕیکخراوی جۆراو جۆر لەپایتەختی ئیمپراتۆری عوسمانیدا هاتۆتە ئاراوە، لەنێوان سالأنی 1908 – 1920 ز گەلێ هەنگاوی باش‌و نوێ نراوە، بەشێکی زۆری ئەو پێشکەوتنانەش لەسەردەمی سولتان عەبدلحەمید دا دەست پێ دەکات‌و لەو سەردەمەدا هەولی زۆری کۆکردنەوەو ڕێکخستنی کوردەکان دراوە لەئەستەمبوول [2]. ژنانی کورد لەئەستەمبوول بەتەواوی

[1] سەرچاوەی پێشوو، ص 97 .
[2] بڕوانە: ڕوهان ئالا کوم، (و) پەروین حمە صالح، گۆڤاری تەوار، ژمارە (9)، ل 32، 34 .

تێکەڵی ڕێکخراوە نەتەوەییەکان ببون‌و ڕەوشی ژنان‌و هێزو تێکۆشان‌و یەکبوونیان کاریگەریەکی بەرچاویان هەبوو لەسەر ڕێکخستنی کوردەکان لەو سەردەمەدا بەشداریکردنی ژنان لەخەباتدا دیاردەیەکی بێ وێنە بووەو لەلایەن چینەکانی گەلی کوردەوە بەرز دەنرخاو بەگرنگییەوە باسی لێوەکراوە، ژنان بەم بەشداری کردنەیان بۆ یەکەمجار بەگەلێ زاراوە ئاشنا بوون، وەك (ڕێکخستن، کۆمەڵی ئۆرگان، ئەندام، کۆبونەوە، بڵاوکراوە، ڕۆژنامەو گۆڤار) لەو کاتەدا شاری ئەستەمبووڵ ببووە ناوەندێکی گەورەی ئەدەب‌و مەدەنیەت مەشخەڵی وشیاری ڕاپەڕین‌و ڕۆژهەڵات‌و ڕۆژئاوای بەیەك دەگەیاند، ئاسیاو ئەوروپای لەئامێز دەگرت، ئەو گەلانەی لەناو ئەم ئیمپراتۆریەتەدا ژیاون ڕوویان کردۆتە پێشکەوتن‌و جموجۆڵی ڕۆشنبیری‌و ڕامیاریان لەپەرەسەندندا بووە، ژنانیش بەشێك بوون لەو پرۆسەیە دەکرێ بووترێ ئەستەمبووڵ کاکڵەو ناوەندی پێکهێنانی یەکەم ڕێکخراوی ژنانی کورد بووە لەتورکیا. بەر لەسەدەی بیستەمیش ژنی کورد لەئەستەمبووڵ کاریگەری باشیان هەبووە لەڕووی دیپلۆماسیەوە بەتایبەتی لەسەردەمی میری جەزیری (میر محەمەدی دەمرە) کەژنەکەی خۆی یەکێك بوو لەژنە دیارەکان پاش مردنی میرنشینەکەی بەڕێوەبردووە، ژنێکی تری ناوداری ئەوکاتە (قەرەخانم) بووە سەرکردەی لەشکری کردووەو لەشەڕی (قرم)دا بەخۆی‌و سێ سەد سوارەوە بەشداری کردووە، لە 1854/4/22 بۆ یەکەم جار لەڕۆژنامەی ( The Hinstrated London News) لەژێر ناوی (قەرەخانم لەئەستەمبووڵ) بابەتێك بڵاو کراوەتەوە.





لەدەستپێکردنی سەدەی بیستەمدا لەنێو هەموو کۆمەڵگە پێشکەوتووەکاندا یەکەم جاربوو ڕۆڵی ژنان وا بەرفراوانی‌و دیار بەرز ڕابگرێت نەك لەلایەن ژنانەوە بەڵکو پیاوانیش پشتگیری ئەم یەکێتیی ژنانە بوون، لەو پیاوە کوردانەش لەو بوارەدا (عەبدوڵڵا جەودەت‌و زەیا کو کالب، مەولانازادە ڕەفعەت) بوون، عەبدوڵڵا جەودەت لەگەڵ هاوڕێیەکی خۆی بەناوی (ئیسحاق سکوتی) لەشاری (العزیز) قوتابخانەیەکی تێکەڵیان کردەوە، کچان‌و کوڕان پێکەوە لەوێ دەیانخوێند. شایانی باسە ئەلفییە مەلانی لەساڵی 1930ز دا لەئەستەمبووڵ ڕۆژنامەیەکی دەرکردووە بەناوی جیهانی ژنان‌و دووسەد ژمارەی لێ چاپکردووە، لەساڵی 1913ز دا لەگۆڤاری ڕۆژی کوردا بابەتێك لەلایەن ( Y. C Ergain Madenli)وە نوسراوە لەسەر شوێنی ژن لەکۆمەڵگەی کوردیدا. لەساڵی 1914ز دا لەگۆڤاری (سیانەتدا) لەلایەن (خەلیل حامد)ەوە بابەتێك بڵاوکراوەتەوە بەزمانی تورکی بەناوی ژنی کورد، باسی زۆری ژنە ناودارەکانی کورد دەکات وەك (قەرە فاتمەو دیە میر مەحمود دەلال خانم).

لەساڵی 1919ز دا یەکەم ڕێکخراوی ژنی کورد لەئەستەمبووڵ دامەزراوە بەناوی (Kurd Kadin Lavi Teali Cemiyeti)، شاعیری کورد (عەبدلرەحیم ڕەحمی) لەساڵیادی کۆمەڵەدا شیعرێکی بەناوی بۆ کۆمەڵەی دایکان بڵاو کردۆتەوە.

هەر لەو سەردەمەدا داوا لە(ئامینە خانم) کراوە کە لەپاریس ژیاوە سەرۆکایەتی کۆمەڵە بکات، ئەویش پێشنیارەکەی قبوڵ کردووە، واتە

سەرۆکی کۆمەڵەکە ژن بووە، ئامینە خانم نووسینو قسەکردنی بەزمانەکانی ئینگلیزیو فەڕەنسی زۆر باش زانیووەو ژنێکی زاناو سەنگین بووە، دووای ئەوەی لەساڵی 1908ز دا دەچنە پاریس لەساڵی 1918 – 1920ز دا شەریف پاشای مێردی بەنوێنەری کورد لەفەڕەنسا هەڵدەبژێرێ.. لەدوای ساڵی 1920زدا کەبواری مانەوەی سەرکردەو ڕابەرانی بزاڤی کوردی لەئەستەمبووڵ نامێنێ، ئەستەمبووڵ جێدێڵنو ڕووەو کوردستانی عێراق بەڕێدەکەون [1].

لەکوردستانی عێراقیشدا لەساڵی 1926ز دا یەکەمین قوتابخانەی کچان لەسەر داخوازی شێخ نووری شێخ ساڵحو ئەحمەد بەگی ساحێب قرانو حەپسە خانی نەقیب کراوەتەوەو بەڕێوەبەری (گوزیدە) بووە، کوردی تورکیا بووەو ژنێکی کاملو تێگەیشتوو بووە، قوتابخانەکە ناوی (زهراو) بووەو زەهرایان پێوتووەو فاتمە محێدین ژنی ئەحمەد بەگیش مامۆستا بووە لەبارەی ئەو قوتابخانەیەوە فاتمە محێدین دەڵێ ((یەکەم پۆلی قوتابخانەی ساواکەمان دەستەیەکی یەکجار سەیر بوو هی وای تێدا بوو تەمەنی لە 20و بڕوا بکە لە 25ساڵیش تێپەڕیبوو بەسەرپێچی لارو لاگیرەوەو مێخەك بەندو سوورو سپیاوێکی باشەوە دەهات، لەگەڵ هی وادا دادەنیشت بەکچی خۆی دەشیا، بەڵام هەموویان بۆ فێربوون هاتبوون بەدڵ

[1] بڕوانە: ڕوهان ئالا کوم، یەکەمین ڕێکخراوی ژنی کورد لەئەستەمبول، گۆڤاری تەوار، ژمارە (9)ی ساڵی 2002، ل 37 ، 42 .





خۆیان هیلاك دەکرد)) [2]، بەوشێوەیە فاتمە محێدین لەبارەی یەکەم قوتابخانەی کچانەوە دەڵێت ((جارێکیان نزیك بەر دەرکی سەرا یەکێك بەهێواشی دەستی دا بەپشتماو پێی ووتم ئافەرین هەزار جار ئافەرین، سەرت بەرز کردینەوە، کەئاوڕم دایەوە پیرەمێردی شاعیرم دی، پیرەمێرد گەلێ قسەی تری کرد لەئەوە ئەچوو بیەوێ هەموو ماڵێ بکاتە قوتابخانە))[1].

دەتوانین لەم قۆناغەدا باسی (حەپسەخانی نەقیب)بکەین کەکچی شێخ مەعروفی حەفیدی کاك ئەحمەدی شێخە، لەشاری سلێمانی لەساڵی 1891 زایینی لەدایکبووە، ئامۆزای شێخ مەحمودی قارەمانی نەمرە،وە خێزانی شێخ قادری حەفیدە. حەپسەخان یەکێ بوو لەژنە هەرە بەناوبانگەکانی کورد، ژنێکی دڵ نەرمی ڕەوشت بەرزی زمان شیرینو دەروون پاك بووە، دیوەخانەکەی هەمیشە جمەی ئەهات پڕ بوو لەژنانی سلێمانیو دەرەوەی. هەر ژنێك تووشی کێشەو تەنگو چەڵەمەیەك بوایە لەڕووی نەبوونیو زۆرلێکراوییەوە پەنای ئەبردە بەر حەپسەخان، ئەویش وەك دایکێکی دڵسۆزو دڵ نەرم بەپێی توانای یارمەتی ئەدا. لەڕووی کوردپەروەرییەوە دەستێکی ئەوتۆو باڵای هەبوو کەهەمیشە نەك هەر ژنان بەڵکو تێکڕای کوردپەروەران شانازیان پێوە ئەکرد، هەروەها لەڕووی مرۆڤایەتیشەوە نموونەیەکی نایاب بوو لەدیوەخانی حەپسەخاندا هەمیشە

[2] د. کەمال مەزهەر، گۆڤاری بەیان، ژمارە (73) .

[1] د. کەمال مەزهەر، گۆڤاری بەیان، ژمارە (73) .

باسی خوێندەواریو ڕەوشت پاکیو کورد پەروەری ئەکرا، گەلی لێقەوماوی لەتەنگو چەڵەمە ڕزگارئەکرد، مێژوو ئەوە لەیاد ناکات کەحەپسەخان لەساڵی 1930 زاییندا نامەیەکی کراوەی دەربارەی مافی نەتەوایەتی کورد نووسی بۆ کۆمەڵی گەلان (عصبه الامم) [2].

د. کەمال مەزهەر لەبارەی ڕاپەڕینە گەورەکەی کانونی دووەمی ساڵی 1948زو شوێنی گەلی کورد لەو ڕاپەڕینەدا ڕۆڵی ژنی کوردو عەرەبی باس کردووەو دەڵێ ((یەکێك لەنیشانە جیاکەرەوەکانو دەسکەوتێکی دیاری کۆمەڵایەتی ڕاپەڕینی کانوون ئەوە بوو کەژنی شار چ عەرەبو چ کورد بەشێوەیەکی فراوانو ڕێكو پێك تێکەڵی ژیانی سیاسی بوونو شان بەشانی پیاو بۆ ڕووخاندنی (پەیمانی پۆرتسمون) هاتنە کۆڕی خەباتەوە)) [1].

وەکو ڕێکخراوەیەکی سەربەخۆش لەساڵی 1952ز دا بەپشتیوانی پارتی دیموکراتی کوردستان یەکێتی ژنانی کوردستان دامەزراوەو لەو مێژووەوە لەهەوڵو تێکۆشاندا بووە بۆ پتەو کردنی ڕیزەکانیو لەدوای هەڵگیرساندنی شۆڕشی چواردەی تەموزیشو لەساڵی 1959ز دا جارێکی دی دەست بەکار دەکەنەوەو (زەکیە ئیسماعیل حەقی) کە لەبەغدا دانیشتوو بووە بەسەرۆکی ئەو یەکێتیەو لەگەڵ چەند ژنێکی تردا چاوپێکەوتنیان لەگەڵ سەرۆك (عەبدولکەریم قاسم)دا سازکردووەو داوای

---

[2] بڕوانە عبدالجبار محمد الجباری، ژنە ناودارەکانی کورد، ل 11 .

[1] د. کەمال مەزهەر، چەند لاپەڕەیەك لە مێژووی گەلی کورد، بەغداد 1985، ل 22 .





کردنەوەی بارەگای یەکێتی ژنانیان لێ کردووە کە لەکوردستاندا بکرێتەوە، هەندێ لەو ژنانەش کەبەشداری ئەو چاوپێکەوتنەیان کردووە (بەهیە مەعروفو درەخشانی شێخ جەلالو گەلاوێژی ژنی مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد بوون). لەڕووی خەباتی سیاسی ژنانەوە لەدووای نەمانی دەستەڵاتی عبدالکریم قاسم، ژنانی شاری سلێمانی دەستیان لەخەبات هەڵنەگرتووەو هاوکاری هەڵگیرساندنی شۆڕشی کوردیان کردووەو ئەمانیش کڵپەی خەبات بوون بۆیە دەکرێ بووترێ سەرهەڵدانی بزافی ژنان لەسەرەتای پەنجاکانی سەدەی بیستەمدا لەتەشەنەکردنو بەهێز بووندابووە لەو ڕووەوە خاتوو بەهیە مەعروف کەیەکێك بوو لەدامەزرێنەرانی یەکێتی ژنانی کوردستان دەڵێ ((دوای ئەوەی بارەگاکەمان پێچایەوەو نەمانتوانی بەئاشکرا درێژە بەخەباتی ژنان بدەین بەهۆی تێکچوونی زرووفی سیاسیەوە لەساڵی شەستەکاندا دەستمان کرد بەخەباتی نهێنی، کۆبوونەوەکانمان لەماڵی خۆمانو ماڵی خوشكو برای دڵسۆزان ئەنجام ئەدا تا لەکاروانی خەبات دوانەکەوین ئەم خەباتەی ژنان پەلی هاویشت پتر لەڕۆژانی پێشوو تریو لەهەموو گەڕەکەکانی شاردا ئەندامانو لایەنگرانی باشو دڵسۆز هاتنەکایەوەو شان بەشانی برا پێشمەرگەکانیان چالاکیان ئەنواند، سەرۆکمان زەکیە خان هەر لەبەغدا مابوو پەیوەندیمان بەهێز بوو لەگەڵیدا)) [1].

---

[1] هەندێ لە بیرەوەریەکانی خاتوو بەهیە مەعروف، ل 39، 40 .

لەم قۆناغەدا ناوی ژنێکی ڕۆشنبیرو چالاك لەبواری سیاسی زۆر دیاربوو لەشاری سلێمانی ئەویش "ناهیدەی شێخ سەلام" بوو ناهیدە هەر لەتەمەنی لاوێتیەوە لەسەر ڕەوتی "شێخ سەلام "ی باوکی ڕۆیشتووە، هەستێکی پاکی نشتمانپەروەری‌و کۆمەڵایەتی هەبووە گەلێك جار لەگۆڤاری گەلاوێژدا بەناوی خۆیەوە یان بەئیمزای (ن.س) بابەتو وتاری بڵاوکردۆتەوە، لەسیاسەتدا یەکێك بوو لەو ژنە بەدەگمەنانەی کەشوێن‌و ڕێی شایستەی خۆی گرتۆتەوەو ماوەیەك ئەندامی ناوەندی پارتی دیموکراتی کوردستان بووە(1)

کوردستان موکریانیش لەبارەی بزافی ژنان لەو ساڵانەدا دەڵێ ((لێکۆڵینەوە ئەوەی بۆ ڕوون کردومەتەوە کەوا دەنگی ڕاستەقینەی ژنی کورد لەکۆتایی ساڵانی پەنجاکان‌و شەستەکاندا بەرز بۆتەوە)) (2).لەکوردستانی ئێرانیش بزووتنەوەی ژنان لەمێژە جوڵەی تێکەوتووەو لەوێش کاتێ کورد سەربەخۆیی وەدەستهێناوە، ڕەوشی ژنان باشتربووەو ڕێگەی کارکردن‌و خوێندن‌و چالاکی کۆمەڵایەتی بۆ خۆشکراوە لەساڵی 1946ز داو لەسەردەمی کۆماری کوردستاندا کۆمەڵی لەژنان‌و کچانی ئەو کاتەیان فێری زانستو زانیاری کردووەو ئەنجومەنی پەروەردەی کۆماری کوردستانیان پێکهێناوە، لەو بارەیەوە د. کوردستان موکریانی دەڵێ ((کۆمەڵەی یایانی کورد کە لەکوردستانی ئێراندا لەساڵی 1946ز دا

(1) بڕوانە تابان کەمال عەلی، بزوتنەوەی خەباتی ژنان، گۆڤاری ئایندە، ژمارە (11)، ل40 .

(2) دکتۆر کوردستان موکریانی، بەیانی ژمارە (63) ساڵی 1980.





دامەزراوەو (مینا خانمی) خێزانی شەهید قازی محمد بەرپرسی ئەم ڕێکخراوە بووەو ئامانجی ئەم کۆمەڵەیە بڵاوکردنەوەی خوێندەواری‌و کۆکردنەوەی یارمەتی بۆ کۆماری مەهاباد بوو)) (3). بەتێڕوانین لەکۆمەڵگەی کوردەواری، دەبینی بەقۆناغی دەرەبەگایەتیدا تێپەڕیوەو سیستەمی پیاوسالاری بەسەریدا زاڵ بووە، دیارە لەقۆناغێکی وادا کەهەموو فرمانێك لەدەستی پیاودا بێتو پیاویش گیرۆدەی دەستەڵاتێکی تر بێت کەدەستەڵاتی داگیرکەرە، دۆزی ژن دۆزێکی نێگەتیفانەی دەبێتو جموجۆڵی ئاشکرای پێوە دیار نابێتو ئەو کۆتو پێوەندانەش کەدابو نەریتی کۆمەڵایەتی‌و ئاین‌و ڕەوشی سیاسی خوڵقاندوویانە هۆکارگەلێکن ئەو دۆزەیان کپ کردووەو نەیان هێشتووە خۆی لەگەڵ ڕۆژگارەکەدا بگونجێنێ‌و تەشەنە بکات، ئەمە جگە لەوەی ئەو کۆتو پێوەندەی لەدەستی ژندایە لەکەلتورێکی فرە قووڵەوە سەرچاوەی گرتووە نەیتوانیوە بەئاسانی لێی دەربازبێت، بەڵام لەگەڵ ئەو دۆخەشدا ژنی کورد جگە لەبەرپرسیاری لەکاری ماڵدا بەشداری پیاوی کردووە لەتێکۆشانداو کاتێ پیاو لەخەباتی سیاسیدا پێویستی پێی بووبێت درێغی نەکردووەو بەشێوەیەکی گشتی لەکۆمەڵگەی کوردەواریدا ژن حیجابی نەپۆشیوەو جلی کوردیش پێناسەیەك بووە بۆ کەسایەتی ژن، چونکە زۆربەی میللەتان بەتایبەتی پێشکەوتووەکانیش لەڕووی شارستانیەتەوە نەیانتوانیوە پارێزگاری لەجلی میللی خۆیان بکەن‌و چەندین کۆمەڵگەش هەیە کەجلی میللی خۆیان نییە

(3) د. کوردستان موکریانی، نا بۆ شوێنکەوتەیی، هەولێر 2002، ل 84 .

((تا ئێستاش کۆمەڵێك دابو نەریت لەناو کۆمەڵگەی کوردیدا ماون ئاماژە بەوە دەکەن تاکی کورد بەگشتیو مێینە بەتایبەتی شوێنو مەنزڵی لەنێو کۆمەڵگەکەیدا باشترو شیاوترە، کەباشترین نموونە ئەو ئازادییە لەناو گوندنشینەکاندا تا ئێستاش برێکی کەمی توانراوە پارێزگاری لێبکرێت وەك خاوەنداریێتی ژن لەمەڕوماڵاتو ڕەدووکەوتنو ڕەشبەڵەكو هەرەوەزوو نەبوونی عەباو پەچە))[1].

هەروەکو ئاماژەمان پێدا ژنی کورد لەخەباتی سیاسیدا بەشداری کردووەو پارێزگاری ئەو کیانەی کردووە کەتیای ژیاوەو ڕۆژهەڵاتناسەکانیش کەهاتوونەتە کوردستانەوە ئەمەیان سەلماندووەو هۆکارێکی تر کەکاری لەبزافی ژنان کردووە نووسەرانو شاعیرانی کورد بوون کەهاندەرو ڕێ نیشاندەریان بوونو هەر ژنی کورد بووە کەکاری ڕێکخراوەیی کردووەو کۆڕوکۆمەڵەی دامەزراندوەو دیارە هەر کۆمەڵگەیەکیش بەپێی باری پێشکەوتنی خۆی دەڕوانێتە کەسەکانیو کەسەکانیشی دەبێ بەپێی ڕەوتی کۆمەڵگەی خۆیان ڕەفتار بکەنو هەر زیادەڕۆییەك لەو ئاستەدا دەبێتە لادانو هەڵخلیسکان لەژیانی ڕۆژانەیدا.

[1] بوار نورەدین، ڕەدووکەوتن لە کەلتوری کوردیدا، سلێمانی 2005، ل 62 .

## پاری دووەم

## دەرکەوتنی شیعری ژنان لەئەدەبی کوردیدا





### دەرکەوتنی شیعری ژنان لەئەدبی کوردیدا

دیارە هەوڵی گەشەپێدان بەبزاڤی فیمینیستی بەو پێیەی فیمنیزم داکۆکی کردنە لەسەر ژن‌و ئەو هەوڵانەی ژنان دەیدەن بۆ خۆ ڕاپسکاندن‌و ڕزگارکردن لەو کۆتەی لەگەردنیاندایە، دەبێ ئاماژە بەشیعرو شاعیریەتی ئەو ژنە شاعیرانە بدەین کە لەئەدەبی کوردیدا ڕۆڵێکیان هەبووە هەرچەندە بەژمارە کەمیش بن بەڵام لەڕووی زانستەوە ئەوە دەسەپێ باس نەکردنیان‌و ئاوڕ نەدانەوە لێیان دەبێتە ونکردنی مێژوویەك کەژن تێیدا لەو سەردەمەدا ئامادەگی هەبووە جا لەهەر ڕوویەکەوە بوو بێت، چونکە وەکو پێشتریش ئاماژەمان پێدا ژن جگە لەوەی پابەندی ئاین‌و خوونەریتی کۆمەڵایەتی بووە چەوساوەی دەستی دەستەڵات‌و ئەوجا پیاویش بووە هەرچەندە نزیکترین کەسی خۆی بووە دەبێ ئەوە بەهەند وەربگیرێ چونکە ڕابردووی خود ئەگەر ڕۆڵێکی هەبووبێت لەبزاڤی نەتەوەکەیدا ئەوە دەبێتە مێژوو، مێژووش ئەگەر نوسرابێتەوە دەبێت بەبەشێك لەڕۆشنبیریی ئەو نەتەوەیە بۆیە بۆ

چوونە ناو باسەکەوە لەژنە کوردێك ئەدوێین کەڕۆڵێکی دیارو لەبەرچاوی لەمێژووی ڕۆشنبیریی نەتەوەکەماندا هەیە ئەویش مەستورەی ئەردەڵانیە کەنووسەرو سیاسەتمەدار (نەوشیروان مستەفا) لەبارەیەوە دەڵێ ((دایکی ڕۆژگار نە پێش ئەوو نە دووای ئەویش ژنێکی هەڵکەوتووی وەکو مەستوورەی بەمێژووی کورد نەبەخشیوە))[1].

مەستوورە [1] ناوی (ماه شەرەف خانم) بووە لەساڵی 1804ز لەسنە لەدایکبووە، کچی ئەبولحسەن بەگ کوڕی محمد ئاغا بووە دایکی لەبنەماڵەی میرزا عەبدوڵای وەزیر بووە. بنەماڵەی باوکی مەستوورە قادری‌و بنەماڵەی دایکی میرزا عەبدوڵای وەزیر هەردووکیان لەبنەماڵە دەوڵەمەندو دەستڕۆیشتوەکانی شاری سنە بوون، ڕۆڵێکی کاریگەریان لەژیانی سیاسی‌و دارایی‌و جەنگی‌و دامو دەزگای حکومەتی ئەردەڵاندا هەبووە. مەستوورە لەساڵی 1244 دا شووی کردووە بەخوسرەو خانی ناکام، خوسرەو خان لە 21 ساڵیدا بووە جێگری ئەمانۆڵلا خانی ئەردەڵانی باوکی‌و بەر لەهاوسەرێتی لەگەڵ مەستوورەدا ژنێکی تری هەبووە ناوی حوسن جیهان بانو کچی فەتحعەلی شای قەجەر بووەو خوسرەوی والی جگە لەخۆشخەتی‌و

(1) نەوشیروان مستەفا، کورد و عەجەم، ساڵی 2005، ل 503 .

(1) بەر لە مەستوورە لاپەڕەکانی ئەدەبی کوردیدا ناوی چەند ژنە شاعیرێکی تر هاتووە بەشێوەی دیالێکتی گۆران، کە چەند نموونەیەکی کەم لە شیعرەکانیان لەبەر دەستیانە بەڵام ئەم ژنە شاعیرانە ناسراونین و نەبوونەتە دەنگێك لە شیعری کوردیدا لە دوای مەستوورەش چەند ناوێکی تر دیارە بەڵام بەرهەمیان زۆر کەم وەکو "میهرەبان خاتوون" (1858ز – 1905) کچی مەلا "حوسەین"ی بەرواریە .





ڕۆشنبیریی، شیعریشی نووسیوەو نازناوی ناکام بووەو لەتەمەنی 29 ساڵیداو لەساڵی 1250ی کۆچی گیانی لەدەستداوە. مەستوورە لەسەرەتایی چوونە بەر خوێندنی قورئان‌و گوڵستان‌و بوستانی سەعدی‌و مێژوو زانیاریەکانی ئەو سەردەمەی خوێندووەو بەرەبەرە هەستی شاعیرێتی‌و نووسەرێتی تێیدا دەرکەوتووە. لەساڵی 1846ز لەشاری سلێمانی کۆچی دوایی کردووەو لەگردی سەیوان بەخاك سپێردراوە [1].

((دیوانی مەستوورە سێ جار چاپکراوە، جاری یەکەم: ساڵی 1304ی هیجری شەمسی لەسنە لەلایەن حاجی یەحیا مەعرفت کوردستانییەوە چاپ‌و بڵاوکراوەتەوە، جاری دووەم: ساڵی 1362ی هیجری شەمسی لەتاران لەلایەن دیوان ئەحمد کرمی یەوە، جاری سێیەم: بەهاری 77 لەتاران ئینتشارات ئەمیر بهادر لەلایەن دوکتۆر صدیق صفی زادە (بورەکەیی–یەوە))[2] چاپکراوە.

شیعرەکانی ناو چاپی یەکەم‌و دووەمی دیوانەکەی فارسین، بەڵام چاپەکەی صەفی زادە جگە لەشیعرە فارسیەکانی 462 بەیتی کوردی تێدایە زۆری شیعرە کوردیەکانی بەزاراوەی هەورامی هۆنیوەتەوە، بەزۆری شیوەنی بەکوڵن بۆ مەرگی خوسرەو خانی ناکامی مێردی. بەقسەی بورەکەیی دوو کتێبی تری نوسیووە (مجمع الادبا ) کەبیوگرافیای شاعیرانی کوردە، (رسالە الشرعیات) کەباسی بنچینەکانی عەقایدو ئەحکامی ئیسلام

(1) محەمەد ڕەئووف محەمەدی، بیر ئاینی مەستوورە، ل 30، 31 .

(2) نەوشیروان مستەفا، کورد و عەجەم، ل 494 .

دەکات لەساڵی 1998 لەستۆکهۆڵم (سوید) لەلایەن عەبدوڵڵای مردۆخیەوە بڵاوکراوەتەوە، بەرهەمەکەی تریشی مێژووی ئەردەڵانە لەساڵی 1343ی هیجری شەمسی لەسنە چاپ کراوە د. حەسەن جاف و شکور موستەفا لەژێر ناوی مەستورەی کوردستانی (مێژووی ئەردەڵان) کردوویانە بەکوردیو لەساڵی 1989 لەبەغدا لەلایەن دەزگای ڕۆشنبیرییو بڵاوکردنەوەی کوردیەوە بڵاوکراوەتەوە [1].

مەستووره خۆی لەبارەی هۆی نووسینی مێژووی ئەردەڵانەوە دەڵێ ((تا ڕۆژێکیان ڕێم کەوتە دیوانەکانی پێشینانو تۆمارو بەیازی پاشینان مێژوویيەکم لەکوردانو دەستاوێژێکم لەنیشتمانەکەم بەرچاو کەوت، پاش متاڵاو دوای نامە گۆڕینەوە تەماشام کردو خوێندمەوە کەشەرحێکیان لەمەڕ چۆنیەتی حاڵو باڵی فەرمانڕەوایانی وڵاتی کوردستان نووسیوە. ئەگەر چی بەدوورو درێژی نووسراون، بەڵام بەهۆی ئەوەی کەکورتەیەك لەمانەی ماونەوە دوڕی نەسمراو بوو، منی کەمینە کەکەمترین دارخورمای گوڵشەنی ئەم گوڵزارە وەك ئیرەم بنیات نراوە پشتاوپشت نەمامی سایە پەروەری ئەم بنەماڵەیەمو ئێستا بەژنی بەهرەم بەزێوەری چەندین پشت لەگەڵ ئەو زنجیرە پایە بڵیندەدا ڕازندۆتەوەو بەسروشتی بلێسەدارو زەینی ڕەخنەگرانەوە بەدووی درێژەپێدانەوە چوونم بەپێوست زانیو پەرژامە سەر نووسینی ئەم چەند دێڕەو دەنگو باسی پاشە ڕۆژ بەخێرو خۆشیو بەختەوەریو گوزەرێنی زنجیرەی پایەبڵندی بەنی ئەردەڵانم بەبەشێك کە

---

[1] نەوشیروان مستەفا، کورد و عەجەم، ل 494، 495 .





لەمێژووم هەڵێنجاوەو لەپێشینانم بیستووەو بەرچاوی منی کەمینە کەوتووە، لەم نوسخەیەدا ڕوون کردۆتەوەو لەخوێنەرەوە چاوەڕوانی نزای چاکەم)) [2]. نووسەرانو ڕوناکبیرانی کورد زۆریان لەسەر ژیانو بەرهەمی مەستووره نووسیوەو بەرهەمەکانیان هەڵسەنگاندووەو هەتا ڕادەیەك نرخی کارە مێژووییو ئەدەبیو ڕۆشنبیریەکانیان لێکداوەتەوەو هەر نووسەرەو بۆچوونی تایبەتی بەرامبەر بەبەرهەمەکانی هەیەو زۆربەی زۆری ئەو بۆچوونانەش باسی دەست ڕەنگینی مەستووره دەکەن لەبوارەکانی ڕۆشنبیری کوردیدا، لەڕووی بەرهەمە شیعریەکانیشەوە گفتوگۆی زۆری لەسەر کراوەو هەتا ڕادەیەك لێی دوان. هەژار موکریانی دەڵێ ((مەستووره لەشیعر دانان چ بەفارسیو چ بەکوردی، زۆر خاوەن دەستەڵات بووە، بەداخەوە شیعری لەناو چووە، تەنیا دوو هەزار بەیتێکی ماوەتەوە کە لەسایەی زانایی سەرۆکی فەرهەنگی سنەو میرزا ئەسەدوڵڵا خانی کوردستانی بیست ساڵێك دەبێ لەتاران چاپکراوە، ئەمە جگە لەو شیعرانەی کە لەمێژووە فارسیەکەیدا نووسراونەتەوە، کوردیەکان هەر زۆر کەم ماون بەڵام لەقەسیدەیەکدا کەبەم بەیتە دەس پێ دەکا:—

گرفتارم وە نازی چاوەکانی مەستی فەتتانت
بریندارم بەنیشی سینە دووزی تیری موژگانت

---

[2] مەستوورەی کوردستانی، وەرگێڕانی، د. حسن جاف و شکور مستەفا، دەزگای چاپ و بڵاو کردنەوەی ئاراس، هەولێر 2005، ل 11، 12 .

((وادەردەکەوێ کەشیعرە کوردیەکانیشی زۆر ڕەوان بوون. مەستوورەو یغمای جندقی فارسی زمان کەهاوچەرخی یەکتری بوون شیعریان بۆ یەکتری نووسیوە، لەگەڵ زۆر هۆنەری کوردی شیعر شیعرێنی کردووە))[1].

د. حسن جاف چەند شیعرێکی مەستوورەی بڵاوکردۆتەوەو لەبارەیانەوە دەڵێ ((ئەم شێوە شیعرانە ئەوە دەگەیەنێ کەمەستوورە شیعری زۆری بەکوردی هەبووە ئەمەش بەڵگەیە کەبۆ پشتیوانی کردنێکی ئەو سەرچاوانەی داکۆکی لەوە دەکەن مەستوورە شیعری بەکوردی هەیە، شاعیرێ کەدوو هەزار دێرە شیعری هەبوو بێ‌و شیعری پوختەی کوردی نایابی بەرچاو کەوتووبێت‌و دەورووبەری بەزمانی کوردی قسەیان کردبێت گومان لەوەدا نییە دیوانی شیعری بەکوردی هەبووە، بەڵام زۆربەی ئەشعاری کوردییەکەی لەناو چوون))[1].

صدیق بۆرەکەیی لەبارەی شاعیرێتی مەستوورەوە دەڵێ ((زۆربەی هۆنراوەکانی مەستوورە کەوتۆتە دەستمان لەلاواندنەوەی خەسرەو خانی ئەردەڵاندا بێژراون شێوەی هۆنراوەی مەستوورە لەهۆنراوەی کوردیدا شێوەی خانای قوبادی‌و میرزا شەفیع بووە، لەماناو ناوەڕۆکدا لەهونەرە ناسراوەکانی شێوە کوردی گۆرانی پەیڕەوی کردووە))[2].

(1) مەستوورە، مێژووی ئەردەڵان، (و) هەژار موکریانی، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، ل 22، 2005 .

(1) د. حسن جاف، بیر ئانینی مەستوورە، 268 .

(2) صدیق بۆرەکەیی، مێژووی وێژەی کوردی، 512 .





د. سەید موحەمەد خالد غەففاری لەپایەی ئەدەبیی مەستوورە دا دەڵێ ((ئەستێرەی گەش‌و پڕشنگداری ئاسمانی کوردەواری ماه شەرەف خانمی کوردستانی بەنازناوی مەستوورە، نەتەنیا لەناو ژیانی سەردەمی ڕابردووی کوردەواریدا بێوێنەیە، بگرە لەناو ژنانی جیهانیشدا کەم وێنەیە، چونکە مێژووی وێژەو ئەدەبیی جیهانیش نیشانی نادا کەمێ لەتاریکترین دەوری مێژوودا کەژنان بەتایبەت ژنانی بەناوبانگ‌و ناودار لەچوارچێوەی دیوەخانەکاندا زیندانی بوون، ئا بەم جۆرە بلیمەتێکی کەم وێنە توانیبێتی لەچەندین گۆڕەپاندا وەك شیعرو ئەدەب‌و مێژوو بەپایەو پلەی پسپۆڕی گەیشتبێ لەزۆر لەپیاوانی زاناو شاعیرو ئەدیبی هاوچەرخی خۆی ناوبانگی زیاتری بەدەستهێنابێ))[1].

دوو شاعیری گەورەی نەتەوەکەمان مەولەوی ( 1806، 1882 ) زوو حاجی تۆفیق (پیرەمێرد) ( 1865، 1950)ز باسی پایەو شاعیرێتی مەستورەیان کردووە، ئەمەش خۆی لەخۆیدا بەباڵا بڕینێکە بۆ مەستوورەی ئەردەڵانی هەژاری موکریانی لەپێشەکی وەرگێڕانەکەی مێژووی ئەردەڵاندا دەڵێ ((مەولەوی تاوە گۆزی کەخودای بیری ناسکە، ئەگەر سور نەیزانیبایە کەمەستوورە لەوێژەدا ئەوەندە بەرزە باڵایە، نەی دەفەرموو)).

خورشیدەکەی ناز، ئەوجی بوورجی پەور
سەر توغرای دەفتەر مەحبووبان جەدەور

(1) د. سەید موحەمەد خالد غەففاری، بیر ئانینی مەستوورە، ل 177 .

**ها لەخانەکەی بورجی شەڕەفدا**

**نور ئەفشا نیشەن وە هەر تەرەفدا ))[2]**

**پیرەمێردیش وتوویەتی ((هێشتا زۆری وامان هەیە بۆمان نەهاتۆتە نوسین، لەناو ئەواندا کچە کوردێکی وەك تیشکی ڕۆژ لەئاسمانی کوردستاندا بدرەوشێتەوە بەشیعرو لەشیعرەکانی زیاتر بەخەتی شکستی فارسی، کەدەتوانم بڵێم لەهەموو ئێراندا وێنەی ئەو خەتە جوانە نەبینراوە، گەوهەرێکی شەوچراغی کوردستانە مەستوورەی ناوە بەش بەحاڵی خۆم کەخەتی فارسیی تەعلیقو شکستەیی‌و خەتی دیوانی‌و، پلت،و تورکی و چی‌و چی‌و باش دەنووسمو لەجوانیەکەی زیاتر شارەزای قاعیدەو سەبك‌و شێوەیانم ناگەمە پایەی نووسینی مەستوورەو شیعرەکانیشی زۆر بالاَیە))[1].**

**مەستوورە زۆربەی شیعرەکانی فارسییەو کەمی کوردیە لەسەردەمی میرنشینی ئەردەڵان‌و هەندێکیشی دوای نەمانی ئەو میرنشینە وتوون، ڕاستە میرنشینی ئەردەڵان لەناو خۆدا نیمچە سەربەخۆییەکی هەبوو بەڵام لەژێر دەسەڵات‌و چاودێری پاشاکانی قاجارد[2]بوون کە لەئێراندا فەرمانڕەواییان کردووەو زمانی فەرمی ئەو سەردەمەش زمانی فارسی بووە، ئەمە جگە لەوەش سەردەمی قاجارەکان سەردەمی کوشتن‌و بڕین بووەو بەچاوێکی کەم سەیری نەتەوەکانی تریان کردووەو کوردستانیش پابەندی دەسەڵاتی تۆتیالیتاری بووەو لەڕووی کۆمەڵایەتیەوە سیستەمی دەسەڵاتی باوك لەئارادا بووەو ژن ئەو مەودایەی نەبووەو ڕێگای پێنەدراوە چالاکی ئەدەبی هەبیّ‌و لەو ڕۆژگارەشدا کەزۆربەی خەڵکی بەپیاوو ژنیشەوە نەخوێندەوار بوون، نەزانی‌و دواکەوتویی باڵی ڕەشی بەسەر کۆمەڵگەدا کێشاوەو لەخانەقاو حوجرەی مزگەوت بترازیّ کەئەویش هەر تەرخان کراوە بۆ پیاوان شوێنێکی دی نەبووە کەژن خواستەکانی خۆی تێدا پەروەردە بکات، لەڕۆژگارێکی وادا کەمەستوورە چاوی هەڵهێنابیّ جێیی باس کردنە بۆ مێژووی ئەدەبی‌و ڕۆشنبیریمان کەژنێکی ئاوای بەرهەمهێناوە، بەپێی ئەو سەرچاوانەش کەباسیان کردووە مەستوورە لەژیاندا پەیوەندی ئەدەبی**

---

[2] هەژار، مێژووی ئەردەڵان، ل 22 .

[1] د. حسن جاف، بیر ئانینی مەستوورە، ل 277 .

[2] قاجارەکان: ئێڵی ((قاجار)) لەو ( 7) هۆزە تورکمانانەی مەغۆلی بوون کە لەسەردەمی سیازدەی زایندا لە کاتی لەشکرکێشیی و هێرشی ((جەنگیز))دا لە ناوەڕاستی ئاسیاوە بەرەو ڕووی خۆرئاوا کۆچیان کردووەو وردە وردە لەسەرتاسەری ئێران‌و نێوان شام‌و سنووری ئەرمەنستاندا نیشتەجیّ بوون لە هێرشی ( 7) ساڵەی ئەمیر تەیموری گورگانی (تەیموورلەنگ 1339 – 1405ز)دا هۆزەکانی قاجار لەشامەوە ڕووەو خۆرهەڵات بوونەوەو لەدەوروبەری (گەنجە)و ئێرەوان جێگیر بوون، هەر هۆزێکی ئەم (7) هۆزەی قاجاریش بوو کە بووە دەسکەلای شا عەباسی گەورە ( 1587 – 1629)و دواتر بەناوی (قزلّباش)ەوە ناوی دەرکرد، لەسەردەمی شاهەکانی سەفەویشدا سەرانی ئێڵی قاجار بەردەوام پلەو پایەی سەرۆکایەتی و فەرمانڕەوایەتی و بەڕێوەبردنی هەرێمە گرنگەکانیان دراوەتیّ.. شاعەبباسی گەورە ئەم ئێڵەی بۆ پاراستنی شوێنە گرنگەکانی سنووری ئێران بەکار دەهێنا. بڕوانە کاروان ژمارە ( 161)ی ساڵی 2001، محمد حمە باقی، میرنشینی ئەردەڵان لە بەڵگەنامەی قاجاریدا، ل 161، 162 .

لەگەڵ نووسەران‌و شاعیرانی ئەو سەردەمەدا هەبووە، پلەو پایەی شیعری بەرزبووە هەر بۆیە شاعیران‌و نووسەرانی کوردیش ئاماژەیان بەوە داوە.

شیعرەکانی مەستوورە لەڕووی ڕوخسارە هەر بەشێوەی شیعری زاری هەورامی داپڕشتووەو واتە دە بڕگەیی مەسنەوین، چەند شیعرێکی کەمیش بەکێش‌و سەروای عەروزی عەرەبین، لەڕووی ناوەڕۆکیشەوە باس لەوەفاو خۆشەویستی بۆ خوسرەو خانی ناکام دەربڕیوەو ئەو هەستو سۆزەی هەیبووە بەشیعری پاراو ناسك دەریبڕیوە، ئەوەی زیاتر جێی سەرنجە توانای شیعری مەستوورە لەدوای مردنی خوسرەو خانی هاوسەری دەردەکەوێت، ئیتر لەدوای ئەو ڕووداوە گرنگە لەژیانیدا مۆرکی شیعری ژنانە بەبەرهەمە شیعریەکانیەوە دیارن‌و لەجۆری شیعری دەسکردی پیاوانە ڕزگاری بووەو ئەو شیوەنانەی بۆ مەرگی هاوسەرەکەی کردووە تەواو ژنانەیەو بۆشایی نەبوونی ژنی شاعیری کوردی پڕ کردۆتەوە.

ئەمەش نموونەیە کە لەلاواندنەوەی بۆ خوسرەو خانی هاوسەری:—

خەسرەوم، ئێشم، خەسرەوم ئێشم
جە جەور فەڵەك ناسۆرەن ئێشم

جگەر کەیل هوون هەناسە سەردم
ئەسرین سەروازەن وە چیهرەی زەردم





خوسووس فیدات بام شای کەمەر لاڵم
ئیمشەو جە سۆزش جگەر زوخاڵم

پەریێ ناکامیت مەگرەوام وەتاو
جە بەدبەختی وێم سەر نیام وە خاو

دیم جەو خاو مەرگ شای جەم‌وە قارم
مەسرووری دەروون ڕیش زامارم

جە کتێبخانە چون هەردە جاران
نە دەورت دڵشاد جەم بەستەن یاران

خەسرەو وێت وەفەر خەسرەوانەوە
نیشتە بیت نەسەرد کتێبخانەوە

چەنی وەژ بەختان عەیش‌و نوشت بێ
ڵاڵ نام مەرگ فەرامۆشت بێ

هەریەك وە نەوعیٚ مەكەردی دڵشاد

نە قەبر تاریك نمە كەردی یاد

مەواچیٚ ئەوەڵ نەوجەوانیتەن

ئیبتیدای سوورو كامەرانیتەن

ملبسی مەخموور سەرمەست مەی بین

موتربان سەرگەرم ئاهەنگ نەی بین

بەشاد مەساوان سەروەخاك پات

ڕۆحو عومرو گیان مەكەران فیدات

تۆ بەو تەورو تەرز هەردە جارانت

دڵداری مەدای یەك یەك یارانت

سەو گەندم جەزات حەیی بیٚ چوونەن

مەیلم چەنیٚ تۆ جەی وەر ئەفزوونەن

نەشوومی ئی بەخت نەمس سیا چار





خەسرەوم نە خاو ناگابیم بێدار

دیم نە ئەساسەی خەڵوەت نە شاهەن

تەڵیایی مەحزوون دەروون سیاهەن

تولۆع سوبحەن هەوا لۆلۆ ڕێز

ئاما بەیادم ئەو بەزم پەروێز

وە نەرمەنەرمیٚ دەس كەروم وەشین

لەنام خەسرەو بەو دیدەی نمین

واتم خەسرەوم فیدای فەوتت بام

قوربانی مەستی بادەی فەوتت بام

فیدای ئەو ناڵەی سۆز جگەرت بام

قوربان ئامای جەو سەفەرت بام

فیدای زەمزەمەی وەخت فەرمانت

قوربان لوای راگەی نیهانت

فیدای سازو سۆز مەجلس بەزمت
فیدای تەبلو کۆس مەیدان ڕەزمت

فیدای ئەو مەجلس خەسرەوی تەورت
ئیسەیش بەقوربان دەستاخی قەورت

ئاغام سەر هۆدار بوینە حالّم
بەناکامی تۆ دەروون زوخالّم

قەسەم بەو جەمالّ یوسف ئاسای تۆ
مۆنسم ئاهەن دایم شەوو ڕۆ

سا فەلەك چون من سیا چارە بۆ
سەرنگوونو خوار پارە پارە بۆ

نەرد مەرگش شەند پەی شای فەروخ فەڕ
کامەرانی وێش مەکەڕۆ تا سەر





باقی جە نەعیم دایم شادیت بۆ
مەستوورە قوربان نامرادیت بۆ [1]

ئەگەر لەڕابردوودا مەستوورە بەهۆی شیعرو بەرهەمەکانی ترییەوە بەتایبەتی شیعرە فارسییەکانی ناسرابێت، ئەوا لەڕۆژگاری ئەمڕۆماندا بەهۆی ئەو چامە ( 49) بەیتیەی (نالی)یەوە دەناسرێتەوە، چونکە ئەو چامەیە زۆری لەسەر نووسراوەو بۆتە شوێنی گفتوگۆی نووسەرانو ڕۆشنبیرانی کوردو بایەخی خۆی هەیە لەشیعری کلاسیکی کوردیدا.. دیارە بێ بەلّگە نیە بۆ خودی شاعیرێکی گەورەی کورد خاوەنی کەسایەتیەکی تایبەتیو دامەزرێنەری قوتابخانەی بابانو بەو شێوەیە هێرش بۆ سەر ژنە نووسەرو شاعیرێکی کورد چەند هۆو بەلّگەیەك هەیە، ئێمە ئاماژە بەو سەرچاوانە دەکەینو دواتریش بۆ چوونی خۆمان دەردەبڕین.

نووسەر نەوشیروان مستەفا دەلّێ ((نالی بێگومان لەم شیعرە مەبەستی ستایشو پەسنی مەستوورە نیە، بەلّکو ئەم شیعرە بۆ ئابڕو بردنی مەستوورەو ئەتککردنی هەلّبەستووە، ئەبێ چی پالّی بەنالیەوە نابێ سوکایەتی بەمەستوورە بکا، ئارەزووی شێتانەی گەنجیو حەزلێکردنی سەرەڕۆیانەی سەردەمی فەقێیەتی نالی بووە لە سنە، ئەگەر خۆوایە میرەکانی بابانیش لەسلێمانی هاوسەری جوانو کچی جوانخاسیان زۆر بووە

[1] دیوانی مەستوورە، 314 .

بۆچی نالی خەوی بەکەسیانەوە نەدیوەو ناوی کەسیانی نەهێناوە یان ئەمیش (تێچین)ێکە لەو ناکۆکییە درێژەی لەنێوان بنەماڵەی ئەردەلآن‌و باباندا هەبووە بۆ شکاندنی یەکتری یان حەسودی بردنی بەپایەی بڵندی ئەدەبی‌و ڕۆشنبیری‌و کۆمەلآیەتی مەستوورە))[1].

مەسعود مەحمەدیش لەبارەی ئەو چامەیەوە دەڵێ ((بەبڕوای من لەسەرەتای سەدەی نۆزدەهەدا نالی سەرۆکایەتی بزوتنەوەی بەزمانی کوردی هۆندنەوەی گرتبووە ئەستۆ زۆر لای ناپەسند بووە ژنە خوێندەوارێکی کورد لەبنەماڵەیەکی ناسراوی کوردا بەفارسی شیعر بڵێ))[2]. جەمیل ڕۆژبەیانیشی دەڵێ ((یەکێ لەهۆیەکانی ئەوەی نالی خەوی بەمەستوورەوە دیوە کەساردی لەنێوان بابان‌و ئەردەلآندا هەبووە، تەنانەت کەمەستوورە خانمی خوسرەخانی ناکام کەبەهێزترین کەسانی ئەم بنەماڵەیە بووەوە هەر لەو حالەدا بابان هەڵمەتێکی زۆر گەورەی ئەردەلآنیان داوە)) [1]. شوکر مستەفاش دەڵێ ((من لەو بڕوایەدام نالێ مێژووی ئەردەلآنی مەستوورەی بەباشی خوێندۆتەوە، چۆن خۆی بەشاعیری میرنشینی بابان زانیوەو وابەستەگییەکی فراوانی بەو میرنشینەوە بووەو، هەرواش لەڕووی خێڵەکییەوە سەر بەهۆزی جافە، مەستوورەش لەمێژووەکەیدا هێرشێکی ناڕەوای کردۆتە سەر میرەکانی

---

[1] نەوشیروان مستەفا، مێژووی ئەردەلآن، ل 29 .

[2] مەسعود مەحمەد، گۆڤاری بەیان، ژمارە 147، ل 21 .

[1] جەمیل ڕۆژبەیانی، گۆڤاری بەیان، ژمارە 147، ل 21 .





بابان، بەناشیرینترین شێوە باسی جافەکان ئەکا نالی بەم شێوەیە ویستویەتی تۆڵەی خۆی‌و هۆزەکەی لێبکاتەوە)) [2]. (مەحمەدی مەلا کەریم)یش دەڵێ ((ئەم پارچە شیعرەی نالی سەرەتای ئەدەبی ڕوو هەڵ ماڵراوی کوردییە، هەرچەندە ناشتوانرێ ئەم شیعرە جوانە بەپارچەیەکی هەجوو دابنرێ چونکە تێکڕا لەچوار چێوەی پیا هەڵگرتن‌و شان‌و شکۆ پێدان داڕێژراوە))[3]. هەژاری موکریانیش دەڵێ ((نالی پێغەمبەری وێژەی کوردی ئەگەر سور نەیزانیبایە مەستوورە بۆ ئەوە دەبێ خۆی بەرێتە ڕیزی نالی کەللەی لەکەلەی نەدەدا))[4]. فاتح کوڕی مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس لەپێشەکی دیوانی نالی دا دەڵێ ((گریمان وتمان ڕاستە ئەم قەصیدەیە پەلامارێکی زۆر ناشیرین‌و ناڕەوایانەیە، بەلآم مادام دەوروپشتی مەسەلەکەمان تەواوەتی بۆ ڕوون نەبۆتەوەو بۆنەو مێژووی هۆنراوەیەی نالی نازانیین‌و لەبۆچوون بەولاوە هیچ سەرچاوەیەکمان بەدەستەوە نییە بۆ ئەبێ وای دانەنێین کەنالی لەخۆڕایی ئەم پەلامارەی مەستوورەی نەداوە؟ بۆ ئەبێ مەستوورە لەپێشا گورزی خۆی نەوەشاندبێ‌و نالی بەر پلار نەدابێ لای ئەم‌و ئەو بەناشیرینی ناوی نەبردبێ‌و ئەمیش بەم هۆنراوەیەی بەرگری لەخۆی نەکردبێ ))[1].

---

[2] شوکر مستەفا، گۆڤاری بەیان، ژمارە 147، ل 21 .

[3] محەمەدی مەلا کەریم، گۆڤاری بەیان، ژمارە 147، ل 21 .

[4] و. هەژار موکریانی، مێژووی ئەردەلآن، ل 22 .

[1] مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس، دیوانی نالی، ل 69 .

بەبۆچوونی ئێمەش لەگەڵ ئەو هۆکارانەدا چەند هۆکارێکی دی وایان لەنالی کردووە کەئەو شیعرەو بەو شێوەیە بهۆنێتەوە، نالی خۆی بەخاوەنی شیعری کوردی تایبەت کرمانجی خواروو زانیوە، بەتایبەتی ئەو ڕێچکەی شکاند کەبەر لەئەو شیعری کوردی بەدیالێکتی گۆران نووسراوە، ئەو هات بەشێوەی کرمانجی خواروو شیعری نووسی ئەوپەڕی دەستەڵاتو توانای شیعری بەکارهێناو ویستوویەتی بەشیعر زمانێکی یەکگرتوو بۆ زمانی کوردی دابڕێژێ، دوورنیە لەو ڕوانگەیەوە نەبوبێ کەبۆچی ژنە کوردێك شیعری بەدیالێکتی گۆران دەهۆنێتەوە، ڕەنگە یەکێ بپرسێ لەسەردەمی مەستوورەشداو بەر لەمەستوورە شاعیری زۆر بوون کەبەو شێوەیە شیعریان هۆنیوەتەوە دیارە هۆکاری ناکۆکیەکەی نێوان ئەردەڵانو بابان وایکردووە بەو بۆنەیەوە قسەی بەمیرنشینی ئەردەڵان بڵێو لەو ڕووەشەوە کەژن بووە لەبارترە بۆ دەرخستنی دەستەڵاتی شیعری نالی لەلایەکی دییەوە نالی دەستەڵاتی شیعری خۆی دەرخستوە بەوەی ئەو بابەتەی هەڵیبژاردووە بەبابەتێکی نەشیاوەو شوێنی باسکردن نییە یان لەشیعری کوردیدا کەسی دی وا بەڕوو هەڵماڵراوی شیعری نەهۆنیوەتەوە بەو شێوەیە دەستەڵاتە شیعریەکەی خۆی لەمەستوورەدا بەرجەستە کردووە، بۆچوونێکی تریش دەمانباتەوە سەر ئەوەی دەستی لەبابەتی شەرعو دین وەرداوە، لەو سەردەمەدا کەچەندین مەلای پایە بەرزو زانای ئاینی شەرع ناس هەبووە بەلای (نالی) یەوە نەگونجاو بووە ژن دەست بداتە ڕاڤەی ئاینو خۆی لەو بوارەدا تاقیبکاتەوە، جگە لەم بۆ چوونانەش نالی کەسی





لەخۆی بەشاعیر تر نەزانیوەو پێی سەیر بووە کەسێکی تر ناوو ناوبانگی هەبێ.

چونکە خۆی دەڵێ :–

(( خەڵکی کەهەموو کۆدەکنو بەستە زوبانن
با بێنو لەنالی ببیەن شیعری سەلیقی ))[1]

یان دەڵێ :–

(( ڤاهیرو باگین، لەسەر لەوحی حەقیقەت یامەجاز
ئاشنای سیڕڕی قەڵەم بێ غەیری (نالی) کەس نەما ))[2]

دەوروبەری دوو سەدە بەر لەئێستا کەمەستوورە ئێیدا ژیاوە بزاڤێك نەبووە بەناوی بزاڤی ژنان بۆ داکۆکیکردن لەژنو لەمافەکانی کۆمەڵی کوردی کۆمەڵی دەرەبەگایەتی خێڵایەتی بووە لەژێر دەستەڵاتی چەند میرنشینێکدا کەئەوانیش پابەندی تورکو عەجەم بوون، لەناو ئەم سنوورە داخراوەی خێزاندا بەدەگمەن ژنێ هەڵکەوتووە کەڕۆڵێکی ئەکتیفو دیاریکراوی هەبێ مەستوورەی ئەردەڵانی ئەگەر دەستەڵاتی بنەماڵەکەی باوکیو دواتریش خەسرەو خانی والی ئەردەڵان نەبوایە ئەویش وەك ئەو هەزارەها خەڵکە بەنەخوێندەواری سەری دەنایەوەو لەمێژوودا هیچ ئاسەوارێکی دیار نەدەما، ڕاستە زیرەکیو لێهاتوویی خۆی هۆیەك بووە

[1] مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس، دیوانی نالی، ل 657 .
[2] سەرچاوەی پێشوو، ل 131 .

**بەڵام فاکتەرەکانی تر ئەو ڕەوشە لەبارە بوو کەمەستوورەی بەرهەمهێناوە، کۆشكو سەراو دیوەخانی خەسرەو خانی ناکام، کۆڕو کۆبوونەوەی شاعیرانو نووسەران، کتێبو کتێبخانەی ناو کۆشك ڕۆڵیان لەپێگەیاندنی مەستوورەدا هەبووە ئەم هۆکارانە بوون بونەتە چەکەرەی پێگەیاندنی ڕۆشنبیری مەستوورەو ئەم بارەش بەوەدا کەوتۆتەوە کارە مێژوویی‌و ئەدەبیەکانی بەشێك ئەگەر کەمیش بێت لەمێژووی ئەدەبی نەتەوەکەی پێکدەهێنن، لەگەڵ ئەوەشدا ناتوانرێ بەو هەوڵانەی مەستوورە بوترێت دەنگێ بووە لەپێناوی بزاڤی ژناندا کاری کردووەو ئاگاداری ئەو بزاڤانە بووە کە لەخۆرئاوادا لەتەشەنەکردندا بوون.**

**هێندە هەیە ئەو هەوڵانەی بۆ ئەوکاتەو بۆ ئێستاش بایەخی خۆی ون نەکردووە بەتایبەتی نووسینەوەی مێژووەکەی چەند مێژوو نووسێکی کەم نەبێ کەس بیری لێ نەکردۆتەوە، کارەکانی مەستوورە چونەتە ناو مێژووی ئەدەبی نەتەوەکەیەوە.**

## پاری سێیەم

## چەمکی فیمینیست لەشیعری ژناندا





### چەمکی فیمینیست لەشیعری ژناندا:

سەرهەڵدانی ئەدەبی کوردی وەکو ئەدەبی هەرنەتەوەیەکی تر بەفۆلکلۆرو ئەدەبی سەرزاری دەستی پێکردووە، پرۆفیسۆر د. عیزەدین مستەفا ڕەسوڵ لەو بارەیەوە دەڵێ ((فۆلکلۆر دیارە هەر لەسەدەکانی زووەوەو لەکاتی پەیدابوونی ئادەمیزادەوە ئاوێنەی هەستو بیرکردنەوەو دەربڕینی بووەو دیارە لەگەڵ ژیانی ئادەمیزاد دا بەردەوامە))[1]. دەربارەی ئەدەبی میللیش دەڵێ ((هەرچی ئەدەبیاتی میللییە، دیارە تۆزێ درەنگتر دەستی پێکردووە، بەڵام دیارە ئەویش لەسەردەمی کۆنەوە تا ئێستا هەرماوە))[2]. لەئەدەبی کوردیدا دیارترین شاعیران کەئەدەبەکەیان دەچێتە پاڵ ئەدەبی میللی (فەقێ تەیران‌و عەلی بەردەشانی‌و قانع)ە، سەرهەڵدانی شیعری کوردیش بەشێوەیەکی گشتی لەباباتایەری هەمەدانی‌و خانای

---

[1] د. عیزەدین مستەفا ڕەسوڵ، ئەدەبیتی نوێی کوردی، ل 6 .

[2] د. عیزەدین مستەفا ڕەسوڵ، ئەدەبیتی نوێی کوردی، ل 6 .

قوبادیو مەلای جزیریو خانیو نالیو شاعیرانی تر، لەژێر کاریگەری ئەدەبی ڕۆژهەلاتی فارسیو عەرەبیدا بووەو ئەدەبەکەیان سەر بەڕێبازی کلاسیک بووەو لەو نێوەندەدا چەندین شاعیری بەئەزموون سەریانهەڵداوەو ئەو تەوژمەی شیعری کلاسیکیش هەتا سەرهەڵدانی ڕێبازی ڕۆمانتیك لەسەر دەستی شێخ نوری شێخ سالحو گۆرانو ڕەشید نەجیبو پیرەمێردو چەندین شاعیری تر بەردەوامی هەبوو بەدوای ئەم ڕێبازەشدا ڕێبازی ڕیالیزم سەریهەڵدا بەتایبەتی دوای جەنگی جیهانی دووەم ((دوای ئەوەی ژمارەیەك لەشاعیرانی سەر بەڕێبازی ڕۆمانتیك کشانەوە چونکە نەیانتوانی دەنگی گەلەکەیان بگەیەنن، شاعیرانی تر شوێنیان گرتنەوە کەدەنگی دیار بون لەڕێبازی ڕیالیزمدا)) [1]. ڕێبازی نوێی ڕیالیزم چەندین نووسەرو شاعیری بەتوانای وەکو ئیبراهیم ئەحمەدو هەردیو دڵدارو بێکەسو (ع. ح. ب)و چەندین شاعیری تری هێنایە ڕیزی پێشەوەی شیعری کوردیو دژی کۆنە پەرستانو ئیمپریالیزم وەستایەوە. لەگەڵ سەرهەڵدانی شۆڕشی چواردەی تەموزیش تەوژمی ئەم ڕێبازە ئەدەبیە بەردەوامی هەبوو. دوای شۆڕشی چواردەی تەموزیش گروتینێکی باش درا بەبواری ڕۆشنبیری کوردیو چەندین گۆڤارو ڕۆژنامەو کتێب بڵاوکرایەوە، لەئەنجامی ئەو بارودۆخەو ئەو گۆڕانکاریەی بەسەر ژیانی ڕۆشنبیری ئەو سەردەمەدا هات بەڵام لەشەستەکان بەدواوە سستیەك باڵی بەسەر هەموو بوارەکانی ئەدەبدا کێشا ((بزوتنەوەی ڕزگاری خوازی گەلی کوردیش دووچاری شکستو دوو بەرەکی

(1) الدکتور عزالدین رسول، الواقعیه الادب الکردی، ص 106 .





بۆوە ئەمەش ڕاستەوخۆ کاریگەری خۆی هەبوو ئەدەبی کوردیش لەجووڵە کەوتبوو)) [2].

سالی 1970ز وەرچەرخانێکی گەورە لەئاست بزوتنەوەی ڕزگاری خوازی گەلی کوردا ڕوویدا، ئەویش دەرچوونی بەیاننامەی یانزەی ئازار بوو کەتێیدا دان نرا بەمافەکانی گەلی کورد دا، کەشێکی سیاسی نوێ باڵی کێشا بەسەر زۆربەی بوارەکانداو چەندین گۆڤارو ڕۆژنامەو بڵاوکراوەو نامیلکە بەزمانی کوردی چاپو بڵاوکرانەوە، چەند دامودەزگایەکی ڕۆشنبیری کەوتنە کارو زەمینەیەکی گونجاو ڕەخساو گۆمی مەنگی ئەدەبی کوردی بەرەو شلەقاندن برد، هەر لەو ساڵەدا بزوتنەوەی ڕوانگە سەری هەڵداو ئەویش گروتینێکی تری خستە ناو بزافی ڕۆشنبیریی کوردیەوەو شیعری کوردیش وەکو هەر ژانرێکی تری ئەدەبی گۆڕانکاری بەخۆیەوە دیوە، بەڵام ئەوەی کەجێی سەرنجو تێڕامانە لەقۆناغە جۆربەجۆرەکانی شیعری کوردیدا (مەستوورەی ئەردەڵان)ی لێ دەربچێت ناوێکی وا نایەتە بەرچاو کەدەنگێکی ڕەسەنی شیعری ژنان بێتو هەتا ساڵەکانی شەستی سەدەی بیستەم شیعری ژنان برەوی نیەو تاکو تەرا نەبێت دەنگی ژنە شاعیرێك نابیستی بەڵام لەو مێژووە بەدواوەواتە لەسەرەتای حەفتاکانەوە ژنی شاعیر دەردەکەونو وردەوردە ژمارەیان زیاد دەکات بەڵام ئەو شاعیرانەش بەترسەوە پەنا دەبەنە بەر شیعرو ئەو بوێرییەیان تێدا بەدی ناکرێت، بەڕاشکاوی بێنە ناو ڕەوشەکەوەو بوونی خۆیان بسەلمێنن، چەند دەنگێکی

(2) علی تاهیر حسێن، کاریگەری ڕوانگە لە نوێ کردنەوەی شیعری کوردیدا، ل 480 .

لاواز دەیەوێ ڕێیەك بۆ خۆی بكاتەوە بەڵام ناگاتە مەنزڵو ئەوەی لەخەیاڵیدایە پەرشو بڵاو دەبێتەوەو ناگات بەجەماوەری شیعرو هەتا ساڵی 1980ز چەند دەنگێك دەردەكەونو دواتر بزر دەبنو شیعرەكانیشیان لەو جۆرەیە كەلاسایی شیعری پیاوان دەكەنەوە بەلاوازی بابەتەكانیان لەوەسفی نیشتمانو دیمەنی سروشتو لاواندنەوەی مردوو ناڕەزایی دەربڕین لەژیانی هەژاریو هەندێ شتی كۆمەڵایەتی دیارە باری دواكەوتوویی شیعری ژنان دەگەڕێتەوە بۆ ئەو دۆخەی كەكۆمەڵی تێدا بووە لەو ڕووەوە ژنە نوسەر فرجینا ۆلف دەڵێ ((دەبێ بارودۆخێكی باش بۆ ژن هەڵكەوێت بۆ ئەوەی بەرهەمی باش بدەن بەدەستەوە)) [1]. دیارە ئەو بارودۆخەش بۆ ژنی كورد هەڵنەكەوتووە كەدەنگی خۆی بگەیەنێت... كۆمەڵگەی كوردی كەكۆمەڵگەیەكی چەوساوەو داگیركراو پارچە پارچەكراو بووە لەكۆمەڵگەیەكی ئاوهادا دەبێ ژن چ پێناسەیەكی هەبێ. بێگومان ئەو فاكتەرانەی كەژنی لەكۆمەڵگە دوورخستۆتەوەو بواری پێنەداوە گوتاری خۆی بگەیەنێ خوێندنو خوێندەواریە كەئەو ڕێگایەی لێگیرا ئەویش لەكۆمەڵدا تەریك دەبێتو بەرهەمێكت ئەداتێ كەزادەی ئەو ڕەوشەیە كەخۆی تێیدایە... هەرچەندە ژنی كورد هەوڵی دابێت ئازارەكانی ناخی دەربڕێت بەڵام ڕێگای لێگیراوەو وەكو هەموو خواستە چەپێنراوەكانی تری لێی بێدەنگ بووە، بەڵام ڕێگای ئەوەی لێنەگیراوە وەكو پیاو شیعر بنووسێ بۆیە ئەگەر سەرنجی شیعری شاعیرانی ئەو ماوەیە بدەین

[1] فرجینا ۆلف، دراسة فی كتابةالنسآ ، ص 245 .





هەموویان دەنگیان پیاوانەیەو وەكو پیاو شیعر دەڵێنو مەبەستەكانی شیعر دەردەبڕن واتە لاسایی كردنەوە بەڵام بەلاوازیو ناكامڵیو پێنەگەیشتوو ئەویش هۆكەی ئەوەیە باسی واقیعی ڕاستەقینەی خۆی ناكاتو ناوێرێ دەست بۆ شتە بڤەو مەترسیدارەكان بەرێت لەو بارەیەوە سیمۆن دی بۆڤار دەڵێ ((ئاساییە كەژن هەوڵ بدات بۆ رزگاربوون لەو دنیایەی كەلێی تێ نەگات بەڵام ئەوەی جێی داخە ئەو جورئەتەی نییە كەدەربڕی كەسایەتی خۆی بێت)) [2].

لەم دیدگایەوە نەك گۆڕان نەكراوە لەشیعری ژناندا بەڵكو ژنان خۆیان ئەو ڕەوایەتیەیان داوە بەخۆیان مۆركی پیاوانەی پێوە بێت، هەر لەبەر ئەوەش ئەدەبی پیاوان سەنتەرو دەسەڵاتدارە دەربارەی ئەو دۆخەی كەئەدەبی ژنانی تێدایە كەژاڵ ئەحمەد كەژنە شاعیرو ڕۆژنامە نووسێكە دەڵێ ((یەكێ لەگرفتە هەرە گرنگەكانی نووسین لای مێ لەوە دایە كەبەرنامەیەكی داڕێژراوی نییە بۆ كارەكەی زمانێكی نییە پێی بدوێو لەسەدا سەد گوزارشت لەخودی خۆی بكات، فەلسەفەیەك نییە بەتوندیو بەقوڵی بیگرێتەوە بۆیە بەناچاری دەبێتە سێبەری باڵای ئەندێشەو فەلسەفەو زمانو ئەو بۆچوونانەی بەرهەمی دنیای پیاوانن كەخۆیان لەخۆیاندا لێدانن لەبەرژەوەندی ڕەگەزی مێ لەو خاڵەدا تەماهیان لەتەكدا

[2] سیمۆن دی بۆڤار، الجنس الاخر، ص 231 .

دەکات، ناتوانن هێندە ئینسانی بن دەستەڵاتی پیاو بخەنە مەترسیەوە))[1].

لەو ڕووەشەوە کەئەدەبی ژنان مۆرکی پیاوانەی گرتووە دەڵێ ((ئەدەب ڕەنگدانەوەی ژیانی واقیعی هەر میللەتێکە بۆیە ئەو ئەدەبەی هەڵقوڵاوی زەوی وایعی ژیانی ئێمەیە دەکرێ بەڕاشکاوی بڵێین ئەدەبێکی تەواو نێرانەیە بۆن‌و تام‌و سەروسیمای (مێ)یان پێوە نییە، هۆکاری ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی وێرای کۆمەڵگەکەمان پیاوی تێدا سەردارو دەستەڵاتدارە ژمارەیەکی زۆر کەم لەڕەگەزی مێ دەنووسن))[2].

مەهاباد قەرەداخی یەکێکە لەو ژنانەی لەبزاڤی ژناندا کار دەکات دەڵێ ((ژن لەئەدەبی کوردیدا بەگشتی لەشیعری کوردیدا لەهەمان ئەو تێڕوانینە باوکسالاریەوە ڕۆڵی دراوەتێ کە لەکۆمەڵگەدا سەپاوە واتە هەمان ئەو ئۆبجێکتە بووە کەواقیعێکی نائاسایی گوێزراوەتەوە بۆ ناو پانتایی ئەدەب‌و نووسەران‌و شاعیران لەکۆمەڵگەی ئێمەدا پیاوان ئەم پانتاییەیان بەدەستەوە بووە))[1].

هەر جۆرێك لەبەشەکانی ئەدەب بێت پێوستی بەهێزی بازوو توندوتیژی نییە هەتا سەبارەت بەڕەگەزی مێ زەحمەت بێت، کردەیەکیش نییە پێوستی بەکۆمەڵێ کەرەستەی مادی دەگمەن بێت بەژن هەڵنەسوڕێت،

---

(1) کەژاڵ ئەحمەد، کتێبی ژن، ل 21 .

(2) کەژاڵ ئەحمەد، کتێبی ژن، ل 13 .

(1) مەهاباد قەرەداخی، گۆڤاری ئایندە، ژمارە (38)، ل 9 .





نووسین داهێنانێکی تێدابێت ڕاستەوخۆ پەیوەندی بەخودی مرۆڤەوە هەیە بەڵام لەدێر زەمانەوە مێ ئەم سیفەتانەی لێ زەوت کـــراوە، (شیرین – ك) کەخۆی شاعیرو ڕۆژنامە نووسە لەو ڕووەوە دەڵێ ((ژن کەخۆی کۆیلەو پاشکۆ بووە بۆی نەبووە سەربەستانە گوزارشت لەخودی خۆی بکات.. چونکە ئەو خودە موڵکی نێر– پیاو– دەستەڵات بووە بۆیە هەردەم خەون‌و خواستەکانی سنووردارو چاودێری کراو بووەو مەودای کارکردن‌و جوڵەشی تەسك‌و تەل بەندکراو بووە بۆیە مەوداو فەزای بیرکردنەوەو گوزارشت کردنی لەخۆی‌و دەوروبەر تەسك‌و ناکامڵ بووە لەڕابردوودا بەدەگمەن ژنێك توانای ئەوەی هەبووە وەکو بونێکی ڕاستەقینەی خۆی بنووسێ))[2].

بەو شێوەیە دەتوانین بڵێین ژنی کورد لەکۆمەڵگەدا هەتا چ ڕادەیەك بەروە پێش چووەو دەسترۆیشتوو بووە لەئەدەبەکەشدا هەر بەوشێوەیە دەبێت، دیارە لەکۆمەڵگەی ئێمەدا ژن کەمتر بواری سەقامگیری بەخۆیەوە دیوەو لەڕووی کۆمەڵایەتیشەوە زیاتر ڕێگای لێگیراوە، لەڕابردووشدا ژنی کورد نەیتوانیووە پرسیارێك لەچەوسانەوەی خۆی بکات، ئازارەکانی خۆی دەرببڕێت، دیارە هەر کۆمەڵگەیەك دواکەوتووبێت، بڕوای بەبۆچوونی نازانستی‌و شتی خورافی هەبێت ژنیش ئەوە حاڵی دەبێت.

بزاڤی ڕۆشنبیریی پەیوەندیەکی ڕاستەوخۆی لەگەڵ باری ئابوری‌و کۆمەڵایەتی‌و سیاسی هەر کۆمەڵگەیەکدا هەیە، ئەدەبی ژنان ناکرێت وەکو بابەتێکی پچڕاوو دابڕاو باسی لێوە بکەین.. دیارە ژن ئەو هەلەی بۆ

---

(2) شیرین – ك، گۆڤاری تەوار، ژمارە (15)ی ساڵی 1994، ل 8 .

نەڕەخساوە باسی گیروگرفتەکانی خۆی بکاتو بەناخی جیهانەکەی خۆیدا شۆڕببێتەوە، ئەدەبی ژنان هێشتا خۆی نەسەپاندووە زۆر لەنووسەران بۆ ئەوەی دەگەڕێننەوە کەشارەزاییەکی تەواوی لەو بوارەدا نییە بەڵام لەڕاستیدا بنەڕەتی کێشەکە بۆ هەلو مەرجو بارودۆخ دەگەڕێتەوە چونکە نامۆ نییە ئەگەر لەوکاتەدا نووسەرێکی لێهاتوو هەڵکەوتبێ سڵ لەنووسین بکاتەوە.

ئەگەر ماوەی (1960ز – 1980ز)ی لێکۆڵینەوەیەکی فیمینیستی بۆ شیعری ژنان بکەیت زۆربەی شیعرەکان دوورن لەوەی کەژنێك نووسیبێتی – مێ بوون – کەمتر بەرچاو دەکەوێت ئەگەر هەندێ شیعر ناوی شاعیرەکەی لێ بکەیتەوە ناوی پیاوێکی بخەیتە سەر زۆر باش لەگەڵ ناوەکەدا دەگونجێ، بەو شێوەیە ژن لەو قۆناغەدا نەیتوانیوە ڕازەکانی بدرکێنێو ئەو ستەمەی لێی کراوە لەکوشتنو ئەتك کردنو دەستدرێژی سێکسیو فرە ژنیو خیانەتو ئابڕوو بردن نەیتوانیوە دەربڕی ئەو هەموو تاوانە بێت، بەدوای شیعری پیاواندا لاسایی کەرەوەو چاولێکەری ئەو جۆرە شیعرەی

پیاوان بووە کەهیچ سانسۆرێکی لەسەر نییە ئەگەر چەند نموونەیەك وەرگرین بەئاشکرا ئەم ڕاستیەمان بۆ دەسەلمێنرێ.

سلێمانی شاری شاران
نرخت لەلام زۆر گرانە





سلێمانی شارەکەی خۆم
نات گۆڕمەوە بەبەهەشت
سلێمانی من شەیدای تۆم [1]
* * *

نە جەژن نە خۆشی نە گەشتی بەهار
خودا نەی داوە بەچینی هەژار
بەڵام ڕۆژێ دێ کرێکاری ڕەنجدەر
هێزی زۆر داری ئەکەنە دەر [2]

یەکێ لەو ژنە شاعیرانەی کەبەرهەمی لەژنانی سەردەمەکەی خۆی زیاترەو سێ دیوانە شیعری چاپ کردووە خورشیدە بابانە [1] لەشەستەکانی

---

(1) کوردستان موکریانی، شیعری ژنی کورد، ل 42 .
(2) کوردستان موکریانی، شیعری ژنی کورد، ل 44 .

سەدەی ڕابردووەوە بەبەردەوام شیعری وتووە بەڵام مێ بوون بەشیعرەکانییەوە دیار نییە، لەو هەموو کێشە ئاڵۆزەی کەژنی کورد بەدەستیەوە دەناڵێ هیچ گوتارێکی نییە تەنانەت تاقە شیعرێ شك نابەیت بۆ ئەڤین‌و خۆشەویستی وترابێ کەهیچ نەبێ بچوکترین خواستی مرۆڤانەیە، ئەم شاعیرە بارودۆخی ئەو سەردەمەی کۆمەڵگە وای لێکردووە دڵداری بەقەدەغە بزانێ.

دڵی دڵداریم هەر لەڕێوە کوشت
شەرابی مەستیم بەخێرایی ڕشت[2]

بەڕێچکەی شیعری پیاواندا چەندین شیعری لەدیوانوو گۆڤارو ڕۆژنامەکاندا بڵاوکردۆتەوە بەبێ ئەوەی خاوەنی دەنگی خۆی بێت.

شەوە شەپۆڵی ئەندێشەی ناکام
خستومیە دەریای شەوگاری پرسام
سروشت پۆشیوە تارای ڕەشی شەو
مەلیش بەماتی چاوی چووە خەو

(1) خورشیدە بابان: لە ساڵی 1942ز لەدایکبووە و لە ساڵی 1958ز دەستی بەشیعر دانان کردووە، سێ کۆمەڵە شیعری چاپ کردووە (دیاری و یادگار، تیشك، دارەوەن)، لە زۆربەی گۆڤار و ڕۆژنامەکاندا شیعری بڵاوکردۆتەوە.

(2) کوردستان موکریانی، شیعری ژنی کورد، ل 71 .





نە شنەی شەماڵ نە سۆزێکی خۆش
درەختەکانیش وەستاون بێ هۆش[1]

د. کوردستان موکریانی لەبارەی شیعری ئەم شاعیرەوە دەڵێ ((وەکو هەموو شاعیرێك کەوتۆتە ژێر کاریگەری شاعیرانی پیاو بەڕادەیەك هەست بەدەنگ‌و هەناسەی شاعیر خۆی ناکەین، کەسیەتی شێوەی شیعری بەدی ناکەین، لەو شاعیرانە کەخورشیدە بابان کەوتۆتە ژێر تەزوو کاریگەری هۆنراوەکانیان مامۆستایان گۆران‌و بێکەس‌و مەولەوی‌و کامەران))ە [2].

شاعیرێکی تر کەئەویش لەشەستەکانی سەدەی ڕابردووەوە شیعر دەڵێ (دایکی سۆلاڤ)ەو لای ئەمیش زۆر بەکەمی دەنگی (مێ – ژن) بەشیعرەکانیەوە دیارە بەڕێچکەی شاعیرانی سەردەمی خۆیدا دەنگی پیاوی کوردە، سیمای مێ بوون بەشیعرەکانیەوە دیار نییە ئەو سنورەی کۆمەڵگە دروستی کردووە بەمیش ناشکێ هیچ سەرسامی‌و ڕاچەنینێك لەشیعرەکانیدا بەدی ناکرێت بەدوای شیعری پیاواندا ڕێگا دەبڕێ، بابەتی شیعرەکانی کۆمەڵایەتی‌و نیشتمانی‌و لاواندنەوەو وەسفی سروشتەو وەکو کەسێکی نیشتمان پەروەر داوای ئازادی بۆ گەلەکەی دەکات.

سوپاس بۆ ئێوە نەمرانی مەرد

(1) خورشیدە بابان، دارەوەن، ل 42 .

(2) د. کوردستان موکریانی، شیعری ژنی کورد، ل 64 .

عەرەبو کوردتان رزگار کرد لەدەرد

ئازادی خواهان ساوەرنە مەیدان

نەما زنجیرو شەقو تێهەڵدان

پشتی یەکگرن وەك خوشکو برا

مژدەبێ بانگی ئازادی درا [1]

لەناوەندی ساڵانی چلەکانو پەنجاکانی سەدەی بیستەمدا دەنگی ژنە شاعیرێك (فریشتە کۆیی)[2]، دەبیسترێ لەچەند پارچە شیعرێکدا باسی ئازادی ژنو بەشداری ژن دەکات لەبوارەکانی ژیاندا بەتایبەتی لەخوێندندا بەڵام هەمان دەنگی شاعیرانی پیاوەو هەمان رێچکەی شیعرگرتنە کەپیاوان پێرەوی دەکەن بۆ داواکردنی ئازادی ژنو پیاو وەکو مرۆڤێکی دڵسۆزی نەتەوەکەی پەرۆشی گەلو نیشتمانیەتی لەپێناوی یەك بوونو سەرفرازیداو لەوکاتەدا کەشۆرشی چواردەی تەمووز بەرپابوو بەشی زۆری شیعرەکانی بۆ

[1] سەرچاوەی پیشوو، ل 64 .

[2] فریشتە ناوی (خەدیجەی مستەفا ئاغای حەوێزییە) لە ساڵی 1926ز دا لە شاری کۆیە لەدایکبووە، خوشکی شاعیرانی کورد دڵزار و کەریم شارەزایە لە ساڵی 1943ز دا دەستی بەشیعر دانان کردووە لە ساڵانی پەنجا و شەستەکانی سەدەی ڕابردوودا دەورێکی دیار بووە لە بزوتنەوەی ژناندا لە ساڵی 1958ز دا سەرۆکی کۆمەڵەی ژنان بووە لە کۆیە لە ساڵی 1959ز دا بۆ ماوەی دوو مانگ لەسەر بانگهێشتی یەکێتی ژنانی چین لەگەڵ شاندێکی ژناندا سەردانی کۆماری چینی میللی کردووە. بڕوانە چەپکێك لە هۆنراوەکانی فریشتە کۆیی، ل 3 .





ئەو شۆڕشە تەرخان کردووە باس لەسەرکەوتنی شۆڕشو نووچ دانی ڕژێمی پاشایەتی دەکات.

لەبارەی خوێندنو هاندانی ژنو بەشداری کردنی دەڵێ :—

خوشکینە بەسیە غەمو پەژارە

وەرە کۆڕی ژین ئازاو بەکارە

بڕۆن بۆ مەکتەب هەروەکو لاوان

هەرچی بخوێنێ ئەو پایە دارە [1]

وەکو هەر شاعیرێکی ئەو سەردەمە داوا لەکوڕان دەکات لەپێناوی سەربەستیو ئازادیدا هەوڵەکانیان یەکبخەن.

کوڕان کوڕان جەوان مەردان

هەڵسن گیانە وەکو شێران

سستی مەکەن لەتێکۆشان

ئازا بن وەك بەوری بەیان [2]

[1] فریشتە کۆیی، چەپکێك لە هۆنراوەکانی فریشتە کۆیی، ل 11 .

[2] سەرچاوەی پێشوو، ل 18 .

بۆ شۆڕشی چواردەی تەمووز ئەدوێو بەهیواو ئاواتی گەلی دەزانێ:—

چواردەی تەمووزی ساڵی پەنجاو هەشت
دنیای دۆزەخم لێ بوو بەبەهەشت
لەپڕ هاتە گوێم دەنگی ئازادی
ڕۆژی ئاوا بوو ڕۆژی بێ دادی
لەهەموو شارێك بوو بەهەڵپەڕین
خۆنشاندانو چەپڵەو هەڵپەڕین [1]

(لەیلان)[2] یەکێکە لەو نووسەرانەی هەتا ئێستا ئامادەیی لەبواری شیعرو پەخشانو لێکۆڵینەوەی ئەدەبیدا هەیە، لەساڵی شەستەکانی سەدەی بیستەمەوە شیعری بەرچاو دەکەوێتو ئەمیش یەکێکە لەو دەنگانەی شیعری ژنانو بەرێچکەی شیعری پیاوان هەندێ هەوڵی هەیەو ئەو بەرهەمانەی کەهەیەتی لەئامۆژگاریو خۆشەوستی بۆ نیشتمان تێپەڕی نەکردووە، ئەمیش زاتی ئەوەی نەکردووە ئەگەرەکانی دۆزی ژن لەشیعرەکانیدا لێکبداتەوەو ئاسایی پەیڤی ئەم ژنە شاعیرە پەیڤی کەسێکی دڵسۆزی خاكو نەتەوەکەیەتی.

---

[1] سەرچاوەی پێشوو، ل 22 .

[2] لەیلان: ناوی شەفیقە عەلی خورشیدە لە ساڵی 1940ز دا لە سلێمانی لەدایکبووە ساڵی 1963ز دا بەکالوریوسی لە ئادابدا لە زانکۆی بەغداد وەرگرتووە .





ئەی خوشکی نازدار ڕۆڵەی کوردستان
تۆی هیوای شادی تۆی خونچەی بەهار
دایکی کوردستان باوەشی کراوە
بۆ ئازایەکی وەك  تۆ وەستاوە
ئەبێ هەوڵ بەی ئیش بکەی زۆر چاك
بۆ خزمەتی گەل بەدڵێکی پاك [1]

* * *

د. نەسرین فەخری[2] یەکێکە لەو ژنانەی لەناوەڕاستی پەنجاکانی سەدەی بیستەمەوە لەگۆڤارو ڕۆژنامەکاندا شیعری دەبینرێ ئەمیش لەڕووی ڕێبازو ڕوخسارو ناوەڕۆکەوە هەمان دەنگی ژنە شاعیرانی سەردەمەکەیەتیو هەمان ڕێچکەی گرتووەو نەیتوانیوە دەربڕی خواستی ژنی سەردەمەکەی بێتو ئەو سانسۆرانەی بەسەر ژیانی ژنی کوردەوە بووە ئەمیش لێی دەرباز نەبووەو ئەو پەیڤانەی دەربڕیون لەئازارو ژانی

---

[1] کوردستان موکریانی، شیعری ژنی کورد، ل 112 .

[2] د. نەسرین فەخری : لە سەرەتای پەنجاکانی سەدەی بیستەمدا لە گۆڤار و ڕۆژنامەکاندا بەرهەمی خۆی بڵاوکردۆتەوە و دکتۆرای لە زمانیکوردیدا لە یەکێتی سۆڤیەت وەرگرتووە .

میللەتەکەی ئەدوێتو وەکو هەر شاعیرێکی پیاو پەنجەی خستۆتە سەر ئازارەکانیو ناڕەزاییەکی مرۆڤانەی دەربڕیوە.

چەند جوانی شەهید وا لەژێر قەبرا
چەند جار بۆ ئەوان پەردەی دڵ دڕا
چەند ماڵ بێ باوكو خوشكو بێ برا
ڕشتیان فرمێسکی خوێنین وەك باران
هەرتۆی مەرهەمی برینی ئەوان [1]

لەدەقی (هیوای نەمردا) کەمێژووی ساڵی ( 2000)ی بەسەرەوەیە وەکو هەر مرۆڤێکی دڵسۆزی نەتەوەکەی بەدوای هیوای ژیاندا دەگەڕێتو مێژووی لاپەڕەکانی ڕابردوو هەڵئەداتەوەو پەنا دەباتە بەر میتۆلۆژیا هەندێ ناو دەبات کە لەناو گەلی کوردا پیرۆزی خۆیان هەیەو ئاماژەی بەچیرۆکی لەیلو مەجنونو شیرینو فەرهاد ئەدات کە لەپێناوی (هیوا)دا چییان بەسەر هاتووە.

(پیری شەوکیل)
شەو دەکێڵێت
تارێ بۆ ڕۆژگار بکاتەوە

[1] د. کوردستان موکریانی، شیعری ژنی کورد، ل 162 .





(پیرە مەگرون) پاسەوانە
نەوەکا خەو بیباتەوە
گشت وەك مەجنون
وەك (لەیلا)کان
فەرهادو مەم
شیرینو زین
سینگ بۆ هیوا دەکاتەوە.[1]

لەناوەندی حەفتاکانی سەدەی بیستەمدا دەنگێکی ژنانە (سەباحەت تاهیر) دەرکەوت بوێرانە تر لەشاعیرانی سەردەمەکەی خۆی هاتە پێشێو هەندێ ڕازی بەگوێی خوێنەردا داو هەندێ لەخواستەکانی ژنی دەربڕی بەڵام ئەمیش هەر تێنو تاوێك بوو دەنگی کوژایەوەو لەناودا نەما، بۆ نموونە لەشیعری (هەوای ژنانی وڵاتی خەم لەساڵی ژندا) دەڵێ :-

خوشکەکانم.. زایەڵەی دەنگی ئیمڕۆیە
هەواڵی نوێ.. لەچاپخانەی گرێی ئازارمان
تۆمار ئەکا
هەوای نوێیە.. هەواڵ ئەڵێ
سبەی ژن.. ژن
ئاسۆی خۆی ئەدۆزێتەوە
لەقەد پاڵەکانی مێژوو

[1] د. نەسرین فەخری، گۆڤاری ڕامان، ژمارە (55)ی ساڵی 2001، ل 118 .

سبەی ژن
ملوانەکەی ئاهەنگانی
ئەکاتە گەردنی مێژوو [2]

بەهۆی ئەو گۆڕانکاریانەی لەژیانی مرۆڤدا هاتۆتە پێش ژنیش هەوڵی داوە پلەو پایەو شوێنگەیەکی بەرزو کاریگەر بۆخۆی لەنێو کەلتورو مێژووی مرۆڤایەتیدا خودماڵی بکات، بۆ ئەمەش خۆی لەزۆربەی بوارەکانی ژیان تاقیکردەوەو هانای بۆ زۆرێك لەو بابەتانە بردوو کەبوونی مرۆڤایەتیان لەسەر بەندە یەکێك لەو کایە گرنگو پایە پتەوو گەورانەش نووسینە کەهەمیشە سەر لەبەری ئارەزووەکانی مرۆڤ بەهۆیەوە وزەو تواناکانی ناخی خۆی گواستۆتەوە نێو خەزێنەی بیرو هۆشو تێڕوانینی ئەویترەوە.

بەو ئاماژەیەی ئەدەب یان دەق دەبێ هەڵگری خەستەڵەتی نووسەرەکەی بێتو ئەندێشەکانی ئەو لەخۆیدا کۆ بکاتەوە بەهۆیانە خوێنەری وریا لەڕێی ناسینەوەی ڕێگاو تایبەتمەندیە مرۆڤایەتیەکانەوە ڕەگەزی نێر یان مێ نووسەرەکە دەستنیشان دەکات.

بایەخ دان بەچوارچێوەی تەکنیكو زمانو ڕووخسار بەبێ ڕەچاوکردنی هزر یان هەڵوێست بەهای دەق کەم دەکاتەوە چونکە هەرکارێکی ئەدەبی بێ پراکتیزە کردنی هەڵوێست بەهای نامێنێو مەرجێکی سەرکەوتووی لەدەست ئەدات[1].

[2] سەباحەت تاهیر، ڕۆشنبیری نوێ، ژمارە (37)ی ساڵی 1975، ل 4 .

[1] بڕوانە : د. شوکر عزیز الماظی، في نظریه الأب، ص 132 .





لەڕوانگەی ئەم بۆ چوونانەی سەرەوە ئێمە بۆ لێکدانەوەی ئەو دەقە شیعریانەی لەمەودوا دێتە بەردەممان زیاتر بایەخ بەناوەڕۆکی دەقە شیعریەکان ئەدەین لەو ڕووەوە کەئێمە باس لەبزوتنەوەی فیمینیزمی دەکەین کەخۆی لەخۆیدا هەڵوێست وەرگرتنە لەسەر ژیانو ئایدۆلۆژیا کە لەبەرژەوەندی ژندا قسە دەکات کەدەربڕی خواستو هەستی ژنی کورد لەو پاشکۆییو دواکەوتنەی کەتێی کەوتووە.

بەلای دکتۆر عەزیز ئەلمازیەوە ((هەر بەرهەمێکی ئەدەبی دەبێت لە بنەمایەکی فیکریو ئایدۆلۆژیدا سەر هەڵبدات تەنانەت ئەو ئەدەبەی کەهەڵوێستی دیاریکراوی تیا دیار نییە دەچێتە چوارچێوەی (اللامنتمی — لایەن نەگیری) خۆی لەخۆیدا هەڵوێستە چونکە ئەدەب لەهەر بەرهەمێکی ئەدەبیدا ئایدلۆژیەکی دیاری کراوی ئاشکرای هەیە بۆ ژیانو کۆمەڵگە))[1].

ڕەخنە گرانی ئەدەبی لەسەر ئەوە جەخت دەکەنەوە کەدیدی هونەریو هاوتەبایی کردنی دەق لەپێناو خزمەتکردنی دەق دایەو دەقێکی هونەری جێگر پێشکەش دەکات، بەڵام بەهای دەقەکە دەشێوێنێو گیانی چێژی لێوەردەگرێتەوە.. بەڵام دیدێکی پێچەوانە هەیە کەدەقی ئەدەبی وەکو چالاکییەکی زیندوو پێشکەش دەکات لەبەر ئەوەی کێشە جیاوازەکانی کۆمەڵ دەخاتە ڕوو. بەمەش وا لەدەقی ئەدەبی دەکات توانای گەیاندنی هەبێ لەو ڕوانگەیەوە دەردەکەوێت کەپەیوەندیەکی توندو تۆڵ لەنێوان ئەدەبو ئایدۆلۆجیادا هەیە.. ((لەبواری ڕەخنەیی، ئایدلۆژیدا دوو

[1] د. شوکر عزیز الماظی، في نظریه الأب، ص 132 .

هزری جیاواز هەیە، هزری یەکەم تەنها بایەخ بەهزر یان هەڵوێستی دەق دەدات بێ ڕەچاوکردنی شێوازی تەکنیکی، بەو کردەوەیەش دەوترێ ڕەخنەی ئایدۆلۆژی بەرامبەر بەمەش هزرێکی تر هەیە بایەخ بەهزرو هەڵوێستی دەق نادات بەڵکو زیاتر چوارچێوەی هونەری یان داڕشتنی زمانو تەکنیك دەکات بەمەبەست بەو پرۆسەیەش دەوترێ ڕەخنەی هونەری یان ئیستاتیکی))[1].

بایەخدان بەبنیاتی فۆرمو زمانو لایەنی هونەری بەبێ ئەوەی فیکرەیەکی باش یان هەڵوێستێکی تێدابێت ئەو کارە لاواز دەردەچێت، هەر ئەدەبێك لەهەڵوێست گرتنەوە دوور بێت بارستاییو هێزی خۆی ون دەکات چونکە مەرجێکی بنچینەیی بۆ ئەزموونی نووسەر ئەو پەیوەندیەیەتی کە لەگەڵ جەماوەردا هەیەتی.. نووسەر بۆخۆی نانووسێ بەڵکو بۆ گیروگرفتەکانی کۆمەڵگەکەی دەنووسێ بۆ ئەوەی زۆرترین خوێنەر بۆ خۆی ڕاکێشێ لەبەر ئەوە بایەخی ناوەڕۆك لەبایەخی ڕووخسار کەمتر نییە.

ئێمە لەڕوانگەی ئەو بۆ چوونانەی سەرەوە لێکۆڵینەوەکەمان بەرەو ئەو ئاڕاستەیە دەبەین کەبەهایەکی فیمینیستی بەشیعری هەندێ لەو ژنە شاعیرانە بدەین کە لەکتێبو گۆڤارو ڕۆژنامەکاندا دەقی شیعریان بڵاوکردۆتەوە، چونکەشیعری ژنانی ئەو ماوەیە بەتایبەتی لەدوای هەشتاکانی سەدەی بیستەمدا بەهۆی گۆڕانکارییە سیاسیەکانو وەرچەرخان لەبواری ڕۆشنبیریو ئەدەبیداو پێشکەوتنی بزاڤی ژنانو

(1) سەرچاوەی پێشوو، ص 126 .





گۆڕانکاری لەزۆر ڕووی ژیانەوە بوونە هۆی درووست بوونی جیاوازیو گۆڕانکاری لەنێوان شیعری ژنانی بەر لەو مێژوەوەو ڕاڤەکردنی چەند دەقێك ئەو ڕاستیەمان بۆ دەسەلمێنێ، جا لەو ڕوانگەیەوە کەژنی کورد بەخۆیدا چۆتەوەو تێڕوانینی لەوەوە سەرچاوە ناگرێ پیاوانە بیر بکاتەوەو پیاوانە بنووسێ چونکە ئەو باش دەزانێ بەدرێژایی مێژوو پیاوە کەئەوی خستۆتە پەراوێزەوەو دەستەڵاتی بۆ خۆی داگیرکردووە لەبەر ئەوە ژنی کورد لەشیعری چەند ژنە شاعیرێکدا دەنگی فیمینیستییە کەبەرگری لەخۆی دەکات لەو نایەکسانیەی لێکراوە هەر لەوکاتەی بۆ یەکەم جار دێتە ژیانەوە چۆن پێشوازی لێدەکرێت لەکاتێکدا بەبوونی ئەم دەوروبەرە خامۆشیو ماتەمینی دەوری دەگرێت.. دەستەڵات کەدەستەڵاتی پیاوسالاریە ڕەتی دەکاتەوە دژی هەموو لۆجیكو زانستێك دەوەستێو بوونی ئەم بەتاوانی خۆی دەزانێو ئەم پرۆسەی بوونە بەتاوان دەزانێو دەیخاتەوە پاڵ ژن..!!

باوکم لەچایخانەکەی سەر سووچ چاوەڕێی دەکرد
کەهەواڵی بوونی منی بیست
چەند لۆچێك لەناوچەوانی ڕووا
پێڵوەکانی داخستو ئاهێکی هەڵکێشا
کەمن بووم، دایکم گریاو منی لەئامێزنا
باوك – م شەپازلەیەکی لێدا هاواری کرد:
فڕێی دە خواردنەکەم بۆ بێنە

کەباوك – م مرد بەپەنجە ئاویەکانم
گۆڕی تۆقان – م هەڵنا
بەچڵی خۆر تابلۆی پێکەنینم کێشا
براکەم گوڵمێك تاریکی پژاندە سەر
قیڕاندی ((مەملەکەتی چێژ مولّکی نێرەو تەنها بۆ ئەو
دەگەڕێتەوە
پیرۆزی پێکەنین
من چاوم بڕییە چاوی
دایکم سەڵەواتی لێدا
براکەم کوڕی باوك – مە کوڕی هێزە
کوڕی مێژووی نێرە، مێژووی تۆقان
من کچی دایکمم، کچی سۆز
کچی مێژووی میهرەبانی – مێژووی دادوەری
ژن دەریایەکە لەجوانی لەمیهرەبانی
پیاو ژیانی لێدەخواتەوە، مرۆڤایەتی لێهەڵدەهێنجێ [1]

شاعیر نەزەندی بەگیخانی [2] بەدەنگی (ژن – مێ) نەفرەت لەپیاوسالاری دەکاتو بەمردنی باوکی شادمان دەبێت، چونکە باوکی ئەو

[1] نەزەندی بەگیخانی، دوێنێی سبەینێ، ل 82 .





بەشێکە لەکۆمەڵگە بەشێکە لەدەستەڵات، مردنی باوکی مانای مردنی دەستەڵات، بەڵام ئەم لەکۆمەڵگەیەکدا دەژی باوکیشی بمرێ دەستەڵاتێکی تر جێی دەگرێتەوە کەبرایە... تیۆرە فیمینستییەکان کەدەرکەوتوون دژی دەستەڵات دواون... لەو سۆنگەیەوە شاعیر دەیەوێ بوونی خۆی بسەلمێنێ... باسی مێژووی دێرین دەکات کەباوکسالاری بەڕێوەی بردووە گێردا لێرنەر (Gerda Levner) لەبارەی باوکسالاریەوە دەڵێ ((باوکسالاری ئەو سیستەمەیە کەبەفەرامۆش کردنو دەستکاری کردنی مێژوو سڕینەوەی ژنان لەمێژوودا سەریهەڵداو ئەو کەسەی لەڕابردوو مێژوویەکی نییە داهاتووشی نابێت)) [1].

شاعیر لەکۆپلەی (من کچی دایکمم، کچی سۆز، کچی مێژووی میهرەبانی) بەسەدە دێرینەکانی مێژوودا شۆڕ دەبێتەوەو سەردەمی دایکسالاری دێنێتە بەرچاو کە لەو قۆناغەدا یەکسانی لەنێوان مرۆڤەکاندا هەبوو بەڵام بە لەدەستدانی ئەو قۆناغە ژن ئەو زیانە گەورەیەی لێکەوتەوە کەتا مێژوورییەکی دوورو درێژ پێوەی دیاربوو.

[2] نەزەندی بەگیخانی: لەشاری کۆیە لەدایکبووە، بەکالیۆریسی لەزمانی ئینگلیزیدا وەرگرتووە و بڕوانامەی دکتۆراشی لەفەڕەنسا بەدەستهێناوە، تێزی دکتۆراکەی بەناوی (ئیماژی ژنی کورد لە ئەدەبیاتی ڕۆژئاوادا لە سەدەی بیستەمدا)یە، چەند کۆمەڵە شیعرێکی چاپ کراوی هەیە لەوانە (دوێنێی سبەینێ، ستایش، ڕەنگی خۆڵ) لە زۆربەی گۆڤار و ڕۆژنامە کوردیەکاندا بەرهەمی شیعری بڵاوکردۆتەوە و زۆربەی بەرهەمەکانی وەرگێڕاوەتە سەر زمانی ئینگلیزی و فەڕەنسی .

[1] گێردا لێرنەر، گۆڤاری کاروان، ژمارە (173) .

نەزەند بەگیخانی لەتێکستی ((پیاو خوداوەندی گوناهبار))
شەرمی ژنی کورد دەشکێنێ، قەلایەك دەڕوخێنێت کەژنی کورد بگرە پیاویش نەوێراوە بەو شێوەیە توخنی بکەوێت، شتێك دەڵێ بەگوتاری کوردی نامۆیە... شیعری کوردی پەیڤی وای بەخۆوە نەدیوە ئەگەر بزاڤی فیمینیستی سەربەستی مرۆڤەکان ڕا دەگەیەنێ نەزەندی بەگیخانی، چۆتە قولایی ڕووداوەکانیەوە.

دەزگیرانەکەم رووتی کردمەوە
وتی دەمەوێ هاوتا بم بەتۆ
کەخوێنی کچێنیمی نەبینی
فرێیدامە سەرشەقام ((تۆ ئابرووم دەتکێنی))
من ناتناسم، تۆ نامناسی
ئێمە دەمانەوێ هاوتا بین
بۆ دەبێ کەسایەتی تۆی مەزن
لەخوێنی منی بچوکدا بەرجەستەبێ؟
بۆ دەبێ ئابڕوی تۆی بالآ
لەپەردەی ئەندامێکی منی ڕۆچوودا سەر دەربێنێ [1]

[1] نەزەند بەگیخانی، دوێنێی سبەینێ، ل 84 .





(گۆران) لەشیعری (بەردەنوسێك)، باسی ئەو تاوانەی کردووە، کەداویەتە پاڵ کۆمەڵگەو دەستەڵات، قوربانیەکەشی ژنە... بەڵام ئەمجارە ژنێکی شاعیر بەناوی سەرجەمی ژنی کوردەوە قسە دەکات.

مەهاباد قەرەداخی لەکتێبی (شەرەفنامە)دا لەم کێشە ئالۆزە ئەدوێ دەڵێ ((پرسی شەڕەف و کۆکردنەوە ماناو سیمبولی شەڕەف لەجەستەی ژندا بوارێکە کاریگەری زۆر نێگەتیڤی لەسەر کەسایەتیو ناسنامەی ژن بەگشتی داناوە، سەبارەت بەژنی کوردیش بەبەڵگەوە ئەوە دەسەلمێنم کەچۆن دیاردەی شەڕەف و کوشتنی شەڕەف کاریگەرە لەبێتواناکردنی ژن و بێباوەڕی مێینە بەخۆی. سەرەکی ترین خاڵی پەیوەندی لەنێوان بێپایەکردنی ژن لەکۆمەڵگەی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست بەگشتی قفڵدانی جەستەیەتی بەکۆدی شەڕەف، جەستەی ژنی ڕۆژهەلاتی جەستەیەکی داخراوە مەبەست لەداخرانی جەستەی ژن ئەوەنییە کەژن تەنها لەبەکارهێنانی جەستەی بۆ سێکس ئازاد نییە، نەخێر بەڵکو ئەوە یەکێکە لەدەیان خاڵی تر کە لەجەستەی ژن قەدەغەکراوە، جەستەی ژن داخراوە بەڕووی هەموو ئازادییەکی ئاساییو جوڵەو ئەرکێکی ئاسایی ڕۆژانە...)) [1]. دەنگی (مێ – ژن) لەشیعری ئەم شاعیرەدا لەدەنگی زۆربەی شاعیرە ژنەکانی تر بوێرانەترەو شێوازی مێگەری بەتەواوەتی پێوە دیارەو بەبێ پەردەو دوو دڵی دەنگی ژنی کورد دەگەیەنێت، هەر ئەم دەنگانەشە کەژنی کورد بەرەو ئەوە دەبات بەبێ ترس داخوازیە ڕەواکانی

[1] مەهاباد قەرەداخی، شەرەفنامە، ل 18 .

خۆی ڕابگەیەنێت ئەگەر بزافی فیمینیستی دژی نایەکسانیو دەستەلآتە، دژی چەوسانەوەی دکتاتۆریانەی پیاوە، شاعیر ئەوەی یەکلایی کردۆتەوە لەکۆمەڵگەیەکدا دەژی خۆشەویستەکەشی پێی نامۆیە...

ئەی خۆشەویستی دیکتاور

ئایا دەزانی تۆ نامۆی
نامۆی بەجوانی
بۆیە ترس دەڕوێنی
نامۆی بەڕاستی
بۆیە لەسروشتی خۆت دووری
نامۆی بەدادوەری
بۆیە خۆت لەدەسەلآتدا بەرجەستە دەکەی
نامۆی بەمرۆڤایەتی
بۆیە ستەم کاری
خۆت هاوتا بکە بەمن تاکو جوانیی ببینی
خۆت هاوتا بکە بەمن
تا دادوەری بناسی
خۆت هاوتا بکە بەمن
تا بتوانی بگری [1]

[1] نەزەند بەگیخانی، دوێنێی سبەینێ، ل 84 .





شاعیر بەمێژووی نایەکسانی خۆییدا شۆڕ دەبێتەوە، ئەو دەستەلآتە باوکسالارییەی کەسەردەمەکەی زۆر کۆنە، هەتا ئێستا بوونی هەیە، دوای ئەم هەموو گۆڕانکارییەی لەژیاندا هاتۆتە پێش، ئەم هێشتا قوربانی مێژووی کۆنێتی.

هاشم سەراج لەبارەی تێکستی (( پیاو خواوەندی گوناهبار )) دەڵێ ((شیعرێکی ڕەخنە ئامێزو ڕاستەوخۆ گوتارێکی خەتەرناکی کۆمەڵایەتی ئاڕاستەی فەزای دەستەلآتی ترادسیۆنو حەقیقەتە جێگیرو چەسپاوەکانی کۆمەڵگەی پاتریاکی دەکریَو لەهەمان کاتدا بایەخێکی زۆر بەلایەنی فیمنیزمی نووسینو داهێنان دەدریَو کۆژیتۆی شیعر ڕووبەڕووی چەمکی پڕ زەبرو زەنگی چەوسێنەری کۆمەڵگەی باوکسالاری دەبێتەوە))[1].

ئەحمەدی مەلاش دەربارەی ئەم ژنە شاعیرە دەڵێ ((شیعر لای نەزەند بەگیخانی دەنگێکی ترە، سەرچاوەکەی لەزەمەنێکی بزێوەوە، ڕووناکی ئاسا بەکۆمەڵەکەی بووندا هەڵدەگژێ : چ بوونێك ئەو بوونەی کەمینا ڕۆحی هەژاوی ئەم چەرخەمانە، چینە شەختە ئاسای ئەم چاخە سەهۆڵئامێزە هەروەکو ناسکی ژیان، درز دەبات، واتە سیمایەکی ترە، مەدارە زەمینیەکان تێکدەچرژێن لەبەر ئەوە پێوستە تەنیا بەتیشك بپێورێن، واتە بەشیعر))[2].

[1] هاشم سەراج، گۆڤاری ڕامان، دەقە مەرجانیەکانی لیلیپ، ژمارە (60)ی ساڵی 2001، ل 80 .
[2] ئەحمەدی مەلا، گۆڤاری ڕامان، دەقە مەرجانیەکانی لیلیپ، ژمارە (90)، ل 81 .

خەسڵەتەکانی ژنان لەهەموو جیهاندا ژنبوونە، ئەو کێشەیەش کە بەناوی کێشەی ژن لەهەموو کەلتورەکانی دنیادا ناسراوە بەڵام خاڵی جیاوازی لەنێوان ژنانی هەموو جیهاندا ڕەنگدانەوەی ئەو بارودۆخ‌و ئەو نۆرم‌و نرخاندنانەیە کە لەهەر کەلتورێکدا بەجیاوازی لەوانی تر کاریگەری لەسەر کەسایەتی ژنەو ئەم کاریگەریەش بۆسەر کەسیەتی ژن لەسایەی نۆرم‌و نرخاندنی کەلتوری ئایینی‌و کەلتوری سیاسی ڕادەوەستن.

شاعیرانی ئەم نەوەیە پێچەوانەی شاعیرانی بەر لەخۆیان هەستی (مێینەتی) بەشیعرەکانیانەوە، دیارەو ڕاستەوخۆ هەست دەکرێ کەئەمە دەنگی ژن خۆیەتی، خۆشەویستی لای ژنە شاعیر (شیرین – ک) کردەیەکی پیرۆزەو بەو کاتەوە بەندە کەسەرەتای خۆشەویستی چۆن سەرهەڵئەدا، (10)ساڵی زەمەنی لێ دەبێتە ( 10)ڕۆژو هێندە لەناویدا چڕ دەبێتەوە هەست بەتێپەڕبوونی ناکات.. زمانی شیعری (شیرین – ک) زمانێکی گەیەنەرەو بەزمانی ژن بوونی خۆیەوە قسەدەکات یاکۆپسن لەئەرکی ڕۆژانەی زماندا دەڵێ ((ئەرکی جوانناسانەی زمان هێرشێکی ڕیکخراوەو شارەزایانەیە بۆ سەر زمانی ڕۆژانە))[1].

وەخت کەی ؟
سات چەندە ؟
چ شوێنێ
لەوەتەی هەم تۆم ناسیوە خۆشم ئەوێ

(1) بابك ئەحمەدی، ڕاڤەی دەق، ل 78 .





گرنگ نییە پێش تۆ ناسین
پێش تۆ بینین
چۆن ژیاوی‌و چۆن ژیاوم
گرنگ نییە
چەند مۆمی تەمەنت لەکوێ‌و لەگەڵ کێ دا
کوژاندۆتەوەو پێتکردووە
تۆ ئەوەتای لێرە
لەگەڵ یەکەم چرکەی بەئاگابونا
دەچرپێنی خۆشم ئەوێ
ئەی سەراب ترین پیاو
ئەی حەقیقی ترین خۆشەویستی
تۆ ئەوەتای لێرە. [1]

شیرین – ک [2] لەسەرەتای هەشتاکانەوە چ وەکو چیرۆک‌و نووسین بەرهەمی بڵاوکردۆتەوە وەکو ژنێکی ناسراوی ناو ئەدەبی کوردی ئازادانە

(1) شیرین – ک، کەنارەکانی خەون، ل 46، 47 .

(2) شیرین – ک : شیرین کەمال ئەحمەد سالح، بەکالۆریوس، زانکۆی بەغداد، کۆلێژی ئەدەبیات، بەشی زمان و ئەدەبی کوردی، بەزمانی کوردی و عەرەبی دەنووسێت لە (1993/3/16)ەوە لە ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ کار دەکات لە حوزەیرانی ساڵی (1997)ەوە لێپرسراوی بەشی ئەدەب و هونەرە بەرهەمە چاپکراوەکانی بەزمانی کوردی، پیش ئەوەی تاریك دابێت، کۆمەڵە چیرۆك، کەنارەکانی خەون، شیعر،

بیری کردۆتەوەو ئازادانەش پەیڤەکانی خۆی دەربڕیوە.. سەرەتای بەرهەمەکانی مۆرکی ژن بوون دیارەو هەمیشەش لەشیعرەوە نزیك بووە بەو مانایەی کەشیعر هەڵگری زۆرترین نیگەرانیو بێزارییەکانی مرۆڤە لەهەمان کاتیشدا هەڵگری بارگاوی ترین ئەوینو سۆزە، شیعر ((تۆڕێك پەیوەندیە کەبەیەکەوە جەوهەری دەقی شیعری پێکدەهێنن))[3] .

لەتێڕوانین بۆ شیعری شیرین – ك ئەوە دەبینین کەدەنگی ژنی شاعیر لەڕیزی ئەو دەنگانەی تردایە کەشیعری کوردیان لەتەنگژەی دەنگی پیاودا قوتار کردووە.

منی مرۆڤ، هەزارەها دەقەو سەعات
لەپڕێکدا
وەڕس دەبم
لەهەناسەیەکم یاخی دەبم
بەندی دەکەم دەمرم[1]

حیکایەتەکانی بەفر، کۆمەڵە چیرۆك، ئێوارەیەك ئەو نایەت، شیعر، فصول و حروف، کۆمەڵە شیعر بەزمانی عەرەبی، چەندین بەرهەمی لە زمانی عەرەبییەوە وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی .

(3) محمد لطفی، فی بنیة الشعر العربی المعاصر، ص 29 .

(1) شیرین – ك، کوردستانی نوێ، ژمارە (436) لە 2005/5/12، ل 4.





پرسیار بوون لەجەوهەری ژیانو ئەو چرکە ساتانەی مرۆڤ نغرۆی خەمو نیگەرانییە هەوڵێکە بۆ نووسینەوەی ڕۆژمێری تەنیا، لەگەڵ ئەوەی تەئکید لەسەر بێزاری دەکاتەوە، بەڵام ئومێدێك لەپشت دەقەوە هەیە، شاعیر هەستیارییەکی ئێجگار زیندووی هەیە زۆر حەماسیو سۆزدارەو گیانێکی فراوانی تێگەیشتنی هەیە.

لای کەژاڵ ئەحمەد[1] شەپۆلێك تووڕە بوون گومان لەڕێی خەونی ژیانەوە دەکات بەخامەکانی مێشکیو نا ئارامیان لا درووست دەکاتو دەکەوێتە دڵەڕاوکەی ئەو قەدەرەی کەژن بوون لای درووست کردووە، هەرچەندە بڕوای بەجوڵەی ژیان هەیە بەڵام بەگومانەوە تێی دەڕوانێ، ئەو دەیەوێ هزر بەمێژووەوە گرێ بداتو تێڕوانینێکی واقیعانە بەرهەم بهێنێ کەدووربێت لەئایدیای دەست بەسەراگرتنو داگیرکردن، کەژاڵ شاعیرێکی سەرکێشە ئەو کۆتو پێوەندانە دەشکێنێو ئەو ترسەی باڵی بەسەر شیعری ژناندا گرتووە ئەم بوێرانە ئەو ترسە دەشکێنێو ڕێگا بۆ دەنگەکانی دوای خۆی دەکاتەوە کەسامی ترس بشکێننو ئەو تەمەی بەری چاوی شیعری ژنانی گرتووە بڕەوێنێتەوە... شاعیر نەك لەشتە دیارەکان بەڵکو لەشتە

(1) کەژاڵ ئەحمەد لە ساڵی 1967 لە کەرکوك لەدایکبووە ساڵی 1986 یەکەم شیعری بڵاوکردۆتەوە، لە ساڵی 1992ز دا لەە بواری ڕۆژنامەگەریدا کار دەکات و ئێستا سکرتێری نوسینە لە ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ خاوەنی حەوت بەرهەمی چاپکراوە بەرهەمە شیعریەکانی بریتین لە (بەندەری بەرمۆدا ساڵی 1999ز، وتەکانی وتن ساڵی 1999ز، قاوەیەك لەگەڵ ئەودا ساڵی 2001ز، ئاوێنەم شکاند ساڵی 2004ز، دیوانی کەژاڵ ئەحمەد ساڵی 2006ز) .

شاراوەکان دەدوێو ئەو دەیەوێ ئەو نهێنیە ئاشکرا بکات کەهاوڕێکانی ناوێرن دەستی بۆ بەرن... بەر لەم دەنگە شیعریانە ژنی شاعیر نامۆ بووە بەدەوروبەرەکەی بەڵکو نامۆ بووە بەخۆشی، بەڵام کەژاڵ نامۆ بوونی ڕەواندۆتەوەو نوقمی ناو گوتاری ئازادی کردووە، کەژاڵ گەمەیەکی ئێستاتیکی لەگەڵ شیعردا دەکاتو وشە لەمانای ڕاستەقینەی خۆی دەباتە دەرێو بەدوای مەدلولێکدا دەگەڕێ لەناخیدا خۆی مەڵاس داوە.

پەیڤەکانی کەژاڵ تەنها مەبەستی لەخودی خۆی نییە ئەو دەیەوێ هاوڕەگەزی خۆی هەست بەوریا بوونەوە بکات... چونکە ئەم خۆی لەوە گەیشتووە کاتی ڕامانو سڵکردنەوە بەسەر چووە... (مێ – ژن) لەشیعری کەژاڵدا هێندە ئەکتیڤە خوێنەر بەبێ ماندوو بوون دەچێتە ناخی دەقەکانەوەو بەئاسوودەیی لەناویدا گوزەر دەکات، شاعیر ئەگەر بیەوێ حەقیقەت بنوسێتەوە دەبێ ڕاستگۆبێت لەگەڵ خۆی، شاعیرانی بەر لەکەژاڵ ئەگەر ڕاستگۆش بووبن لەناخی خۆیاندا ڕستگۆ بوون، نەیانتوانیوە پەیڤی شیعر ئاڕاستەی دەرەوەی ناخیان بکەن، ئەوەی دەریانبڕیوە لەدابو نەریتو سنوری باو نەچۆتە دەرەوە، بەڵام کەژاڵ ئەو سنورە دەبڕێتو ئازادانە بۆخۆی دەگەڕێت.

وەرە لەچوارچێوەی تەسکی
دووبارە بوونەوە دەرچین
چاو هەڵواسە، گوێ هەڵواسە
بەدیواری حەقیقەتا





کەی بیستوتە، کەی بینیووتە
کەس بتوانێ
دوو جاران لەهەمان ئاوا مەلەبکات (1)

گوتاری کەژاڵ گوتارێکی جیاوازە لەهاو سەردەمەکانی، دەنگێکی تایبەت بەخۆی لەشیعری (بەندەری بەرمۆدا) ئەوەمان پێ دەڵێت کە: ژن وەکو سێگۆشەی بەرمۆدا شوێنێکی پڕ مەترسییە، ئەمە جگە لەوەی کەجوگرافیای مرۆڤی کورد خۆی جوگرافیایەکی پڕ مەترسییە، شاعیر بەڕابردوودا شۆڕ دەبێتەوەو ڕەگەزی نێر بەوە تاوانبار دەکات کە لەپێناوی چێژە سێکسیەکانی خۆییدا خۆشەویستی کردووە، شۆخو شەنگیو جوانی بۆتە هۆیەك کە لەلایەن ڕەگەزەکەی ترەوە داگیر بکرێت.

چی بڵێم پێکەنیین نەبێ
ئەدی تۆ دەخوازی چۆن بم
من گیرۆدەی جوانی خۆمم
تۆ نازانی جوانی چەندە بەد بەختیە
زێدێکە خوڵقاوە بۆ داگیرکردن
بەتاڵان بردن خاپوور کردن

(1) کەژاڵ ئەحمەد، دیوانی کەژاڵ ئەحمەد، ل 194 .

واتای شیعری بەرمۆدا بەوێنا کردنی ژنە بەبەرمۆدایەکی پڕکێشەو
نا ئارام لەبەر ئەوەی لەدوای چەندین مەرگەساتو ڕووداوو کێشەی بێوێنەو
ئاڵۆزەکان ئەوجا ژن هاتۆتە بوون بۆیە باوەڕی پێ ناکرێتو وەکو کەل‌و
پەل سەیر دەکرێت.

ئاخ ئەی یار خۆشم دەوێی
بەخودا بەقورئان
بەسەری خۆت
نەخێر باوەڕم پێ مەکە
لەبەرئەوەی دوا کچو دوا وەچەو میراتگری بەرمۆدام [1]

لەکۆمەڵگە پاشکەوتو نەریتیەکاندا کەدەستەڵات بەدەست
پیاوەوەیە ژن وەکو کەرستەیەك سەیر کراوە بۆ کپ کردنەوەی مەیللە
سێکسیەکانو خستنەوەی وەچە، جگە لەوەی کەدەستەڵاتی سیاسەت یان
دەستەڵاتی دین لەهەر کامێکیاندا بووبێت ژن کەسێکی لاوازو فەرامۆش
کراوە، ئەگەر ڕۆژێکیش لەڕۆژان قەڵەم بەدەست بووبێت هێرش کراوەتە
سەری.

وشەکانم بەقاچاخە ڕێدا هانی

[1] کەژاڵ ئەحمەد، دیوانی کەژاڵ ئەحمەد، ل 128 .





تەقەیان لـێ کردم
سەبەتە گوڵەکەم ڕژا
هاواریان لێکردم تۆ کێی ؟
نا..وەڵامم نەدایە
چونکە دەمزانی چەك بەدەست
قەت لەقەڵەم بەدەست ناگا
ئەمە قسەی شەهرزادە

ئەو چەك بەدەستانە کێن کەتەقە لەقەڵەمی ژن دەکەن،
لەکوردستاندا لەو واقیعەی کەژن لەژێر دەستەڵاتی تۆتیالیتاریدا بووە
سەرکوت کراوە. بۆ چەواشەکاریو ئاکار زڕاندنو لەناو چوونو نەبێت ڕێگا
بەژن نەدراوە، خواستەکانی پێشێل کراوە، ئەوەی لەنەستیشیدا بووبێت
بەنامۆیی لەشوێنی خۆیدا چەسپێنراوەو دەست بەسەر کراوە، شیعری
بەندەری بەرمۆدا ئەوەمان پێ دەڵێت: دنیای ژن وەکو سێ گۆشەی بەرمۆدا
پڕ مەترسیو پڕ ئەگەری سەرسوڕهێنەرە، بۆیە ئەو ناونیشانەی
هەڵبژاردووە لەپرسەکانی مرۆڤی کورد ورد ئەبێتەوە کەجوگرافیای کورد
جوگرافیایەکی پڕ مەترسییە..

شەبەنگی هەشتی مارت
لەئەمسەری جیهانەوە تا ئەوسەری

کوردستانیش هێندەی من ئازاری دیوە
هێندەی من قوربانی هەیە [1]

تێکستی (8)ی مارتی کەژاڵ کەدەنگی (مێ – ژن) تیاییدا زاڵە... بەگشتی دەنگی ژنی کوردە لەڕۆژێکدا کەڕۆژی خۆیەتی کەدەبوو لەو ڕۆژەدا بەیاننامەی دەستکەوتەکانی وەدەستبهێنایە... ڕاستە لەڕابردوودا شتێك نەبووە بۆ فەراهەمکردنی ئازارەکانی یان پەنایەك نەبووە بۆ حەوانەوەی خەون‌و خەیاڵەکانی، ڕابردوویەکی ئیفلیج لەسایەی ڕۆژگارەکانیدا، ئەگەر لێکدانەوەیەکی هەبووبێت ڕێی پێنەدراوەو کەسایەتیەکەی کەسایەتیەکی پاسیف‌و پاشکۆ بووە، بەڵام لەدوای گۆڕانکاریەکانی دونیا پێشکەوتنی تەکنەلۆجیاو بچوك کردنەوەی جیهان بەهۆی دەزگاکانی ڕاگەیاندن‌و زانست‌و داهێنانە نوێکانەوە هێشتا ژنی کورد لەسایەی سیاسەت‌و لەسایەی کۆمەڵگەو حیزبدا هەر لەدواوەیە ( 8)ی مارت لەیادی ئەو ڕۆژەی کەژنان لەولاتەیەکگرتوەکانی ئەمریکا داوای مافە ئاساییەکانی خۆیان کرد بەڵام بەسووتاندنی کارگەکەیان وەڵامیاندانەوە لەجیاتی داخوازیەکانیش جەستەیان بوو بەخەڵوز... ئێستاش دوای چەندین ساڵ داخوازیەکانی ژنان بەخەڵوزی دەمێنێتەوە، (8)ی مارت ڕۆژی جیهانی ژنان... ڕۆژی ناڕەزایی بەرامبەر بەبێ مافییەکان‌و یادگاری ڕۆژگارێکە کەڕاپەڕیوون لەدژی زوڵم‌و ستەم‌و بێ مافییەکان، ڕۆژی ڕێزگرتن لەخەبات‌و قوربانیەکانی ئەو

[1] کەژاڵ ئەحمەد، دیوانی کەژاڵ ئەحمەد، ل 259 .





مرۆڤانەیە کەبۆ دنیایەکی بێ چەوسانەوەو یەکسانی هەوڵیان داوە، ئەو ڕۆژە وەك ڕۆژێکی گرنگ لەمێژووی بزوتنەوەی ژنان لەهەموو جیهاندا چاوی لێدەکرێ لەم ڕۆژەدا مرۆڤ پەیمانی خۆی نوێ دەکاتەوە، کۆمەڵگەی جیهانی ئەو سەدەیەی ڕابردوو پێشکەوتنی گەورەی بەسەردا هاتووە چەندین یاسا لەبەرژەوەندی ژندا هاتۆتە ئاراوەو دۆزی ژن گۆڕانکاری زۆری بەسەردا هاتووەو لەزۆربەی وڵاتاندا وەکو پلەدوو سەیر ناکرێ‌و هەمان مامەڵەی پیاوی لەگەڵدا دەکرێت، لەکۆمەڵگەی کوردستاندا ڕاستە بەهۆی ئەوەی ستەمە نەتەوەییەکەی بەسەردا زاڵ بووەو وڵاتێکی داگیرکراو بووە نەتەوەکەمان وەك نەتەوەیەکی بێ بەش‌و زوڵم لێکراو بووەو تەواوی ئەو نەهامەتی‌و نایەکسانیەی کەڕووبەڕووی بۆتەوە ئێمەی بەسەدان ساڵ دواخستووەو بەشی زۆریش ئەو نەهامەتی‌و بێبەشیانەش ڕووبەڕووی ژنانی کورد بۆتەوە.

سەربازە ئیفلیجەکانی
سوپای بێ شوماری مێژوو
سەربازە خەواڵوەکانی
بۆنەو یادو جەژنەکان
بەنێو کونی دەرزی ژەنگرتووی ژیاندا
تێپەڕین
بەمارشی عەسکەری

بەدەنگێ بەڕەنگێ بەبۆنێ
دوور تەواو دوور لەخەسڵەتی ژنایەتی
نزيك نزيك لەماڵی جەنگ
لەبەر هەيوانی جەهالەت
لەسەكۆ ڕووخاوەكانی بەر قاپی فەنا بوون
سەربازی سووتاوی هەشتی مارت دەريايە

لەڕۆژێكدا كەفيمينستەكانی جيهان پەيمانی تێدا نوێ دەكەنە دژی دەستەڵاتە چەوسێنەرەكان، بەلای شاعيرەوە ئەم ڕۆژە هيچ بەهايەكی بۆ ژنی كورد نەهێشتۆتەوە، هەوڵی شاعير بۆ دەستەبەر كردنی مافەكانی ژنانە لەو ڕۆژەدا وەكو دەنگی ژنێك دەچێتە پاڵ ئەو دەنگانەی داوای مافە پێشێل كراوەكانی ژنان دەكەن.

تێڕوانينی كەژاڵ بۆ ڕەگەزی نێر لەدوو لاوە سەرچاوە دەگرێت لايەكيان وەكو ئەوەی سۆزو پێداويستی كۆيان بكاتەوە لايەكەی تريان وەكو ئەوەی ڕەگەزێكی چەوسێنەر كەدەستەڵاتی پياوسالاری لــێ كەوتۆتەوە... تێڕوانينی كەژاڵ لەم دۆخەدا لەسيستەمی پياوسالاريە بەڵكو لەخودی پياو خۆی نييە بەڵام ئەم وەكو دەنگێكو ژنە شاعيرێك بەرگری لەخودی ژن دەكات، دەنا كەژاڵ ئەوە زۆرباش دەزانێت كەدوو ڕەگەز بەبێ يەكتری ناژين، ئەمە جگە لەوەی لەكارە شيعريەكانيدا نوقمە لەئەشقو ئەوين ئەو ئەشقو ئەوينەی كەبەر لەكەژاڵ ژنی كورد بەتێڕامانەوە لێی





ڕوانيوە، سيمای شيعری ئەم دەنگە نوێيانەی دنيای شيعری كوردی ڕزگاركردنی پەيڤە لەقەفەزی دیلێتی... سيمای دەنگی ژنە.

چەند عاشقم
هەر ئەڵێی پرچی كچێكم
كەتەڕو بڕ هەميشە ئاوی لــێ بتكێ
هەرگيز وشك نەبێتەوە
چەند عاشقتم
عەيامێكە شەوان لەرزو تا ئەمگرێو
ڕۆژانيش ورێنە ئەكەم
وەكو بەرسيلەعاشقتم
كاتێ دەمت پڕ ئەكات لەئاو
ئەشك بەبرژانگەكانتا هەڵئەخات
عاشقتم وەكو عەشق خۆی
كەئاگرێ لەناو ڕۆحدا ئەكاتەوەو
بەپوشو پەلاشی ئازار
بەردەوامیی پێئەدات [1]

[1] كەژاڵ ئەحمەد، ديوانی كەژاڵ ئەحمەد، ل 288.

شیعر ئەو هەستو سۆزەیە کە لەهەڵچونەکانی شاعیرەوە سەرچاوە دەگرێت، شیعر ئەو پەیڤەیە کەحەقیقەتی شاعیر دەردەخاتو کەسێتیو تایبەتمەندیەکانی دیاری دەکات، ئەگەرچی نووسین کارێکی تاکەکەسییە بەڵام نووسەر بۆ خۆی نانوسێ بەڵکو بۆ دەوروبەرەکەی واتە جەماوەر دەنوسێ چونکە خوێنەر پرسیاری لا درووست دەبێتو داوای پەیامێك لەشیعر دەکات، ئەو دەیەوێ شیعر شتێکی پێ بڵێ نهێنیەکی بۆ ئاشکرا بکاتو ئەو شتەی نەوتراوە شیعر بیورژێنێو ئەو گرێ ئاڵۆسکاوە بکاتەوە کەخوێنەر چاوەڕوانێتی چونکە((هەموو شێوازو رووخسارێك دەلالەتێکی کۆمەڵایەتی هەیەو هەموو ناوەڕۆکی کاری ئەدەبی پەرچەکرداری نووسەرو ژیانی ئاسایی‌و دیاردە کۆمەڵایەتیەکانە))[1].

شیعریی ژنانی کورد دەنگدانەوەی ژیانی ئێستاو داهاتوویانە بەو مانایەی نەفرەت لەڕابردوو دەکاتو نایەوێ کارەساتەکان دووبارە ببنەوە بۆیە دەبێت شۆڕشێك لەناخی خۆیدا بکات ئەوجا دەگاتە حەقیقەتی شتە نادیارەکانی ژیان، شاعیرانی هەشتاکانو بەتایبەتی دوای نەوەدەکانی سەدەی ڕابردوو ئەو دەنگە فیمینستیانەن کەبەدوای چارەسەری ڕاستیدا دەگەڕێن.

کەژاڵ لەتێکستی (جادەم لەپیاو خۆشتر دەوێ)، بەراوردێك دەکات لەنێوانی جادەو تیرۆردا جادە شوێنی جێ ژوانگەو پیا گوزەرکردنە، ئاماژەیە بۆ

(1) د. شکری عزیز الماظی، فی نظریه الأدب، ص 91 .





ژیانو بەردەوام بوون، جۆرج ساند دەڵێ ((چی جوانترە لەڕێگا، ڕێگا وێنەو ئاماژەیە بۆ ژیانێکی پڕ جموجۆڵ))[2].

بەڵام مرۆڤ دێتو دەیشێوێنێ بەوەی خوێنی مرۆڤی لەسەر دەڕێژێ لەبری پیرۆزی ئەو شوێنە جوانەی سروشت لەکەدار دەکات بەوەی نیازی کۆنەپەرستانەی مرۆڤ دەچێتە خوێنی مرۆڤەکانی ترو پیلانە ترسناکەکەی جێبەجێ دەکات.

(وردزورپ) دەڵێ ((ئەو بابەتەی شاعیر هەڵیدەبژێرێت دەبێ لەناو جەرگەی ژیانی کۆمەڵگەوە سەرچاوەی گرتبێت))[3]، کەژاڵیش لەناو جەرگەی ژیانی کۆمەڵگەکەی لەو ستەمە دێتە دەنگ کەدژ بەمرۆڤ ئەنجام ئەدرێت، کەژاڵ بەو پەیڤە جوانە مامەڵەیەکی ئاشقانە لەگەڵ جادە دەکات، بەڵام دەستە شوومەکان ناهێڵن ئەو جوانییە بەردەوام بێت.

جادە پێم نالێ لەکوێوە بۆ کوێ
کچی شێت
جادە زوڵمو زۆر ناکاتو
تیرۆریش نازانێ
جادە هیچی لەپیاو ناچێ
ئەو پێی وتم : برۆ بەسەرما تێپەڕە

(2) جۆرج ساند، جماليات المكان، ص 49 .
(3) د. شکری عزیز الماظی، فی نظریه الأدب، ص 49 .

دەستت والآ بێ بەرامبەر گەورەبوون
چونکەعەشق بچوکترین بار هەڵناگرێ
هەڵوەرینی باڵەکانی فڕینی ژن ئەو کاتەیە
کەبەکۆڵانی ئەوینی پیاوێکی تاریکی نەرجسیی
کوڕی جەهلدا ڕەتئە بێ [1]

کەژاڵ خواستی خۆی‌و کچانی کۆمەڵگەکەی دەخاتە ڕوو، جادەیەکی دەوێ تیرۆری تیا نەکرێت وڵاتێکی دەوێ لەچاوی ئاشقەکان‌و دڵخوازەکانەوە لانکەی خۆشەوستی بێت نەك تیرۆر.

من جادەیەکم پێویستە
خالیی بێ لەپەڵەی خوێن
جادەیەك کەهەرگیز تیرۆری نەدیبێ
بێگەرد بێ... بێگەرد بێ... بێگەرد
وەك داوێنی ئەو کچانەی بەناهەق ئەکوژرێن
درێژ... درێژ بێ... درێژ [1]

---

[1] کەژاڵ ئەحمەد، دیوانی کەژاڵ ئەحمەد، ل 278.
[1] کەژاڵ ئەحمەد، دیوانی کەژاڵ ئەحمەد، ل 279 .





دەقی (جادەم لەپیاو خۆشتر دەوێ)، دەبێ بەدیدێکی فیمینستیانەوە لێیبڕوانین، چونکە مێگەرییەکی تەواو لەنێوانی پەیڤەکانیدا هەیە، دژی ستەمی دەستەڵاتو پیاوسالاری کەهەتا ئێستاش لەکۆمەڵگەکەماندا بەزەقی بوونی هەیە کەدیارە دیاردەیەکە بەڕاستی ژیانی ژنانی خستۆتە مەترسیەوەو کەم نیین ئەو قوربانییانەی کەڕۆژانە ڕوو ئەدەن.

یەکێکی تر لەو ژنە شاعیرانە (ئاوێزان نوری) [2]یە دەنگی ژنێکی ترە کەبەدوای شوناسی خۆیدا دەگەڕێت، چونکە ئەو شوناسە لەڕابردوودا بوونی نەبوو... ئەو مێینەیەکی بێ شوناس بوو خاوەنی دەنگی خۆی نەبوو هەمیشە لەگومان‌و دڵەڕاوکێ‌و کەسانی خێزانەکەی‌و دەوروبەرەکەی ئەو شوناسەیان لـێ سەندۆتەوە دیارە شاعیر کەباسی خۆی دەکات ئەوە باسی سەرجەم تاکەکانی کۆمەڵگەکەی دەکات... شاعیر دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی منداڵی‌و بۆ ئەو شوێنەی کەتیایدا ژیاوە، باشلار دەڵێ ((کاتێ دوای چەندین ماڵ دەگەڕێتەوە بۆ ماڵە کۆنەکەی‌و تووشی سەرسووڕمان دەبێت)) [1]، سەرسووڕمانی شاعیر لەو سنورانە کە لەمنداڵیەوە بۆی کێشراوە..

---

[2] ئاوێزان نوری : لە ساڵی 1981ز لە شاری کەرکوك لەدایکبووە دوو کۆمەڵە شیعری بەچاپگەیاندووە کەبریتین لە(بەرسیلەی عەشقی بۆ خودا، بەکوچەکانی قەدەردا) لە هەندێ لە گۆڤار و ڕۆژنامە کوردیەکاندا شیعری بڵاوکردۆتەوە ئێستاش دانیشتوی شاری کەرکوکە.

[1] جاستۆن باشلار، جماليات المكان، ص 52 .

قەدەر بوو فێری کردم

بترسمو بترسم... بترسم

لەگەمە کردن بەخۆڵو

غاردان لەنێو کۆڵانە چۆلەکانی

نەبا دایکم لێمبداو جلەکانم بۆ نەشوا

بترسم قسەکردن لەپۆلو

خەتخەتێن لەگەڵ نیشتمانەکەم

نەبادا وانەی جوگرافیام پێ نەڵێنەوە

بترسم لەگوێگرتن لەدەنگی خۆمو

گۆرانی وتن لەژوورەکەمدا

نەبادا مێژوو چاوی لێم زیت بکاتەوە

پێم بڵێ بێ دەنگ بە

بێ دەنگ بە[1]

لەبەر ئەوە لەڕابردوودا ئەوە شوناسی بووە ئێستاش لەهەر هەڵوێستەیەکدا بێ دەنگ دەکرێت لەئاسایی ترین مافیدا.

چونکەمەرگ

هەموو ساتێ لەیادی ڕۆژی لەدایك بونمدا

بەر لەمن فو لەمۆمی تەمەنم دەکاو

[1] ئاوێزان نوری، بەرسیلە عیشقی بۆ خودا، ل 144، 145 .





گەمەی ئانە پانە

لەگەڵ خۆمو خۆم دەکا

ئیدی ترس ئەو نەیارەیە

بەر لەمن خەڵق بووەو

هەر لەو ڕۆژەی بەڕووتی لەدایك بووم

مەلۆتکەیەکی سپیان تێ ئاڵاندم

تا ئەو ڕۆژەی بەڕووتی دەمرمو

کفنێکی سپیم لـێ دەئاڵێنن

بەدوامدا دێت

من دەکوژێتو... خۆی دەمێنێت...[2]

مردن ئەو ڕووداوەیە کەکۆتایی بەهەموو پەیوەندیەکی مرۆڤ بەبوونەوە دەهێنێت مەرگ پانتاییەکی زۆری لەشیعری ژناندا داگیرکردووە، لەبەر ئەوەی دیاردەیەکە کەهەیە هەڵبژاردنی مەرگ لەژێرکاریگەریەکی دەروونی زۆر نەبێت ڕوونادات دیارە هەڵبژاردنی ئەو بارە نالەبارە کۆمەڵگەیە بەسەر کەسەکانیدا دەیسەپێنێ کاتێ مردن بوونی دەبێ ئیتر هەموو خواستەکان لەکار دەکەون ئەو زمانەی کەدەیەوێت ڕاڤەی داخوازیەکانی بکات لەگۆ دەکەوێت ئیدی هیچ شتێك نامێنێت بۆ داواکردن. مەریوان وریا قانع دەڵێ ((مەرگ تاقە ڕوبەرێکە کەزمان تێیدا کوژاوەیە، زمان تێیدا بەتاڵکراوەیە لەهەر توانایەکی ئیش کردن، هەر ئەمەشە وا

[2] سەرچاوەی پێشوو، ل 154 .

دەكات مەرگ تاقە شوێنێك بێت كەچیرۆكی تێدا نەبێت یان پڕ چیرۆك بێت بەڵام لەبەر نەبوونی زمان هیچ توانایەكی گێڕانەوەی نەبێت)) [1]، بەو مانایەی مردن كۆتایی بەداخوازیەكانی مرۆڤ دەهێنێ‌و فویەكی لەپڕە ژیان دەكوژێنێتەوە... ژنی كورد زۆرترین بەشی بەردەكەوێ لەمردن كەجاری وا هەیە خۆی هەڵیدەبژێرێ، ئەویش دیارە هۆكەی هەركۆمەڵگەیە دیارە لەزۆربەی حاڵەتەكانی تردا كۆمەڵگەو نەریتی كۆمەڵایەتیە بڕیاری كوشتن دەردەكەن كەقوربانیەكەی ژنی كوردە... شاعیریش وەكو گوتاری شیعر مردن ڕاڤە دەكات‌و لەلای زۆربەی شیعری ژنان مردن ئامادەیی هەیە.

كۆمەڵگەی كوردی یەكێكە لەو كۆمەڵگانەی كەجیاوازی لەنێوانی ڕەگەزی نێرو مێدا داناوە، بوونی كچی بەنەنگی زانیوە، كاتێك ژنان سەرباری هەموو ئازارێكی جەستەیی‌و دەروونی منداڵی كچیان دەبێت پەستی‌و ماتەمینی‌و بێزاری كەسانی خێزان دەگرێتەوەو كەگەورەش دەبێت بەوشەی (عەیبە...و مەكە) سنووردار دەكرێت‌و تەنانەت جۆری یاریكردنی منداڵان جیا دەكرێتەوە. (ڕۆژ هەڵەبجەیی) [1] شاعیرێكی تری ژنە دەنگی ناڕەزایی خۆی دەردەبڕێت‌و باس لەبونێك دەكات لەسەرەتاوە پەراوێز

---

[1] مەریوان وریا قانع، شیعر و مەرگ، گۆڤاری سەردەمی ڕەخنە، ژمارە ( 4)ی ساڵی 2006، ل 12.

[1] ڕۆژ هەڵەبجەیی: لە ساڵی 1967 لەشاری هەڵەبجە لەدایكبووە لە ناوەندی هەشتاكانی سەدەی بیستەمەوە شیعر دەنووسێ و لەگۆڤار و ڕۆژنامەكاندا بڵاوی كردۆتەوە، سێ كۆمەڵە شیعری چاپكردووە، ئێستا مامۆستایە لەقوتابخانەی هەژاری موركریانی لەسلێمانی .





خراوە. بۆیە ئەم مێژووی بوونی خۆی باس دەكات‌و گللەیی لەكۆمەڵگەو ئەو داب‌و نەریتە دەكات كەئەمی پەروەردە كردووە، دەنگی (مێ – ژن) لەشیعری (ڕۆژ)دا بەئاشكرا ناڕەزایی دەربڕینە لەدەستەڵات‌و كۆمەڵگەو سیاسەت‌و ئەو هۆكارانەی ئازادی ژنیان پێشێل كردووە.

وچانێكم بەنێ ئەی هەورەكانی باران...وچانێك
هەتا لەهەڵوەرینی گریانی ئێوەی بارانەوە
هەموو یادە وەریوەكانم بشۆمەوە... كەشوورەین
بەندە بەئەحكامی شوورەیی
كە لەدایك بووم یەكەم قەترە گریان
پێش ئەوەی ماچی بكات
خاكی كوڵم پێچرام بەپەردەیەكی شینی شوورەیی
كەمناڵ بووم گڕوگاڵم لەخۆم تەكاند
ماڵەباجێنەیان حەرام كرد
لەبووكە شوشەی شوورەیی
كەگەورە بووم بەناوی نمرەی ڕەوشتەوە
هەرچی هەڵماقوی هاروهاج هەبوو
خەفەم كرد
شوورەیی بەهەموو تەمەنمەوە پێچرایەوە [1]

---

[1] ڕۆژ هەڵەبجەیی، دەستنوس .

شاعیر زاڵێتی دەسته‌ڵاتی ڕەگەزی پیاو بەسەر ژندا وێنا دەکاتو هەر ئەم ستەمەشە کەزەبروزەنگو توندوتیژی لێ دەکەوێتەوە کەبەزیانی ژن دەگەڕێتەوە ((دیارە لەکۆمەڵگەکاندا بەهۆی ململانێو نایەکسانیو نابەرابەریو ئەوجیاکارییانەی ڕووبەڕووی ژنان دەبێتەوە لەهەموو بوارەکانی سیاسیو ئابوریو کۆمەڵایەتیو فەرهەنگیو مێژوویی... جۆرێك لاسەنگی درووست کردووە کەبەهۆیەوە دەسته‌ڵاتی هێزی لا بەلا بەسەر ئەوی تردا دەسەپێتو چەوساوەو چەوسێنەر یاخود دەسته‌ڵاتدارو بێ دەسته‌ڵات دێنە ئاراوە))[2]. هەر ئەم جیاوازیانەیە لەکۆمەڵگەدا کەدیاردەی توندوتیژی بەزەقی دیارە ئەمەش بەهۆی ئەنجامی ئەو جیاوازیو جیاکارییانەوەیە لەعەقلیەتی پیاوسالاریو کۆمەڵگەو دابو نەریتە سەپێنراوو تەقلیدیەکانەوە دراوە بەسەر تاکەکانداو بەپێی ڕەنگدانەوەی ئەو پەروەردە جیاکاریو هەڵەیەی بەسەر هەردوو ڕەگەزدا دەردەکەوێت بەشێوەیەکی وا پیادەکردنی توندوتیژی لەلایەن ڕەگەزی پیاوانەوە بۆ ژنان لەچوارچێوەی خێزانو کۆمەڵدا بۆتە شتێکی سروشتی، پێشێل کردنی جەستەو گیانی مرۆڤ لەشیعری شاعیرانی ژنی ئەم نەوەیەدا بەئاشکرا دیارە دوای ئەوەی چەندین قوربانی لەپێناوی شەڕەفدا دەبنە خۆراکی دەستی ڕۆژگارێك کەیاساش تیایدا پێشێل کراوە.

[2] کنێر عەبدوڵلا، ژن لە بازنەیەکی داخراودا، ل 117 .





هەر ئێوارەیەك لەبەرۆکیا
چەقۆی ناشت
تریفەکانی مانگی لـێ کەنەوە
شورەییە بەکەنارییەکی دەنگ
نووساو بلێم
وس بە وس
لەماڵەکانی تەمەندا
تەنهاییم چووە وەجاخەکانی کوێر بوون
ئەی باران بمشۆرەوە هەموو ئەو یاداشتانە
لەباخەڵی چەترێکا ئەشارمەوە
کەبۆ منی ژن شوورەیین [1]

بەلای ڕۆژ هەڵەبجەیی زۆر لەداخوازیەکانی ژیان قەدەغەیە، ژیان پەرژین کراوە بەو ئامرازانەی مرۆڤ بەرەودواوە دەگەڕێننەوە... دیارە دەسته‌ڵاتەکانی خێڵو خێڵایەتی هەتا ئێستاش کاری خۆی دەکاتو نایەڵێ ژن بەئاسودەیی بژی بۆیە هەموو ژیانی لـێ کردۆتە بەربەستو نایەڵێ بەسەرییدا بپەڕێتەوە.

لەم نیشتمانی خێڵو برینەدا

[1] ڕۆژ هەڵەبجەیی، دەستنوس.

هەموو یادەوەرییەکان شوورەیین
شوورەیین وێنەیەکی فۆتۆگرافی منی ژن
بەپێکەنینێکی ڕۆمانسیەوە
غوربەتی دیوارێك داگیرسێنێ (1)

(ڕۆژ) توانیویەتی بەدەقە شیعریەکانی زامەکانی ژنان ئاشکرا بکات شیعر وەکو چەکێکی کاریگەر بەکار بهێنێ بۆ گوزارشت کردن لەواقیع.

ئاواتم بوو
تۆ ژن بوویتایەو منیش پیاو
بەڵام جیاوازیەك نەبوو
ئەوکاتە من تۆم دەچەوساندەوە (2)

شاعیر چەوساندنەوەی ژنان دەباتەوە سەردۆخە کۆنەکەی خۆی... کەباوکسالاریە، واتە لەوکاتەوەی دەستەڵات بەدەست پیاوەوەیە ژن دەچەوسێتەوەواتە جیاوازیەکە لەنێوان ڕەگەزدا نییە بەڵکو لەدەستەڵاتدایە کە لەدەستی پیاودایە لەو ڕووەوە رامان سلدن دەڵێ: ((باوکسالاری ژن

(1) سەرچاوەی پێشوو .
(2) کەژاڵ ئیبراهیم خدر، گریانی وشەکان، ل 12 .





بەپلەیەك نزمتر لەپیاو دادەنێ‌و وەکو پیاوێکی ناتەواو هەڵس‌و کەوت لەگەڵ ژندا دەکات))(1).

شاعیر کەژاڵ ئیبراهیم خدر (2) لەدەقە شیعریەکانیدا ئەوە دەسەلمێنێ کەهەر ئاژاوەو شەڕوشۆڕێك ڕووی دابێت دوور بووە لەوەی کەژن نەخشەی بۆ کێشابێت بەڵکو ئەوە پیاوە کەنوێنەری دەستەڵاتە بڕیار دەری شەڕو ئاشتییە پەیڤی ئەو شاعیرە بۆ گەیاندنی دەنگی ئاشتی کەبەبوونی کێشەکانی ئەم دێنە سەر بڵنگۆی باسکردن‌و چارەسەرکردن.

لەباخچەکانی عەشقا
سێ گوڵت پێشکەش دەکەم
یەکەمیان بۆ دەستت سەمای پێ بکەی
دووهەمیان بۆ لێوت گۆرانی پێ بڵێی
سێهەمیان بۆ چاوت فرمیسکەکانی پێ بسڕی
تا بزانی باخەکەی من
دەستێکی تیا نییە بۆ خوێن ڕشتن
لێوێکی تیا نییە بۆ تووڕە بوون

(1) رامان سلدن، النظريه الأدبيه المعاصيره، ص 192 .
(2) کەژاڵ ئیبراهیم خدر : لە ساڵی 1968ز دا لە شاری قەڵادزێ لەدایکبووە، ژیانی هاوسەرێتی پێکهێناوە و دوو کچی هەیە، لە ساڵی (1988ز)ەوە دەنووسێت و زۆربەی نووسینەکانی لە گۆڤار و ڕۆژنامەکاندا بڵاوکردۆتەوە، (گریانی وشەکانی شیعر، 2002)، دوو نامیلکە بەناوی لە حزوری زیکری ئەمشەو شەو ئاشتی پەنجەکان.

چاوێکی تیا نییە بۆ گریان [1]

شاعیر کەسێکی دانەبڕاوی ناو کۆمەڵەو تەوەری گەیاندنی ڕووداوەکانە لەگەڵ جەماوەرداو دەبێت بەرهەمە ئەدەبیەکەی بەشداریەکی جەوهەری هەبێت بەهەستو بیرو مەسەلە گەورەکانی نەتەوەو وڵاتو مرۆڤایەتی بەگشتی دەبێت ئەدەبەکەی ڕەنگدانەوەی ئەو واقیعە بێتو لێیان جیانەبێتەوەو لەدنیای واقیعەکەدا بژیو دەربڕی ئازارو مەینەتیو خواستەکانیان بێتو کەسانی چەوسانەوەو بەشخوراو خۆیانی تێدا بدۆزنەوە، ئەدەب چ دادێك ئەدات کەنەتوانێت ئاوێنەیەك بێت بۆ دەردەکانی کۆمەڵو کێشە دیارەکانی.

دەستت مەهێنە بەقژما
جێگەی دەستت نابێتەوە
پڕ پڕیەتی لەچەپۆکەکانی دایکمو
گۆچانەکەی دەستی باوکم [2]

پاشماوەی ئەو زەبرو زەنگەی کۆمەڵگە خاوەنیەتی بەجەستەی ژنەوە دیارە هەرجەستەی ژن بوو لەژێر هێرشی توندوتیژدا لەکار خراوە... بۆیە

(1) کەژاڵ ئیبراهیم خدر، گریانی وشەکان، ل 12 .
(2) سەرچاوەی پێشوو، ل 56 .





جەستەی ئەم شوێنێکی تێدانییە بۆ حەسانەوە، ئەم لەکاتێکدا لەدۆخێکی ئارامو ئاسودەشدا بێت، یادی ئەو ڕۆژانەی بیر ناچێتەوە کە لەژێر زەبرو زەنگدا چی بەسەرهاتووە لەکاتی ئاسوودەیشدا ئەم لەرووە دەروونیەکەوە کەسێکی ڕووخاوو زامدارە، لەبەر ئەوە شوێنێك نییە بۆ خۆشەویستی لەجەستەی ئەمدا هەتا لەڕووی نازەوە لەگەڵ خۆشەویستەکەیدا ژیان بگوزەرێنێ.

لای سارای فەقێ خدر ژن دەکەوێتە بەر پەلامارو شەپۆلی تیرۆرو لەناوبردن بەڵام بەلای ئەمەوە ئەو ترسە دەڕەوێتەوە بەوەی خەباتی ژنان نوچ بەو پەلامارو هێرش کردنە دەهێنێ، شاعیر ژنو بزوتنەوەی ژنان دەچوێنێ بەدەریاو دەڵێ ((ڕاوەستان دژی دەستەڵاتی پیاوسالاری ئالۆوگۆڕی بنەڕەتی لەدۆزی ژناندا دەهێنێتە ئاراوە)).

لەم جەژنە کپو خامۆشەدا
تەنها شتێك خرۆشاوە
تەنها شتێك ناخی سڕ بووم دەهەژێنێ
تەنها یەك شت
تارمایی ئەو شێرە ژنانەی
لەشەوێکی ساردو سڕا
لەسەر چنگ بەهەورازێکی سەختا هەڵدەزنن

ئەو ژنانەی خەو چاوی جێهێشتوون‌و
مایەی ساختە قاقای پیاوانن
سەدان تۆمەت
لادان لەپیرۆزییەکان
بەرەڵڵایی، بێ ئاوەزی، بێ ئابڕوویی
بێ، بێ، بێ هەموو شتێك
جەژنەو لەم خۆرهەڵاتە خۆرئاوا بووە دا
پیاوی خاوەن ژن‌و وڵات‌و جەنگ
دەکوژێ‌و دەکوژێ
میراتی مەینەتیەکان
بۆ ژنی خاوەن هیچ جێدەهێڵێ [1]

شاعیر لەگەڵ دەستەڵاتدا دەچێتە جەنگەوەو فیمینستانە دەچێتەوە بەگژیداو بوونی خۆی لەکۆمەڵدا دیاری دەکات، بەو ئەندازەیەی کەبزوتنەوەی فیمینیستی لەبنەمادا داوای مافە کۆمەڵایەتی‌و مرۆییەکانی ژن دەکات، دەنگی ئەم ژنە شاعیرەو هاوڕێکانی دەنگی فیمینیستییە لەشیعری کوردیدا... شاعیر لەڕۆژی ( 8)ی مارسدا داوای هەڵوێستێکی یەك دەنگی لەکۆمەڵگەو دەستەڵات دەکا، مەسەلەی ژنان کەمەسەلەیەکی گرنگی سیاسی، ئابوری، کۆمەڵایەتیە پێویستی بەو ژنانەیە کە لەناوخۆیاندا

(1) سارا فەقێ خدر، سێبەری شاتووەکان، ل 62 .





بانگیان بۆ مردنی نەریت دابێت‌و بانگەشەی ئازادی‌و یەکسانی دەکەن. ژنە نووسەری کورد شەهلای دەباغی لەبارەی شیعری ژنانەوە دەڵێ ((شاعیرانی ژن وەك تاکی ڕۆشنبیر ڕۆڵی کاریگەریان هەیە بۆ ئاڵوگۆڕ، نووسین بۆ ئەوان وەك کارێکی پڕمانایە کەدواتر بەبڵاو بوونەوە لەناو خەڵکدا باس‌و خواسی لەسەر دەکرێت،واتە نووسینی ژنان دەبێتە کارێکی ڕۆشنبیریی کەئورتودوکسی دوگمەکان‌و هەژمونی پیا دێنێتە ژێر پرسیار))[1].

سارا لەشیعری (بەردو جنێو) دا دەڵێ :–

بەسە چیتر
بەردی (نوقسان)م تێمەگرە
جنێوی (زەعیفە)م پێمەدە
لەوە زیاتر بەرگە ناگرم
منیش بەرد هەیە بیهاوێم
بەڵام خۆ ئێمە دوژمن نین
بەیەکەوەی شەتەك داوین [2]

سارای فەقێ خدر [1] دەنگێکی ژنانەی هێمنە لەسەرخۆو بەئاگاییەوە دەڕوانێتە ژیان‌و ڕەخنە لەکۆمەڵگەکەی دەگرێت کەئەم وەکو کەسی پلەدوو

(1) شەهلای دەباغی، گۆڤاری تێکست، ل 16 .
(2) سارای فەقێ خدر، سێبەری شاتووەکان، ل 54.

سەیر دەکات، گوتاری ئەم ژنە گوتاری سەرجەم ژنی کوردە لەو ڕوانگەیەوە کەئەم لاوازەو لەڕووی بایۆلۆجیەوە جیاوازی زۆر لەنێوان ڕەگەزی نێرو مێدا هەیە، ئەو ئیدیومەی کەدەڵێ ((ژن زەعیفەیە یان ژن نوقسانە)) لەفەرهەنگی کلتوری کوردی دەردەهێنێ‌و فرێی دەداتە دەرەوەی کلتورەکەی.

دەنگێکی تر کەدەنگی (سۆزان مامە)[2] یە لەقاڵبی ئاسایی یان سنوور بۆ کێشراو دەچێتە دەرێ‌و بەزمانێکی جیاواز دەدوێ، بەبەراورد لەگەڵ شاعیرانی ژنی سەردەمەکەیدا زمانێکی جوداو بوێرانەیە، کەتەواو سەربەستی دەربڕین بەدەقەکانیەوە دیارە کەبۆن‌وبەرامێکی تایبەتی هەیە کەتایبەتە بەخودی شاعیر خۆیەوە، چونکەئەوەی ئەو دەریبڕیوە لەناخی هەموو مرۆڤەکاندا هەیە بەڵام دربڕینەکەی بۆ ئەوی شاعیر دەگەڕێتەوە

(1) سارا فەقێ خدر : لە ساڵی 1960ز دا لە قەڵادزێ لە دایکبووە لە ساڵی 1982ز دا کۆلێجی زانیاری بەشی فیزیای لە زانکۆی صەلاحەددین تەواوکردووە، شیعر و بابەتی تایبەت بەژنانی لە زۆربەی گۆڤار و ڕۆژنامەکان بڵاوکردۆتەوە، خاوەنی کچێکە بەناوی سروود.

(2) سۆزان مامە: لە شاری سلێمانی لەدایکبووە، دەرچووی بەشی کوردی – کۆلێژی پەروەردەی زانکۆی (صەلاحەددین)ە، لە ساڵی 2001 بۆ 2002، ماستەرنامەی لە زانکۆی سلێمانی بەدەستهێناوە بەناونیشانی (کەسێتی ژن لە ڕۆمانی کوردیدا)، ئێستاش مامۆستایە لە کۆلێژی بنەڕەتی سەر بەزانکۆی سلێمانی، لە زۆربەی گۆڤار و ڕۆژنامەکاندا شیعر و بەرهەمی بڵاوکردۆتەوە.





کەبێ سڵەمینەوە گەیاندویەتی. د. زاهیر لەتیف کەریم لەبارەی دەقی سەرکەوتووەوە دەڵێ ((سیفەتی هەرە دیار لەشیعردا بریتیە لەگەیاندن‌و پەیوەندی کارتێکردن لەنێو یەکەکانی دەرەوەو ناوەوەی دەقدا...واتە هیچ دەقێك بەسانایی لەدایك نابێت ئەگەر پەیڕەوی ئەم جۆرە ڕژێمە نەکات، لەکاتی لەدایك بوونیشدا ئەو دەقە خۆی جودا دەکاتەوە لەدەقەکانی تر یان لەشاعیرانی ترو خەسڵەتێکی تایبەت بەخۆی درووست دەکات))[1].

دەقی (ڤیاگا)ی سۆزان مامە لەو دەقە جیاوازانەیە کەدەنگێکە تایبەتە بەخۆی.

لەترۆپکی سەرابەکانی غرورەوە
گەڕایەوە نێو هێلانەی تەڕیم
هەنسەکە بەمین چێنراوەکانی
لەباخچەی ڕووتیمدا تەقینەوەو..
دڵۆپە زیوینیەکانی ئەمجارەش
لەئاو پرژێنی جەستەمدا بوونە ڕێکەوت..
بەگومانتر بوو لەوەرینی سەرما
بەسەر باڵای نێو دوو جەستە
پیش ڕووناکی بەیان
قۆپچەیەکی بەدەنوکی شیعرم ترازاندوو

(1) د. زاهیر لەتیف کەریم، پیاچوونەوەیەکی خێرا، گەلاوێژی نوێ، ژمارە (34)ی ساڵی 2004، ل 77.

ماچێکی لەو دیو حەساری جەستەدا جێهێشت[1]

لەڕاستیدا پیاو چۆن پارێزگاری لەخەسلەتو ئاکارەکانی خۆی دەکات کەدەبێت پیاوانە بێت، دەبێت ژنیش ژنانە بڕوانێتە ژیانو هەڵگری ئەو خەسلەتانە بێت کە لەژندا بوونی هەیە (سۆزان مامە) ژن بوونی خۆی لەم دەقەدا دەستنیشان کردووەو ئەوەی لەبیر نەکردووە کەهەڵگری پێناسەی مێبوونەو ئەو ڕاستیەش وای لەشاعیر نەکردووە کەخۆی بەبێ هێز بێتە بەر چاو، وشەکانی ئەم دەقە وشەی مێبوونە کەدژی ئەو دەقە باوانەیە تایبەتە بەڕەگەزی نێر.

پێش خوێندنەوەی سروودە ڕووتەکانی (قوباد)
پێش تام کردنی هێشووەکانی لەززەت
پێش یەکگرتنی تەزووەکانی شەهوەت
پێش هاتنی سپێدەکانی هەفتە
پێش قەیرە بوونی کچێنیم
پێش شکاندنی گالیسەکانی ئاشتی
تاوێ بتبەمەوە بۆ لای مەرکانەکانی
باڵق بوون
ئەو دەمەی

(1) سۆزان مامە، ڤیاگا، گەلاوێژی نوێ، ژمارە (17، 18)ی ساڵی 2000، ل 276 .





ئاوی بارانو
ئاوی مێوو
ئاوی برنجم
لەبێژەنگی (جەهالەت)دا
دەشوشتەوە [1]

یەکێکی تر لەو دەنگانەی لەکاتی ئێستادا ئامادەیی هەیە ژنە شاعیر (ئەرخەوان)ە [2]، بەدەنگێکی لەسەر خۆی مێیەتیو بەچەکێکی نوێوە داکۆکی لەمافو ڕەگەزی ژنان دەکات، ئازادانەو سەربەستانە بۆچوونەکانی دەردەبڕێت، (ئەرخەوان) لەتێکستی (ژن)دا دەربڕی ئازارەکانی ژنانەو دەچێتە ناو دنیا پڕ لەپرسیارەکانی ژنو وێنای ئەو ژیانە

(1) سۆزان مامە، فیاگا، گەلاوێژی نوێ، ژمارە (17، 18)ی ساڵی 2000، ل 276 .

(2) ئەرخەوان: لە گەڕەکی چوارباخی شاری سلێمانی لەدایکبووە، قۆناغی ئامادەیی پەیمانگای مامۆستایانی لەسلێمانی تەواو کردووە، چەندین ساڵ مامۆستاو بەڕێوەبەری قوتابخانەی سەرەتایی بووە، دواتر جێگری بەڕێوەبەری گشتی کتێبخانە گشتیەکانی لە وەزارەتی ڕۆشنبیریی پێسپێردراوە، سێ منداڵی هەیە دوو کچ و یەك کوڕ، یەکەم شیعری لەگۆڤاری ڕزگاری لەساڵی ( 1969)زدا بڵاوکردۆتەوە، لەساڵی ( 1972)ز دا یەکەم کۆمەڵە شیعری بەناونیشانی (خۆشەوست) بەچاپ گەیاندووە و لەساڵی 2004ز دا کۆمەڵە شیعری (چاوە تاوسییەکانی عەلی) چاپکردووە، لەبواری وەرگێڕاندا کاردەکات و چەندین بەرهەمی ئەدەبی وەرگێڕاوەتە زمانی کوردی. بڕوانە گۆڤاری تەوار، ژمارە (17)، ل 61 .

سەختە دەكات، كە بەبەردەوام ئەگەری مەرگ چاوەڕوانێتی، بەلای (ئەرخەوان)ەوە ژن خاوەنی هزری خۆی نییە جەستەیەكە بەبێ سەر...واتە هزرو هەرچی لەهۆشی ئەودا كۆبونەتەوە هەمووی داگیركراوە.

ژن هەمیشە جەستەیەك لەشەمامە
بەبێ سەر
ناكرێ سەرێ بم بێ جەستە ؟ !
چەند گوناهە چاوەڕوانیم
لەبەر پێی یەكەم هەنگاوتا
چەند سەختە قەیرەییم
لەبەر پەنجەرە داخراوەكانتا
چەند ناسكە كچێنیم
لەسەر بەرماڵی فەرزەكانتا
گەر لەپێكی شەرابی سوورا
چاوەكانت دەستگیرم كا
گەر بەسووتانی جگەرەیەك
لێوەكانم دووكەڵ بگرێ
ئەگەر ساتێ یاخی بوونم
سەر هەڵبڕێ ؟
گولەی چاوو





گولەی دەمو
گولەی تفەنگ
بەبەخشندەیی خواوەندێ
ژن
تاوانەكان ئەبەخشێ
بەچاوی مۆنی جەلادێ
هەڵەكانی بەتاوان ئەبینرێ [1]

لەكۆمەڵگەیەكدا ژن بەبێ سەرو سەر بەبێ جەستە بێت، دیارە سەرجەم مافەكانی زەوت كراوە، (ئەرخەوان) لەڕوانگەی چەوسانەوەی ژنەوە پەیڤەكانی دەردەبڕێتو گوتاری ئەم داخوازی ژنانە كە بەبەر چاوی یاساو مافی مرۆڤەوە لەژێر ناوی پیرۆزیو پاككردنەوەی ڕەوشتداو پاراستنی شەرەفی بنەماڵەو هۆزو قوربانیەكانی ژنان ڕۆژ بەڕۆژ ڕوو لەزیاد بووندایە، بەو شێوەیە ((چەمكی ڕەوشت بۆ خۆی وەك هەر چەمكێكی ترو دیاردەیەكی تری ناو كۆمەڵگە خۆی بێلایەنە، مرۆڤ لایەنێك، ڕێڕەوێكو یاسایەكی بۆ دادەڕێژێو لەبۆنەی ئەوانەدا لەناو پێناسەیەكی تایبەتدا بەندی دەكات))[2].

(1) ئەرخەوان، پەڕەمووچ، پاشكۆی ڕۆژنامەی هەواڵ، ژمارە (21)ی ساڵی 2005، ل 2.

(2) مەهاباد قەرەداخی، شەڕەفنامە، ل 29 .

چەمکی ڕەوشت لەناو هەموو چەمکە کۆمەڵایەتیەکانی تردا لەکۆمەڵگە نەریتیەکاندا هەستیارترین چەمکە لەناو تاقە پێناسەیەکی بەرتەنگدا بەندکراوەو قوفڵ کراوە، ئەو پێناسەیەش بەستراوە بەجەستەی ژنەوەو بەسێکس پەیوەندیەکانی ژنو پیاوی ئەو کۆمەڵگانەوە، ((لەزۆربەی کۆمەڵگەکانی دنیادا بەتایبەتی لەسەردەمی کۆندا ئایینەکانو پەیڕەوەکانیان ڕۆڵی سەرەکیان بینیوە لەدانانی ئەو پێوەرانەی کەڕەوشتیان پێواوە))[1]. لەتێڕوانینی کۆمەڵگەی نەریتیدا ئەوەی کەزیان بەڕەوشت دەگەیەنێ، ئەوەی مرۆ بێ ڕەوشت دەکات یان ڕەوشتی لەکەدار دەکات جەستەی ژنەو بەتایبەتی ئەندامی سێکسی ژن. لەبارەی ترس لەڕەوشت مەریوانیوریا قانع دەڵێ ((ئەم ترسە یەکێکەلەو ترسە گەورانەی پرۆژەی تازەبوونەوەی کۆمەڵایەتیو کلتوریو تاڕادەیەکی زۆریش سیاسی لەدنیای ئێمەدا لەناوەوەڕا ئیفلیجدەکاتو هەمیشە بەرەو سیستمێکی ئەخلاقی داخراومان دەبات کەلەسەر چەپاندنو سەرکوتکردنی غەریزەو سەرکوتکردنی ئیرادەکان))[2].

بەو شێوەیە لەتێکستی (ژن)دا ئەرخەوان لەو ترسە ئەدوێ کەپانتاییەکی زۆری ژیانی ژنی کوردی داگیرکردووە، ئەو ترسەی یەکلایەنە بۆ ژنەو لەئاکامیشدا هەر زیان بەئەو دەگەیەنێتو ئەو قوربانیەکەیەتیو

[1] سەرچاوەی پێشوو، ل 30.

[2] مەریوان وریا قانع، شیعر و مەرگ، گۆڤاری سەردەمی ڕەخنە، ژمارە ( 4)ی ساڵی 2004، ل 43 .





ڕەگەزی پیاویش کەبکەری پرۆسەی کوشتنە لێپێچینەوەیەکی ئەوتۆی لەگەڵدا ناکرێت کەببێتە ڕێگر بۆ ئەنجام نەدانی تاوانەکەی. لەکۆمەڵگەیەکدا کەڕەگەزی ژنو پیاو تەواکەری یەکترن بێ بوونی هەریەکێکیان ئەوی تریان بوونی نابێت بەڵام ئەوەی بێ دەنگی هەڵبژاردووە ڕەگەزی ژنە کەبەرگری لەخۆی پێناکرێت ((کۆمەڵگە بەپێی پێکهاتەی خۆی هاوکێشەکە لاسەنگ دەکاتو جۆرە ڕەوایەتییەك بەنێر دەبەخشێت لەم بارەدا پیاو (نێر) ئەو بیانووەی کۆمەڵی قۆستۆتەوەو لەبەرژەوەندی خۆیدا بەکاری هێناوە چونکە هەر زوو هەستی بەوە کردووە کەناهاوسەنگییەکە زادەو دەرهاویشتەی کۆمەڵ خۆیەتی، دەرهاویشتەکەش بەردەوام بووەتە دیاردەیەکی هەڕەشە ئامێز)) [1]. لەدەقی (ژن)دا (ئەرخەوان) بەڕاستگۆیی لەتەنیاییو چاوەڕوانیو قەیرەیی ژن ئەدوێ، ئەو قەیرەییەی کەخۆی هەڵینەبژاردووە لەچوار دیواریماڵدا دیلی گیانو جەستەیە، چاوەڕێی کردنەوەی گرێیەکە کەبەدەستی خۆی ناکرێتەوە.

چەند گوناهە تەنیاییم
لەپشت دیوارەکانەوە
چەند گوناهە چاوەڕوانیم
لەبەر پێی یەکەم هەنگاوتا
چەند گوناهە قەیرەییم
لەبەر پەنجەرە داخراوەکانتا
چەند زەلیلە

[1] جەلیل کاکەوەیس، بەرەو پیافرەت کردنی دەستەڵات، گۆڤاری ڕامان، ژمارە (55)، ل 42.

هەشتی مارسم

لەسەر شانۆی درۆکانتا [2]

ژنە شاعیرێکی تر (نەجیبە ئەحمەد)[1]ە لەسەرەتای هەشتاکانی سەدەی بیستەمەوە ئامادەیی لەبوارەکانی شیعرو چیرۆكو وەرگێڕاندا هەیە، ئەم ژنە لەهەوڵەکانیدا دەیەوێ پەیامێك بگەیەنێتە خوێنەری بەرهەمەکانیو لەڕێی کارە ئەدەبیەکانیەوە دەیەوێ بیروباوەڕی خۆی بگەیەنێتە ئەوانی تر، بەلای (سی – دی لویس)ەوە ((شیعر کردەوەیەکی تیۆری عەقڵی مرۆڤە))[2]. بۆیە بەلای ئەم ژنە شاعیرەوە تێرامان لەدیاردە دزێوەکان دەیگەێنێتە ئەوەی پرسیار لەبوونی خودی خۆی بکات... نەجیبە ئەحمەد لەتێکستی (مێژووی دار سێو)دا لەمێژوویەکی پڕ ستەم ورد دەبێتەوە کەکۆمەڵگە پاشکەوتوو نەریتیەکان پەیڕەوی دەکەن کە بەگومانەوە لەمێینە دەڕوانێتو وەك کەسێکی دژو ناتەبا سەیری دەکرێت.

---

(2) ئەرخەوان (ژن)، پەڕەمووچ، پاشکۆی ڕۆژنامەی هەواڵ، ژمارە ( 21)ی ساڵی 2005، ل 2.

(1) نەجیبەئەحمد : لەدایکبووی شاری سلێمانیە، لەسەرەتای هەشتاکانەوە دەنووسێ چەند بەرهەمێکی بەچاپ گەیاندووە لەوانە (خاکی دایك، ڕۆمان ساڵی 1981)، (ڕاسان، کورتە چیرۆك 1993)، (بەهارە گریان، کۆمەڵە شیعر)، ئەندامی دەستەی نووسەرانی کورد بووە لە شاخ و ئێستاش لەگەڵ هاوسەر و منداڵەکانیدا لە کوردستانی ئێران نیشتەجێیە .

(2) سی، دی لویس، الصورە الشعریە، ص 32 .





باوکم لاپەڕەیەکی حەپەساوی مێژووەو
لەسەر سەکۆی وەنەوشەیی هیواکانیا
پیاسە دەکات
بەدەسرۆکەی چاوەڕوانی
فرمێسکی گوڵ ئەستێرە ئەسڕێ
تەتگی شامی غەریبانە
قاقای شەوە
کێڵگەی شەونم.. هەناسەی چنوور دروێنە ئەکات
باوکم شەق لەکاسەکەی ژێر دایکم هەڵئەداتو
کەس نازانێ
لەژێر شوقەلەتی کام ماڵە گەرمیانیدا
ژەنگ هەڵدێنێ
ئەو شەوە تا بەرە بەیان من قیژاندم
مامانەکە موستیلە پیرۆزەکەی نەنکمو
مووروویەکی شەوەی هێنا
بەسنجاقێك دای لەسەرم تا بێدەنگ بم
بەڵام ئەفسوس
لەو شەوەوە تاکو ئێستا
غەریبێکم کەس نامناسێ
سروودی یاخیبونێك

هەر لەکاسەی ژێر ژناندا سەدام هەیە [1]

دەنگی ژنانەی ئەم شاعیرە ئەدات بەگوێی باوکسالاریدا، باوکی بەچاوی پڕ فرمێسکەوە چاوەڕوانی بوونی ئەم دەکات، بەڵام ئەم کەبەمێیەتی لەدایکدەبێت بەبوونی ئەم دەکەوێتە ناو تراژیدیای خەمێکی قوڵی تۆقێنەرەوە، بۆیە ئەمیش لەڕۆژی لەدایکبوونیەوە گریانی خۆی ئەدا بەگوێی کۆمەڵگەو دەوروبەرەکەیدا، بێگومان شیعر بۆوریا کردنەوەی کۆمەڵانی خەڵکە لەو ناتەباییەی لەژیاندا هەیە. بۆ ئاشکراکردنی شتە دزێوەکانی ناو کۆمەڵ کەبوونەتە لەمپەر لەبەردەمی ژیاندا.. شیعر چەند پرسیارێکەبەرامبەر بەژیان، هەریەکێ لەو پرسیارانە ڕامانو وردبوونەوەی دەوێ ئەدۆنیس ئەڵێ ((ئەوەی شیعر دەیڵێ شوێنێکی هەمیشەیی ئەو پرسیارەیە کەبەرەو چەندین پرسیاری ترمان دەبات)) [1]. شاعیر لەهەمان دەقدا بێ پشتو پەنایی خۆی ڕادەگەیەنێ لەکۆمەڵگەیەکدا لایەنێکی ئەکتیڤ شك نابات... تەنیایی ئەم تەنیایی هەموو ژنانی کۆمەڵگەکەیەتی... کەسی تەنیا ئەو کەسەیە کەچارەسەری کێشەکانی پێ ناکرێت بەڵام ئەم بەبڕوایەکی پتەوەوە بەرامبەر بەدژەکەی دەوەستێتەوە.

لەو کاتەوە وەکو درەخت

[1] نەجیبەئەحمەد، مێژووی دارسێو، گۆڤاری ڕامان، ژمارە (11)، ل 116 .
[1] أدونيس، كلام البدايات، ص 207 .





چۆن ڕووتو قووت بەبێ گەڵا
لەڕووی زۆرداری زستاندا ڕائەوەستێ

ئاوا منیش
بەبێ چەك، بەدەستی پەتی
ڕوو بەڕوو بووم لەگەڵ یاسای خێڵ پەرستی
سەر داخستن[1]

شاعیروەك کەسێکی کارای کۆمەڵەکەی بیر دەکاتەوە، بەلایەوە شیعر ڕێکخستنەوەی ناسنامەی ڕەگەزە کۆمەڵایەتیەکانە ((شیعر ژیان لەبەردەم کێشەکان دادەنێو گیانی ململانێی ئەخاتەوە بەر، چونکە ئەگەر وانەبێت ئەرکەکانی خۆی بەجێناگەیەنێ شیعر مرۆڤ لەئازارەکانی ژیان ڕادەماڵێو دەیگەیەنێتە ئاستی ئارەزووەکانی ئەو مرۆڤەی کە لەئەندێشەو خەیاڵیدا دەژی))[2].

نەجیبەئەحمەد لەدەقی (مێژووی دارسێو)دا لا لەژنانی ئەنفال کراو دەکاتەوە کە لەو پرۆسە بەدناوەدا ژنی کورد چی بەسەر هاتووە، ئاوڕدانەوە لەو مەرگە ساتە سەرسوڕهێنەرە لەلایەن ژنان خۆیانەوە، بۆ ئەوەیە قسە لەسەر کێشەیەك بکەن بۆ داهاتووی ئەو منداڵو ژنانەی کە

[1] نەجیبەئەحمەد، مێژووی دارسێو، گۆڤاری ڕامان، ژمارە (11)، ل 116 .
[2] ئازاد عبدالواحید کریم، سۆسیۆ لۆژیایی شیعری کوردی، ل 22 .

لەنفالدا گیانو جەستەیان زەرەرمەند بووەو لەڕووی سایکۆلۆجیەوە نا ئارامو پڕ کێشەن، بەو پێیەی کەفیمنیزم بریتیە لەزانستی ژنناسی، دەبوو شاعیرانی ژن زووتر ئەم هەوڵەیان بدایەو زیاتریش بایەخیان پێبدایە.

ژنە نووسەری کورد لەبواری دۆزی ژنانو بزاڤی فیمینستیدا (کازیوە سالّح) دەڵێ ((ژنانی پاشماوەی ئەنفال پێویستیان بەبۆچوونێکی ژنانەو مرۆڤانەی جیاواز هەیە بۆ ڕزگار بوون لەو دۆخە چەقە بەستووە کەبەباوەڕی من فیکری فیمنیزم باشترین دەرفەتە بۆ ڕزگارکردنی ژنان لەو بارودۆخە، هەروەها هەڵبژاردنی فیکری فیمنیزم لەناو کوردا پێوستە بەرنامەڕێژییەکی نوێو گونجاوی هەبێت ژنی کورد پێوستی بەعەقڵی فیمنیزم هەیە بۆ ئەوەی لەونبوونو پارچە پارچە بوونەوە بیانگوێزێتەوە بۆ گیانێکی یەکگرتوو کەبەتەنگ کێشەکانی یەکەوە بڕۆن ))[1].

بەو شێوەیە ئەنفال لەدەقی (مێژووی دار سێو)دا پەڕینەوەی شیعری ژنانە لەباسە ئالۆزەکانی ژنان خۆیان بۆ چەمکێکی تر کەچەمکی ئەنفالە لەپێناوی قەرەبووکردنەوەی ئەو زیانە گەورەی کە لەشوناسی ژن کەوتووە لەو پرۆسەیەدا کە لەمێژوودا کەم وێنەیە.

نەجیبە ئەحمەد لە(مێژووی دار سێو)دا وێنەی کچۆڵەیەکی گەرمیانی ئەنفالکراو پیشان ئەدات کەقوربانی دەستی جەلادەو ناخی ڕەشی جەلاد وایکردووە کەئەم ببێتە قوربانی بەڵام لەئاکامدا ئەم کارە

(1) کازیوە سالّح، فیمینیستناسی و چڤاکی کوردی، ل 191 .





دزێوو قێزەونە مرۆڤایەتی لێ بەئاگا دێتەوەو بکەرەکانی ئەنفال ڕسوا دەکرێنو جارێکی دی ژیان نوێ دەبێتەوە.

کچۆڵەیەکی گەرمیانیت
لەئەنفال گەڕاویتەوە
ڕەفتەیەکی مۆری چڵکن لەملتایە
لارە ملیو هێشتا بۆنی لمت لێدێ
هیشتا گەردی دابڕانی گولەگەنمو
کێڵگەی پەپولە، پایزەو
بێستانی خەونی زڕاوت پێوەیە
باری مەینەت هیشتا لێوی بەرنە داوی
وەك شا ژنی دەریایەکی ئاو لێبداو
زمان لەدەمتا پەلاسە
بەڵام بێدەنگ
هێدی هێدی دێیتو خۆری ماتی سەر
ئەم گەردوونە مەزڵومە دائەگیرسێنیتو ئەڕۆیت [1]

(1) نەجیبەئەحمەد، مێژووی دارسێو، ڕامان، ژمارە 11، ل 116 .

بەو پێیە فیمنیزم سنور شکاندنە لەئاستی بێ دەنگی‌و ترس‌و دوو دڵی‌و کارکردنە بۆ دەربازبوون لەو گێروگرفتانەی کەژن بەدەستیەوە دەناڵێ دەتوانیین بڵێین دەنگی ژن لەشیعری ئەم نەتەوەیەدا دەنگی ڕاستی خۆیەتی کەتوانیویەتی بەرگری لەخۆی بکات‌و دۆزەکەی وەکو دۆزێکی مرۆڤایەتی بخاتەڕوو خۆی لەخودی کێشەکانی خۆی بدوێ‌و بەدوای چارەسەری ئەکتیڤ‌و گونجاودا بگەڕێت لەگەڵ ئەوەش کەدژایەتیەکی زۆر دەکرێت بۆ سەندنەوەی ئەو برە سەربەستیەی بەدەستیهێناوە هیچ نەبێ لەباری ڕادەربڕین‌و قسەکردنەوە زۆری لێدەکرێت پابەندی ئەو یاساو نەریتانە بێت کەمرۆڤ دەگەڕێننەوە بۆ سەدەکانی ڕابردوو ژنی کورد لەئاست ئەو تەوژمە سیاسی‌و ئایدۆلۆژیا جیاوازانەدا خۆی ڕاگرتوە، هەر بۆیە دەنگی فیمینیستی کورد لەشیعری کوردیدا بەرگریکردنە لەو خەسڵەتە مەترسیدارانەی کەچواردەورەی داوە.

لەو سۆنگەیەوە کەدەقی شیعری ڕاستگۆ دەربڕینێکی ڕەسەنە لەبۆچونەکانی مرۆڤو بەو مەبەستە بەکاردێت کەکەسەکان بەئامانجەکانیان بگەن‌و لەبەرژەوەندی کۆمەڵێشدا بێت، ((ئەرکی شاعیر ڕەنگدانەوەی سەردەمەکەیەتی‌و دەربڕی ژان‌و خواستەکانی کۆمەڵەکەیەتی)) .[1] مرۆڤایەتی بوونی ئەدەب لەسنووری بایەخدان بەکێشەکانی کۆمەڵدا فەراهەم دەبێت.

[1] ئازاد عەبدولواحید کریم، سۆسیۆ لۆژیایی شیعری کوردی، ل 87 .





هەر بەرهەمێکی ئەدەبی ڕەسەن لەنێو بازنەی ئەدەبدا دووبابەت لەخۆدەگرێت پەرەسەندنی بەرهەمی ئەدەبی لەکۆمەڵگەدا، پەرەسەندنی کۆمەڵ لەڕێگای بەرهەمی ئەدەبیەوە، چونکە هەردەقێکی سەرکەوتوو کەدەنووسرێتەوە چەند پێوەرو بەهای کۆمەڵایەتی لەخۆ دەگرێت‌و لەهەمان کاتیشدا خودویژدانی شاعیرو بۆچوونەکانی تێدا ڕەنگدەداتەوە کە لەمیانەیەوە گۆڕانکاری بەسەر کۆمەڵ‌و تاکەکانیدا دەهێنێ. شاعیران بەبناغەی پێوەرەکانی ئاکار دادەڕێژن، مانای ئاکاریش لەشیعردا بالآیی پێوەرە کۆمەڵایەتیەکانەو گواستنەوەی شیعریش لەجیهانێکی بەرتەنگەوە بۆ جیهانێکی مرۆڤایەتی بەرجەستە دەکات، شیعر گرێدراوی ژیان‌و واقیعی ڕۆژانەی مرۆڤەکانە .[1]

ئاشکرایە شیعری ئەمڕۆی ژنی کورد مۆرکێکی مرۆڤانەی پێوەیەو لەو قاوغە ڕزگاری بووە کەخۆی لەسەر شتە کۆنەکان دووبارە بکاتەو... بێ پەردەو بێ دوو دڵی‌و ترس‌و گومان بەجێدێڵێ‌و بەرامبەر بەو شمشێرانەش دەوەستێتەوە کەبەرەو ڕووی هەڵکێشراون... شیعری ژنی کورد خواستێتی لەو نیگەرانی‌و نامۆییە ڕزگاری بێت کە لەمێژە باڵی کێشاوە بەسەریدا چونکە ئەو دەزانێت لەکۆمەڵگەیەکدا دەژی شوێنەواری ئەشکەنجەدان‌و زەبرو زەنگ بەزەقی دیارەو لەواقیعێکی تفت‌و تاڵدا دەژی، بەو شێوەیە شیعرو ئەدەبیاتی فیمینیستی ئەدەبیاتێکە لەسەر بنەمای چۆنیەتی بارودۆخی ژنان لەکۆمەڵگەدا دێتە بەرباس، بارودۆخێك کە لەمەوبەر لەلایەن

[1] ئازاد عەبدولواحید کریم، سۆسیۆ لۆژیایی شیعری کوردی، ل 88 .

پیاوانەوە باسی لیٚ دەکراو ئیٚستاش ژنان بەباسکردنی کیٚشەکانیان‌و جیاوازی دانان هەست‌و بارودۆخە نا بەرامبەرەکانی خۆیان بەبەراوورد لەگەڵ پیاوان گوتاری ناڕەزایی بوون دیٚننە ئاراوە، ئەم ئەدەبیاتە تیٚدەکۆشیٚ بۆ وریا کردنەوەی ژنان سەبارەت بەمافە لەدەستچووەکانیان، لەپلەیەکی تردا ئەدەبیاتی فیمینیستی هەوڵدەدات بۆ ڕەخنەگرتن لەکۆمەڵگەی پیاوسالاری کە لەبنەڕەتدا داب‌و نەریتەکانی کۆمەڵگەش هەر لەم جۆرە ڕوانینە پیاوسالاریەدا پیٚکهاتووە، ((ئەدەبیاتی فیمینیستی بەشیٚکی هەرەگرنگی ئەدەبیاتی مۆدیٚرنە ئەم چەشنە لەئەدەب نزمی باو تیٚکئەشکیٚنیٚ‌و میتۆدو شیٚوەی تایبەت بەخۆی دەرئەهیٚنیٚ‌و ئەزموونی دەکات، ئەدەبیاتی فیمینیستی بەسەرنجدان بەپیٚویستیەکان ئەگەرە جۆراو جۆرەکانی ژیانی مرۆڤی هاوچەرخ لەهەناوی بەرهەمە هونەریەکەیدا دەبزویٚنیٚ))[1].

[1] بەکری تەمیزی، ئەدەبیات و فیمنیزم، گۆڤاری ئیٚمە، ژمارە ( 0)ی ساڵی 2006، ل66.

## ئـــەنجــــــام

لەکۆتایی توێژینەوەکەماندا، توانیومانە چەند ئەنجامێك بەدەستبهێنین، گرنگترینیان لەم خاڵانەی خوارەوەدا ڕووندەکەینەوە:

1. بەبۆچوونی زانایانو مێژوو نووسان ژن لەقۆناغەکانی کۆمۆنی سەرەتاییدا لەدۆخی دایکسالارییدا بووەو سەربەستیەکی فراوانی بەخۆیەوە دیوە، بەڵام بەتێپەڕبوونی ڕۆژگار ئەو سەربەستیەی لـێ زەوتکراوەو بەدرێژایی قۆناغەکانی کۆیلایەتیو دەرەبەگایەتیو سەرمایەداری چەوسێنراوەتەوەو لەژێرکاریگەری ستەمی پیاوسالاریدا بووە.
2. شۆڕشی مەزنی فەرەنسا ( 1789 – 1794)ز گۆڕانکاری بەسەر بوارەکانی ژیانی گەلی فەڕەنسادا هێناو بزافی ڕۆشنبیریش یەکێ بوو لەو بوارانەی کەگۆڕانو گەشەکردنی بەخۆیەوە بینیو بزافی ژنانیش بەهۆی شۆڕشەوە تەشەنەی کردووە، ژنانیش وەکو پیاوان گیانی فیداکاریو قوربانیان پێشکەشی ئەو شۆڕشە کردووە.
3. یەکەمین شەپۆلی فیمنیزم، لەساڵی (1848ز) لەئەمریکاوە دەست پێدەکاتو لەوێشەوە بۆ وڵاتانی تر تەشەنەی کردووە .





4. فیمنیزم چەندین قوتابخانەو تیۆرو لقو پۆپی لـێ بۆتەوەو لەهەرولاتێکدا بەپێی گەشەسەندنی باری سیاسیو کۆمەڵایەتیو ئابوری جێ دەستی دیارە.
5. هەربەشێك بێت لەجۆرەکانی فیمنیزم بریتیە لەبزوتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی فرە ڕەنگ خۆی بەکێشەو گیروگرفتەکانی ژنانەوە پەیوەست کردووە. بزوتنەوەیەکە لەدیدی ژنەوە لەجیهانو کۆمەڵگەو دیاردەکان دەڕوانێتو بەدوای چارەسەری پراکتیکیانەدا دەگەڕێ بۆ چارەسەرکردنی کیشەکانو بەیاسایی کردنی مافو داخوازیەکانیان.
6. لەڕوانگەی شیعری ژنانەوە بەتایبەتی لەدوای ساڵانی هەشتاکان ڕوانیومانەتە بزافی فیمنیزمو لەڕووی چەند دەقێکی شیعریەوە مامەڵەمان لەگەڵ بزافی فیمینزمدا کردووە دەنا فیمنیزم وەکو کاری تاکەکەسی یان ڕێکخراوەیی ژنان یان لەیەکێتی ژناندا خۆی دەبینیەوە کەئێمە لەو لایەنە نەدواوین چونکە کارەکەی ئێمە بریتیە لە(فیمنیزم لەشیعری کوردی)دا.
7. سەرهەڵدانو گەشەکردنی ئەدەبی کوردی لەلایەن پیاوانەوە بووەو ژن ڕۆڵێکی دیاری کراوی نییە لەو بوارەدا، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا چەند ژنە شاعیرێك ناویان لەلاپەڕەکانی مێژووی ئەدەبی کوردیدا هەیە هەرچەندە ناوی دیارو ناسراو نین، جگە لە(مەستوورەی ئەردەڵانی) کەژنە شاعیرو مێژوو نووسێکەو ڕۆڵێکی دیاری لەبواری

نووسینی مێژوویی‌و شیعری کوردیدا گێڕاوەو سەرنجی نالی بۆ لای خۆی ڕاکێشاوەو لەم ساڵانەی دوایشدا زیاتر بایەخی نووسین‌و بەرهەمی ئەو ژنە کوردە دیارخراوە لەدوای مەستورەش چەند دەنگێکی کەم لەئەدەبی کوردیدا دەبینرێ‌و هەتا ساڵانی پەنجاو شەستەکانی سەدەی بیستەم‌و لەو مێژووەش بەدواوە شیعری ژنان بەتایبەتی لەکوردستانی باشوردا جوڵەی تێ دەکەوێت‌و چەند ژنە شاعیرێك دەردەکەون، بەڵام ئەم دەنگانە هەتا ساڵانی هەشتاکانی سەدەی بیستەم دەنگیان هەمان دەنگی شاعیرانی پیاوەو بەرهەمەکانیان مۆرکی ژنانەی پێوە دیار نییەو بەلاوازی لاسایی شیعری پیاوان دەکەنەوە بەڵام لەدوای ساڵانی هەشتاو بەتایبەتی دوای ساڵانی نەوەدەکان شیعری ژنان گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە لەڕووی ڕووخسارو ناوەڕۆکەوە لەشیعری شاعیرانی بەر لەخۆیان جیاوازن‌و ژمارەشیان ڕووی لەزیادیە بەتایبەتی لەدوای ئەو مێژووەوە کەئاماژەمان پێدا ژنان خاوەنی دەنگی خۆیانن‌و هەندێ لەو دەنگانە هەوڵیانداوە کەشێوازێکی تایبەتی خۆیان هەبێت‌و چارەسەرێکی گونجاو بۆ کێشەی ژن بدۆزرێتەوەو دۆزی ژن وەکو کێشەیەکی گەورەی ناو کۆمەڵ سەیر بکرێت... دیارە ئەو دەنگە شیعریانە کەئێمە ئاماژەمان پێداوەو لێکۆڵینەوەمان لەسەر کردووە دەنگی ژنی فیمینیستی کوردە ئەمەش بەو مانایە نییە





کەهەر تەنها ئەو دەنگانە لەشیعری کوردیدا سەر بەبزافی شیعری فیمینستین.

## ســـەرچـــاوەکـــــــان

### 1. کتێبەکوردیەکان:-


- ئەنگلز، بنەچەی خێزانو خاوەندارێتی تایبەتو دەوڵەت،(و) لەئەڵمانیەوە کەریم مەلا ڕەشید، چاپخانەی تیشك.
- ئەوڕەحمان، چواردەی تەموز، لاپەڕەیەك لەشۆڕشی فەڕەنسا، چاپخانەی کامەرانی، سلێمانی، 1959.
- ئەبوبکر خۆشناو، کۆمۆنەی پارس، چاپی دووەم، سلێمانی، 2002.
- ئارام صدیق، دۆزی ژنو هەزارەی نوێ، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی، 2005.
- ئاوێزان نوری، بەرسیلەی ئەشقی بۆخودا، بڵاوکراوەی لقی یەکێتی نووسەرانی کورد، کەرکوك، 2005.
- ئازاد عبدالواحید کریم، سوسیۆلۆژیای شیعری کوردی، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، 2005.







- ئیحسان محەمەد ئەلحەسەن (د)، سۆسیولۆژیا لای مارکسو ماکس فیبەر، (و) دانا مەلا حسن، دەزگای چاپو پەخشی سەردەم، 2005.
- بابك ئەحمەدی، پێکهاتەو ڕاڤەی دەق، (و) مەسعود بابانی، چاپخانەی ڕەنج، هەولێر، 2004.
- بوار نورەدین، ڕەدووکەوتن لەکلتوری کوردیدا، ئینستیودی کەلەپوری کورد، سلێمانی، 2005.
- حومەیرا موشیر زادە، لەبزاڤەوە تا تیۆری کۆمەڵایەتی، (و) موراد حەکیم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، 2005.
- خورشید بابان، دارەوەن، دەزگای ڕۆشنبیریو بڵاوکردنەوەی کوردی، بەغداد، 1988.
- خالید دلێر، ستەم کردن لەحاجی قادری کۆیی، چاپخانەی سەفوەت، سلێمانی، 1988.
- دیوانی بێکەس، پێشەکی: محەمەدی مەلا کەریم، چاپخانەی الادیب، بغداد، 1980.
- دیوانی پیرەمێرد، فایەق وشیار، بەرگی یەکەم،وەزارەتی ڕۆشنبیری ڕاگەیاندن، بەغداد، 1980.
- دیوانی حاجی قادری کۆیی، سەردار حمید میران، کەریم شارەزا، ئەمینداریتی گشتی ڕۆشنبیریو لاوان، هەولێر، 1986.

- ديوانی شێخ نوری شێخ ساڵح، کۆکردنەوەو لەسەر نووسینی ئازاد عەبدولواحید، ئەمینداریێتی گشتیو ڕۆشنبیری لاوان، سلێمانی، 1989.
- دیوانی کەژاڵ ئەحمد، بەڕێوەبەرایەتی گشتی چاپو بڵاوکردنەوە، سلێمانی، 2006.
- دیوانی گۆران، کۆکردنەوەو پێشەکی محەمەدی مەلا کەریم، چاپخانەی کۆڕی زانیاری، بەغداد، 1980.
- دیوانی مەستوورە، ماجد معروف، دەزگای چاپو پەخشی ئاراس، هەولێر، 2005.
- دیوانی نالی، مەلا عبدالکریم مدرسو فاتح عبدالکریمو محمدی مەلا کریم، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغداد، 1976.
- دیوانی مەلای گەورە، عبدالخالق علا الدین، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین، کوردستان، 2005.
- سارای فەقێ خدر، سێبەری شاتووەکان، چاپخانەی ئۆفسێتی ڕوناکبیری، سلێمانی، 2002.
- شیرین، ك، کەنارەکانی خەون، بڵاوکراوەی بنکەی گەلاوێژ، سلێمانی، 1999.
- صدیق بۆرەکەیی، مێژووی‌وێژەی کوردی، چاپخانەی چهر نیدیز، بانە، 1370.







- عیزەدین مستەفا رسول (د)، ئەدەبیاتی نوێی کوردی، چاپخانەی خوێندنی باڵا، سلێمانی، 1990.
- عوسمان دەشتی، هێمن ناوەڕۆکی شیعری سیاسی‌وکۆمەڵایەتی، سلێمانی، 2003.
- عەلی گاهر حسین، کاریگەری ڕوانگە لەنوێ کردنەوەی ئەدەبی کوردیدا، ماستەر نامە، سلێمانی، 2000.
- فەرهاد پیرباڵ (د)، ڕێبازە ئەدەبیەکان، ئامادەکردن‌ووەرگێڕانی لەفەرەنسیەوە، دەزگای چاپو بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر، 2004.
- کمال مەزهەر ئەحمد (د)، ژن لەمێژوودا، کورتە باسێکی کۆمەڵایەتی، چاپخانەی الحوادپ، بغداد، 1981.
- کوردستان موکریانی (د)، شیعری ژنانی کورد، چاپخانەی کوردستان، هەولێر، 1985.
- کوردستان موکریانی (د)، نا بۆ شوێن کەوتەیی، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، 2002.
- کەژاڵ ئەحمەد، کتێبی ژن، دەزگای پەخشی سەردەم، سلێمانی، 1999.
- کەژاڵ ئەحمەد، بەندەری بەرمۆدا، چاپی یەکەم، سلێمانی، 1988.

- کەژاڵ ئیبراهیم خدر، گریانی وەنەوشەکان، چاپو ئۆفسێتی بەشی ڕوناکبیری، مەکتەبی ڕێکخستن، سلێمانی، 2002.
- کنێر عبدوڵا، ژن لەبازنەیەکی داخراودا، چاپخانەی تەوار، سلێمانی، 2005.
- کازیوە صالح، فیمینستناسیو جڤاکی کوردی، دەزگای چاپو بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر، 2005.
- گریس هارمان، مارکسیزم چۆن کاردەکات، (و) محەمەد وەسمان، بڵاوکراوەکانی سەنتەری ڕۆشنبیری مارکسی، هەولێر، 2005.
- مەهاباد قەرەداغی، ئازادکردنی مێژوو، چاپی دووەم، دەزگای چاپو پەخشی سەردەم، سلێمانی، 2004.
- مەهاباد قەرەداغی، شەرەف نامە، چاپی دووەم، سلێمانی، 2004.
- مەستوورەی کوردستانی، مێژووی ئەردەلان، (و) حسێن جافو شوکر مستەفا، دەزگای ڕۆشنبیریو بڵاوکردنەوەی کوردی، بەغداد، 1989.
- مەستوورەی ئەردەلانی، بیر ئانینی مەستوورە، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر، 2005.
- مینۆرسکی، (و) بۆ عەرەبی (د. مارف خەزنەدار)، (و) بۆ کوردی (حمە سعید حمە کریم)، چاپخانەی زانکۆی صلاح الدین، هەولێر، 1984.







- موسا ئیبراهیم (د)، فیکری سیاسی خۆرئاوا لەماکێڤیلیەوە تا مارکس، (و) شوان ئەحمەد، ساڵی 2005.
- نەوشیروان مستەفا، کوردو عەجەم، دەزگای چاپو پەخشی سەردەم، سلێمانی، 2005.
- نەوشیروان مستەفا ئەمین، لەپەراوێزی مێژووی ئەردەلاندا، چاپخانەی ئۆفسێتی بابان، سلێمانی، 1999.
- نورە فرەج المساعد، فیمنیزم، (و) عەبدوڵلا تاهر، چاپخانەی یاد، سلێمانی، 2006.
- نەزەندی بەگیخانی، دوێنێ سبەینێ، کۆمەڵەی هونەرە جوانەکانی کورد لەفەڕەنسا.
- نەوال سەعداوی (د)، ڕووخساری ڕووتی ژنی عەرەب، (و) زەروا، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، 2006.
- هەڤاڵ کوێستانی، ژنو ژانی لەدایك بونێکی نوێ، چاپخانەی ڕابەر، سلێمانی، 1979.
- هەژار، مێژووی ئەردەلان، دەزگای چاپو پەخشی سەردەم، هەولێر، 2005.
- هیوا عەزیز، ڕەنگدانەوەی بیری لیبرالی، چاپخانەی یاد، سلێمانی، 2006.
- لوتفیە ئیبراهیم سالح، هەندێ لەبیرەوەریەکانی خاتوو بەهیە مەعروف بەرزنجی، وەزارەتی ڕۆشنبیری، سلێمانی، 2002.

- لنين، رۆلّى ژن لەكۆمەلّگەدا، (و) ئەحمەد محمد ئابلاخى، سلێمانى، 1988.


## 2. كتێبەعەرەبيەكان :–


- أدونيس، كلام البدايات، دار الاداب، بيروت – گ 1، 1989.
- جاستون باشلار، جماليات المكان، ترجمه (غالب هلسا)، دار الجاحڤ للنشر، بغداد، 1980.







- جون ستيوارت مل، استعباد النساو، ترجمه، ا، د، امام عبدالفتاح امام، مكتبه مدبولى، القاهره، 1998.
- حسين على پانوف، عبدالله گۆران الشاعر الكردى المعاصر، ترجمه (شكور مصگفى)، مگبعه دار الجاحڤ، بغداد، 1975.
- رچا الڤاهر، غرفه فرجيناولف، دراسه فى كتابه النساو المرى، سوريا، 2001.
- روجيه غارودى، مستقبل المرأه، ترجمه (د. محمود هاشم)، دار الحسوار للنشر، سوريه، 1985.
- رامان سلدن، النڤريه الٲدبيه المعاصره، بيروت، 1996.
- سى، دى لويس، العصوره الشعريه، ترجمه (د. احمد نصيف الجنانى و اچرون)، دار الرشيد الجمهوريه العراقيه، 1982.
- سيمون دى بوڤار، الجنس الٲخر، المكتبه الحديپه للگباعه و النشر، بيروت – 1977.
- سوزان واليافر، دليل اوكسفام للتدريب على الخبر، ترجمه (معين الٳمام)، يبروت – 1977.
- (د)گاهر حسو مير الزيبارى، دور المرأه الكرديه فى مشاركه السياسيه، دار اراس لگباعه و النشر، أربيل، 2006.
- (د) شوكرى عزيز الماچى ، فى النڤريه الٲدب، دار الحداپه لبنان، بيروت، 1985.

- (د)عيزالدين مصگفى رسول ، الواقعيه فى الّدب الكردى، منشورات المكتبه الحريه، صيدا، بيروت.
- عبدالله محمد العزامى، المرأه و اللغه، بيروت، 1995.
- عزيز السيد جاسم، المفهوم التأريخى لقچيه المرأه، الگبعه الاولى، بغداد، 1986.
- للينين و اخرون، المرأه و الاشتراكيه، ترجمه و تقديم (جورج گرابيشى)، بيروت، 1970.
- ماركس و أخرون، المرأه فى التراپ الّشتراكى، ترجمه (جورج گرابشى)، دار الگليعه للگباعه و النشر، بيروت، 1977.
- (كتێبى فارسى) جين فريدش، فيمنيزم، ترجمه (فيروز مهاجر)، 1981.


4. گۆڤارو ڕۆژنامەکان :-






- ئەحمەدی مەلا، دەقە مەرجانیەکان، گۆڤاری ڕامان، ژمارە ( 60)ی ساڵی 2001.
- ئەرخەوان (ژن)، پاشکۆی ڕۆژنامەی هەواڵ، ژمارە ( 21)ی ساڵی 2005.
- ئەریك فرۆم، (ژن – پیاو)، (و) لەئینگلیزیەوە شاسوار کمال محمود، گۆڤاری ئایدیا، ژمارە (7)ی ساڵی 2006.
- بەکری تەمیزی، ئەدەبیاتو فیمنیزم، (و) کاوە قورەیشی، گۆڤاری ئێمە، ژمارە (0)ی ساڵی 2006.
- تابان کەمال عەلی، بزوتنەوەی خەباتی ژنان، گۆڤاری ئایندە، ژمارە (11)ی ساڵی 2002.
- جەلیل کاکەوەیس، بەرەو پیافرەت کردنی دەستەڵات، ڕامان، ژمارە (55)ی ساڵی 2001.
- (د) حسن جاف ، خەوی نالیو وەڵامی مەستوورە، گۆڤاری بەیان، ژمارە (147)ی ساڵی 1988.
- ڕۆهام ئاڵا کرم، یەکەمین ڕێخراوی ژنی کورد لەئەستەمبۆڵ، (و) پەروین صالح، گۆڤاری تەوار، ژمارە (9)ی ساڵی 2002.
- زاهیر لەتیف کەریم (د)، پیاچوونەوەیەکی خێرا، گەلاوێژی نوێ، ژمارە (34)ی ساڵی 2004.
- سەعید بەشیر (د)، شۆڕشی فەڕەنسای دیموکراسی، (و) یاسین سەردەشتی، گۆڤاری هەنگاو، ژمارە (4)ی ساڵی 2005.

- سۆزان مامە، فیاگا، گەلاوێژی نوێ، ژمارە (17، 18)ی ساڵی 2000.
- سەباحەت تاهیر، هەواڵی ژنانی وڵاتانی خەم، گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ، ژمارە (37)ی ساڵی 1975.
- شێرزاد حەسەن، ئەفسانەی ماڵ شوێنی شیاوی خێزان، گۆڤاری ڕەهەند، ژمارە (18، 19)ی ساڵی 2006.
- شنۆ میهر پەروەر، سەرهەڵدانو جۆراو جۆری ڕێبازە فیمینستیەکان، بەشی یەکەم، ڕۆژنامەی کوردستان، ژمارە (445)ی خەرمانانی 1385.
- شەهلای دەباغی، ژنانی شاعیرو دیسکوسی فیمینیستی، گۆڤاری تێکست، ژمارە (5)ی ساڵی 2004.
- شیرین – ك، چاوپێکەوتن، گۆڤاری تەوار، ژمارە (13)ی ساڵی 2006.
- عەلی مەحمود، چەند سەرە قەڵەمێك لەسەر چەند بابەتێکی ئاینی، گۆڤاری بیری نوێ، ژمارە (32)ی ساڵی 2004.
- عەبدولقەهاری شێخ، ژن وەك دەقێکی ئەدەبی، گۆڤاری ڕامان، ژمارە (72)ی ساڵی 2002.
- فاچل مەجید، چەمکی ژنو پەیوەندی بەنەریتە کۆمەڵایەتیەکانو دەرونیەکانەوە، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی ژمارە (17)ی ساڵی 2006.







- (د) کوردستان موکریان ، دەنگی ژنی کورد لەهۆنراوەکانیدا، گۆڤاری بەیان، ژمارە (63)ی ساڵی 1980.
- کەریم شارەزا، سەرهەڵدانی شیعری سیاسی کوردی لەنێوان خانیو حاجی قادری کۆیدا، گۆڤاری نووسەری کورد، ژمارە (9)ی ساڵی 1989.
- کامەڕانی پارسی نەژاد، فیمینیستی ئەدەبی لەڕۆژئاوا، (و) عەتا جەمالی بۆکانی، گۆڤاری هەنگاو، ژمارە (10)ی ساڵی 2006.
- گێردا لێرنەر، ژنانو مێژووی سەرهەڵدانی باوکسالاری، (و) لەفارسیەوە شوان حمەخان، گۆڤاری کاروان، ژمارە (173)ی ساڵی 2003.
- مەریوانوریا قانع، سەرەتایەك دەربارەی فیمنیزم، گۆڤاری ڕەهەند، ژمارە (18، 19)ی ساڵی 2006.
- مەریوان وریا قانع، شیعرو مەرگ، گۆڤاری سەردەمی ڕەخنە، ژمارە (4)ی ساڵی 2004.
- مەعسومەی موسەوی، کورتە مێژوویەکی تیۆرە فیمینستیەکان، ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژمارە (3641).
- محەمەدی مەلا کریم، خەباتی شیعری کوردی لەپێناوی ئازادی ژندا، گۆڤاری بەیان، ژمارە (26)ی ساڵی 1975.
- نەجیبە ئەحمەد، مێژووی دار سێو، گۆڤاری ڕامان، ژمارە (11)ی ساڵی 1997.

- (د) نەسرین فەخری ، هیوای نەمر، گۆڤاری ڕامان، ژمارە ( 55)ی ساڵی 2000.
- هاشم ئەحمەد زادە، ڕۆمانی کوردیو ژنانی ڕۆمان نووس، گۆڤاری سیف، ژمارە (1)ی ساڵی 2005.
- هاشم سەراج، دەقە مەرجانیەکانی لیلیپ گۆڤاری ڕامان، ژمارە (60)ی ساڵی 20001.
- هەتاو محەمەد صالّح، بزوتنەوەی فیمنیزم لەکوردستاندا بەچ ئاڕاستەیەکدا دەڕوات، ڕۆژنامەی پێگە، ژمارە ( 13)ی ساڵی 2004.






## ملخص البحپ


فى الّدب الكردى قد لا يتوفر بحپ اكاديمى فى حقل النقد للحركه النسويه، لاسيما فى المجالات التى تتعلق بالمفهوم الشعرى، لژا فقد وقع أختيارى على هژا الموچوع لاهميته، اژ ركز البحپ فى معالجته على المنهج التحليلى، فجاو البحپ مؤلفا من مقدمه و پلاپه فصول وخاتمه عَرَّچت اهم النتائج.

الفصل الاول مؤلف من مباحپ پلاپه، تناول المبحپ الاول التغيرات التى گرأت على الجانب الاجتماعى والانسانى مع الاشاره الى ئَراو وگروحات العلماو والمؤرخين،وبعد ژلك تحدپنا عن ما گرأ من تغير فى حاله المرأه.

وفى المبحپ اپانى، تناولنا اپوره الفرنسه وتأپيراتها على الشعب الفرنسى دون ان ننسى دور المرأه وتحدپنا و بصوره عامه عن التچحيات التى قدمتها المرأه قبيل قيام اپوره الفرنسيه، فى المبحپ اپالپ ركز البحپ اهتمامه على الحركه النسويه وما رافقتها من مدارس ونظريات ژات العلاقه الوپيقه بالحركه النسويه.

الفصل الپانى خُصص للحديپ عن الشعراو من الرجال الژين اهتموا بقچيه المرأه، أمّا الفصل الپالپ فقد جاو مؤلفا من مباحپ پلاپه هى: ففى المبحپ الّول تحدپنا عن نشاگ المرأه ولاسيما محاولاتها لّسترجاع حقوقها المغتصبه، وفى المبحپ الپانى تحدپنا عن الشاعره والمؤرخه (مەستووره ئەردەلانى) التى تعدّهُ واحده من الاسماو المعروفه فى الميدان الپقافى الكردى. والمبحپ الپالپ خصص للحديپ عن مفهوم الحركه النسويه فى أشعار و قصائد الشاعرات وخصوصا فى ستينيات القرن العشرين ولغايه تسعينيات القرن نفسه..

وفى الخاتمه عرچنا أهم النتائج التى توصل اليها البحپ.

to regain their usurped rights. The second part is devoted to the poetess and historian Mastura Ardalani for her outstanding role in Kurdish culture. The third part، however، tackles feminism in women poetry، particularly from the sixties to late nineties of the twentieth century.

Finally، we have listed points conceded from the study with a bibliography.

## ABSTRAACT

So far، Kurdish literature has hardly witnessed a critical academic study on poetry with a feminist orientation. This explains why we selected the topic and developed it in this dissertation. Moreover، we have adopted an analytical approach to carry out the study which of introduction، these chapters and conclusions.

Chapter one is made up of three parts. The first part discusses the change brought about in human society with reference to views expressed by scholars and historians in this connection. There are also references to changes made in women condition. The second part deals with the French Revolution and its impact on the French people with specific reference to the role played by women and the sacristies they made to the Revolution. The





third part parts treats of feminist concept and a number of schools، trends and theories affiliated with feminist movement.

Chapter two is devoted to poetry written by male poet treating of women cause، and the emancipation of women.

Chapter three also consists of three parts. The first covers women movements، especially، their efforts